# ڕۆحی مەولەوی

وەرگێڕانی

**پیرەمێرد**



پێشەکی و سەرپەرشتی
لە چاپدانەوەی

**محەمەد حەمە باقی**

Adil Lateeb Mawlewi
18/5/2020

# رۆحی مەولەوی

## گۆڕینی پیرەمێرد

پێشەکی و سەرپەرشتی لەچاپدانەوەی

محەمەد حەمە باقی

MAWLAWI.KRD

ناوی کتێب : ڕۆحی مەولەوی

گورینی : پیرەمێرد

پێشەکی و سەرپەرشتی لە چاپدانەوەی :

محەمەد حەمە باقی

چاپی سێیەم : ۱۳۷۳ی هەتاوی

۱۹۹۳ای زایین

تابلۆی بەرگی دەرەوە : هونەرمەند :

حەمید (سنە)

خەتی بەرگی ناوەوەو دەرەوە : هونەرمەندان :

عوسمان چوگلی و شەهرامی شەمسی (سەقز)

تیراژ : ٢٠٠٠

# پێشەکی

## محەمەد حەمە باقی

کامە پەری و ئەوینی نهێنی و ئەفسانەیی بوو ، هەر لـــــە سەرەتای تەمەنی مەولەوی-یەوە ، دەستیان لە دڵە ئاسکەکەی وەشاندو، هەموو عومری مەولەوی - یان نوقمی ئەوینێکی سەرومڕ و بێ برانەوەی سرووشت و زێدەکەی کرد ، کە هەر بەگڕ و کڵپەی هەمان ئەوینیشەوە، باوەش بەشیعردا بکات و ، خۆی بەمیراتگری قەبالەی ئەدەبێکـــی تەمەن درێژی دیالیکتی (گۆرانی) بزانێ و، لەماوەیەکی کورتـــــی تاقیکردنەوەی شیعریا ، لەیەک کاتدا : لەلایەکەوە توانی رووبـــەری جوگرافیای جەماوەری ئەم شێوەزمانە فراوانتر و شیرینتر بکات وەلە لایەکی تریشەوە ، لەناو ئەم جوگرافیایەدا ، نەخشەیەکی تایبەتمەندو جیاواز ، بۆ خۆی دیاری بکات ، کەشیعری کوردی ، لەسەر دەستـی ئەمدا ، بالاتر هەڵچێ و ، هەموو کۆڵەکەکانی ئیستاتیکای شـــیعر، تازەگەرییان بەسەردا بێت و، جوانیی و نەمریی هەتا هەتاییبدات بەشیعر ...!؟!؟ .

ئەگەر ئەم پرسیارە چڕانە ، تائێستا لەلایەن رەخنــە گران و توێژەروان و شیعرناسانی کوردەوە ، بەتەواوی وەڵام نەدرا بێتنەوە و پلە و پایەی و شوێنی مەلەوی لەئەدەبی کوردی و، لەبواری نـــرخ شناسیدا دەستنیشان نەکرابێ ، مانای وانییە ، مەولەوی پەیامەکەی

خۆی بەناتەواوی دا وە تە دەست نە وە ی دوای خۆی . . بەڵکو بە پێچەوانە وە نە وە ی دوا ی مە ولە وی و، بە تا یبە تیش لە م حە فتا سا ڵە ی دوا ییدا ، کە کا روبا ری بە سە رکردنە وە ی شا عیرا نی کلاسیکما ن و، نا سا ندنیـــــا ن، کە وتوونە تە بە ر رووناکیی و، لە هە ما ن کا تیشدا ، کە گوژمو هە نگـــا وی خێرا ی رە خنە ی با بە تی و زا نستیا نە ی ئە ذە بیی ، لای گە لانی دوور و درا وسێکا نما ن ، لە بە رە و پێش چووندا ن . . ئە وە ی دەربارەی مە ولە وی بۆ نـە وە ی نوێ نا سا ندرا بێ ، چە ند تە قە للایە کی نا وبە نا و بوون[1] ، کە لە عودە ی ئە م کورتە نووسینە ی مندا نییە ، ئە و نووسینا نە بە ســـە ر بکە مە وە و ، هە ڵیا ن سە نگێنم . . بۆیە ئە گە ڕێمە وە بۆ مە بە ســـت و، ئە ڵێم : قە وا رە ی ئە و نا سا ندنە ی لە م حە فتا سا ڵە ی دوا ییدا ، بـــۆ مە ولە وی کرا وە ، هێشتا بە ئە ندا زە و قە وا رە ی ئە و نا سا ندنە نییە ، کە مە ولە وی لە سە ردە می ژیا نی خۆیدا ، بە خۆیە وە دیوە و، بۆی کرا وە . . .

---

(1) : تە قە للا دیارە کا نی ئە م مە یدا نە ، لە نا و چە ندا ن کورتە وتار و نووسینـــی را گوزا رییا نە دا (جگە لە م کتێبە ی بە ر دە ستتا ن) ، ئە ما نە ن:

- گۆرا ن : مە ولە وی و شیعری مونا سە بە ت ـ گۆڤا ری هە ولێر ، ژما رە (٨ تا ١٠) ١٩٥١ز .
- گۆرا ن : یا دی پیرە مێرد ـ بە غدا ـ ١٩٥١ز ـ چا پخا نە ی مە عا ریف ـ ل ٧٣ تا ٨٢.
- مێژووی ئە دە بی کوردی ـ عە لائە دین سە جا دی ، بە غدا ـ ١٩٥٢ز .
- دیوا نی مە ولە وی ، کۆکردنە وە و، لێکۆڵینە وە و، لێکدا نە وە و، لە ســـــە ر نوسینی مە لا عە بدولکە ریمی مدرس ـ بە غدا ـ ١٩٦١ز .
- دیوا نی مە ولە وی ، وە رگێڕا نی بۆ سۆرا نی : محە مە د ئە مین ئە ردە ڵانـــی ـ بە رگی یە کە م ـ بە غدا ـ ١٩٩١ز .
- میهرە جا نی مە ولە وی ، کتێبخا نە ی ژما ە (١)ی گۆڤا ری(رۆشنبیری نـــوێ ـ بە غدا ـ چا پخا نە ی الزما ن ـ ١٩٨٩ز .
- ئە نوە ر قا در محە مە د ـ لیریکا ی شا عیری گە ورە ی کورد ـ مە ولـــــە وی ـ ستۆکهۆلم ـ ١٩٩١ز .
- کۆنگرە ی مە ولە وی/سە قز/٨ تا ١٣٧١/٧/١٠ ی هە تاوی(٢٩تا ٣١/٨/١٩٩٢ز) .

چونکە مەولەوی هێشتا خۆی لەژیاندا بووە، کەلەلایەکەوە: وەک شاعیرێکی هەرە گەورەو دیار، لەلایەن تێکڕای شاعیرانی دیالێکتی گۆران ـ ەوە، بەسەر کراوەتەوەو، لێی ئالاون و، وەک رابەرێکی شیعریی و، ناوەندێکی ئەدەبیی، خۆشیان ویستووەو، نامەی شیعرییان لەگەڵدا ئالوگۆڕ کردووە.. لەلایەکی تریشەوە، وەک مرۆڤ لەهەموو شاعیرانمان زیاتر، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز بووەو، نامەگەلێکی زۆری لێ جێماوە، کەبۆ دۆستگەلێکی سەربە توێژو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ نووسیوێتی و، ئەیسەلمێنن کە چ لای جەماوەری هەژاری ناوچە دواکەوتووەکەی و، چ لای پیر و پیرزادەکانی و، چ لای زانایان و، چ لای میرانی بابان و، بەتایبەتیش لای میرانی ئەردەڵان و تەنانەت لای سەرانی قاجار ـ یشەوە، بەکەسێکی زاناو رەوشت بەرز و خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز، سەیری کراوەو، جێگەو رێزی تایبەتی هەبووەو، پلەو پایەی مەزنیان بۆ داناوەو، لەم مەیدانەشدا گەلێ جار تکای لێکراوە وەک ریش سپی و ناوبژیکار، بۆ بڕانەوەی گەلێ کێشەی کۆمەڵایەتی و ئایینی، بێتە مەیدانەوەو قسەی خۆی بکات و، لای هەردوو میرانی بابان و ئەردەڵانیشەوە پێشنیاری بۆ کراوە، بچێتە پایەتەخت و شارە گەورەکانیانەوەو، لەسەر فەرمانی (غولام شاخان) ی میری ئەردەڵانیش، لەئاهەنگێکی پڕ تەدارەکدا، بەرەسمی، لەقەبی(مەولەوی) پێدراوە..[2] دیسان هەر ئەم شازادەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کەلەباوەش دایکێکدا گەورە بووە، سەدان فرسەخ، لەزێد و زمانی مەولەوی ـ یەوە دوورە، کەچی ئەوەندە عاشق و هۆگر و سەراسیمەی شیعری مەولەوی بووە، نەک هەر بەدیالێکتی (گۆرانی)، بەڵکو سەیر لەوەدایە، بەشێوەزمانی ناوچەی(تاوەگۆزی)

---

(٢): مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی ـ چاپی دووەم ـ بەغدا ـ ١٩٧١ز ـ ل ٢٨١.

**شیعری لەگەڵ مەولەوی دا ئاڵوگۆڕ کردووە ! .**[3]

ئەم جێگەو ڕێزە ئەدەبیی و کۆمەڵایەتییەی مەولەوی ، دیاردەیەکی ئەوەندە پڕ سەروەرییە بۆ ئەدەبەکەمان ، کە پێشینەی نەبووە و، شاعیرێکی ترمان نییە ، ئەوەندەی مەولەوی ، ئەم شکۆ و مەزنایەتییەی بەخۆیەوە دیبێ .. سەرەڕای ئەمەش ، ئەوەی جێی دڵخۆشییە ، ئەم دیاردەیە ، ئەوەندەی تاڵەموویەک، شاعیرێتی و کەسایەتی مەولەوی ـ یان نەبردووە بەرەو لەخۆ بایی بوون و، چاوـ برینە پلەو پلیکانەی خۆ بەرزکردنەوە ، لەسەر حسابی ناوبانگ و شاعیرێتی خۆی ... یان نەوی کردنی سەری بڵندی شیعر ، لەبەر ئەم دەربارێکدا ... بەڵکو لەکۆ کردنەوەو ، هاوئاهەنگی کردنی ئەم دوو جۆرە پەیوەندییەدا ، ڕۆژ دوای ڕۆژ ، خۆشەویستی خۆی و، شیعری ، زیاتر و زیاتر ، لەبازنەیەکی بەربڵاوتردا ، قووڵتر و داکوتاوتر بردووە .. بەجۆرێک لای شاعیران و، شیعر دۆستانی ، بۆتە ڕەمزێکی درەوشاوەی ئەدەبیی ، کە شیعر، سەرباری پەیامی ئەدەبییەکەیشی ، لەعاست بەرزکردنەوەی چێژی چەشتنی ڕۆحیی و هونەریی ، لەپاڵیشیا ، لەخەم و خەونی خەڵک نزیک ببێتەوەو ، دەستە دەستە ئالوودەی شیعر ببن ...

یەکەمین کەسێ ، کەلەم حەفتا ساڵەی دواییدا ، دەست پێشکەری نرخاندنی ئەم پلەو پایەیەی شیعری مەولەوی بووە ، شاعیری گەورەمان (پیرەمێرد) بووە ، کە بەپشوویەکی درێژ و ڕەنجێکی کەم وێنەوە ، بەیارمەتی(مەلاعەبدولڵای مەریوانی) و (گۆران) ی شاعیری مەزن، سەرجەمی شیعری مەولەوی ، لەدیالیکتی(گۆرانی) یەوە ، کردووە بە دیالیکتی کرمانجی خواروو ، واتە (شێوەی سلێمانی) و ، لەدوو بەرگدا

---

(٣) : یادی مەردان ـ بەرگی دووەم ، مەلاعەبدولکەریمی مدەڕس ـ بەغدا ـ ١٩٨٣ از

بەرو دوا ، لەساڵی ١٩٣٥ز- و، ١٩٤٥ز- دا ، چاپ و بڵاو کردەوە ،کە ئەم دیوانەی بەر دەستتانەو، ناوی ناوە : (ڕۆحی مەولەوی) ...

هەرچەندە وەک پیرەمێرد - یش خۆی ئەڵێ هێشتا بەشی بەرگێکی تری ما بوو، کە چاپ یکرێ ، بەڵام بەداخەوە لەشوێنەواری هەمیشە سەوزی پیرەمێرد - دا ، کەس باسی پاشماوەی ئەم یادگارە : (ڕۆحی مەولەوی) ناکات !! .. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەقەللایەی پیرەمێرد، یەکەمین هەنگاوێک بووە ، بۆ ئەوەی شیعری مەولەوی لەناوچەی تەریک و چەپەکی شێوە دیالیکتی(گۆرانی) یەوە ، بهێنرێتە ناوچەیەکی بەربڵاوتری خوێندەوارانی ئێستاوە ، کەوەک (پیرەمێرد ) خۆی لەپێشەکی ئەم وەرگێڕانەدا ئەڵێ: لەقەلای زاڵمی(زەڵم ) وەک تاڤگەکەی زەڵم ، کێشامە دەشتی شارەزووری ئەدەبیاتی کوردەوە .. یان وەک شاعیری گەورەو مەولەوی ناسی زرنگ (گۆران)، هەر سەبارەت بەم کارە ، ڕووی دەمی ئەکاتە (پیرەمێرد) و، ئەڵێ : (بەمە ، لە هەمان کاتا ، گیانێکی تازەو نەمرت کرد بەبەر ئەم شێوەیەدا .. ڕێگات کردەوە بۆ تینووەکانی شیعرو ئەدەبی ئەم شێوەیە ، کە دەم بنێن بەسەرچاوەی هەرە ڕوون و هەرە پاکی ، بەڵکو هەموو خاکی کوردستانەوە ..)[4]! چونکە بەر لە(پیرەمێرد )، شیعری مەولەوی ، هەر بەدیالیکتی(گۆرانی) ، لای خوێندەوارانی ئەو شێوە زمانە ئەناسرا .. لەهەمان کاتیشدا چونکە شیعری مەولەوی ، باوەشێکی پڕ سەوداو سەمەرەی مەولەوی - یە ، بەخاک و نیشتماندا ، کە ئەم لکان و نووسانە پڕ ئەوینەی ، پێناسەیەکی تایبەتمەندو دەگمەنیان داوە بەمەولەوی ، کەلەناو سەرجەمی شاعیرانماندا ، شیعری هیچیان ، ئەوەندەی شیعری مەولەوی ، بۆنی نیشتمانیان لێ نایەت . .شیعری مەولەوی نوقمی خەم و خەندەی

---

(٤) : یادی پیرەمێرد - بەغدا ، چاپخانەی مەعاریف - ١٩٥١ز - ل ٧٨ .

نیشتمانە .. بۆنی نیشتمانە .. وەک چۆن بە دیتنی گوڵی نێرگز، بۆنی بەهار ئەکەین، بە شیعری مەولەوی ـ ش، بۆنی خاکی مەولەوی ئەکەین ..! ئەم بۆنەیشی ئەوەندە شاعیرانەو هونەرمەندانە ئاوێتەو ئاخنراوی شیعرەکانی کردووە، رووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانی پێکەوە جۆشداوە .. لە رووخساری هیچ شیعرێکیا (ئایدیا) هاوار و ژاوەژاوی دروشم پیا هەڵدان ناکات .. بۆیە لە شیعری سەرزومری ئەو شاعیرانەشماندا، کەلە ریزی پێشەوەی دڵدارانی نیشتمانن، شیعری کەسیان، ئەوەندەی شیعری مەولەوی، عەشقی نیشتمانیان لە هەناویاندا هەڵنەگرتووە .. ئەگەریش هەڵیان گرتبێ لە رووخساری شیعرەکانیاندایە .. نەک لە سەرلەبەری ناوەرۆکدا ... چونکە کەسیان ئەوەندەی مەولەوی، شارەزای خەم و خەونی نیشتمان نین .. کەسیان ئەوەندەی مەولەوی، لە نزیکەوە سەریان نەناوە بە دڵی خاکەوە، تا لێدانەکانی دڵی بژمێرن ... بۆیە ئەگەر عەفدالێ دیتنی رووی راستەقینەی خۆمان بین .. ئەگەر شەیدای دیتنی سەراپای نیشتمان بین، ئەبێ سەیری ئاوێنەی بێگەردی شیعری مەولەوی بکەین .. چونکە لەو ئاوێنە بێگەردەی شیعری مەولەوی ـ دا، هەست ئەکەین مەولەوی زۆر شارەزاو بە ئاگایە، لە بچووکترین رووداوەکانی نیشتمان، هەر لە شنینەوەی چڵە وەنەوشەیەکەوە، تا لەرینەوەی چڵە گیایەک، راچەنیوە و دا چڵەکیوە .. شوێن فڕینی باڵندەیەکی کۆچەریی کەوتووەو، تا گەڕاوەتەوە، پەژارەو چاوەڕوان بووە .. گوێی لە خوڕەو قەڵبەزەی ئاوی دوورترین و تەنگترین دەربەند و گەروو بووە .. شوێن مەرگ و ناشتنی پاییزانەی تاقەگەڵایەکی دەوەنێکیش کەوتووە .. لە سەرما و سۆڵەی زستانە ساردەکاندا، توێی دەروونی خۆی، نەک هەر بۆ مرۆڤی نیشتمانەکەی،

بەلکو بۆ (نەسیم) ی نیشتمان کردووە بەلانە و ژووری گەرم :

نەسیم ، پەنجەی پات ئەر سەردیی کێشان
بدارەش نەتۆی دڵ دەروون ڕێشـــــان

ئاشنا یەتی و ئەوینی لەگەڵ سرووشتی نیشتمانەکەیا ، هەمـــوو تەمەن و هەست و شیعری داگیر کردووەو، لەیەکدا تواونەنەوە ... بەجۆرێک وەک چۆن ئەڵێن(حەزرەتی سلێمان)، زمانی باڵنـــدە و گیانلەبەرانی زانیوە ، مەولەوی - یش ئاوا ، زمانی بوونەوەرانـــی سرووشتەکەی زانیوەو، یەکەیەکە ، لەگەڵیاندا ژیاوە .. سەری نـــاوە بەسەریانەوەو، رازی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشتوون.. پیاسەی هـەردان و سەربەرزان و ، لای دۆستانی لەگەڵدا کردوون .. تێری لەدیدەنـــی و تێروانینی بەردەوامیان نەخواردووەو، لەهەموو دیدەنی و بەســەر- کردنەوە یەکیشدا ، جار دوای جار، جوانتر و رازاوەتر، هاتوونەتـــە بەر چاوی .. وەخت و ناوەخت بەسەری کردوونەتەوە . .لەبـــەرە - بەیاندا ، کە کازیوەی نیشتمانی دیوە ، وەک دلدارەکەی لەناو نوێنی خەودا ببینێ ، ئاوا هاتۆتە بەر چاوی و، بەتاسەوە ، سەری لـبـــە سنگ بەرۆکە رووتەکەی کازیوە نزیک ئەکاتەوەو، بۆنی ئەکات :

بۆی بەخەی سەحەر، پەی دەماخ دڵ
مانۆ وەنەسیم ، جێب جەمین گـــوڵ

لەگەڵ کۆچی گەرمیان و کوێستانی خێڵاتی جاف دا ،سەرەرێیانی لێگرتوون و، یەک یەک سەر ژماری کردوون ، بزانێ کامیان کەمە .. ریشەی جەرگ و پەردەی دڵی خۆی بۆ کردوون بەنووشتەی چاوەزارو بەقۆڵ و مەچەکی کچەجوانەکانی جافەوەی بەستووە . .لەبچووکترین و دوورترین خەم و کۆستی ئازیزانیا ، کسپەو زام گەیوەتە دڵی ئەم و، فرمێسکی شیعریی ،ـلەخەمبار و کۆست کەوتووەکان ، زۆرتـــــر و بەسۆزتر، هەڵڕشتووە .. کە روومەتە سپی و سافەکانی(شێـــخ -

عەزیزی جانەوەرەیی - هاورێی) - ئاوڵە - دەرئەکەن ، وشەکانی ئەم
رووەتی خۆیان ئەڕنن . . ! لەگەڵ (مەحموودی یا روەیس - ی کوڕ -
کوژراودا ) ، گریان و شیوەبنامەی شیعری چەندان جار گریاوی ئەم ،
بێ برانەوەتر بووە . . لەپرسەی ناکامیی (شێخ صەمەدی خانەگا ) دا ،
زاوا ڕۆیەی ئەم ، بەکوڵتر بووە . . لەکۆتەڵی جافەکانیشدا ، شیعری
ئەم ، بۆ کوژرانی (قادر بەگی کەیخەسرەوبەگ) ، بەجۆشتر بووە . . .

شیعری مەولەوی ، لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆر عارفانەو سۆفیانەیە ،
بەلام بەپێچەوانەی هەموو شاعیرانی سەرتاسەری ئەم ڕێبازگەیەوە ،
کەئەگەر جوانیی و خۆشەویستی (خوا - کردگار )، لەشیعرەکانیان
دەربهێنین ، هیچیان تیا نامێنێتەوە . . کەچی لەشیعری مەولەوی دا
ئەگەر ئەم کارەش بکەین و ، هەر شتێکی تریش دەرها وێژین ،
هیشتا نیشتمان ، بەهەموو کەژ و کویستان و گەرمیان و رووبار و
قەڵبەز و گوڵ و سروە و درەخت و مرۆڤیەوە ، لەهەموو شیعرێکی
مەولەوی دا ، لەهەموو بەیتێکی مەولەوی دا ، بەڵکو لەهەموو پیتێکی
مەولەوی دا ، بانگمان ئەکەن و ، هانمان ئەدەن ، خۆشمان بوێن . .
چونکە لای مەولەوی ، هەموو جوانییەکانی کردگار ، لەکوردستاندا یە !
لەسرووشتی رەنگینی خاکی مەولەوی دایە . . هیچ شتێک ، هیچ
جوانییەک ، لەدەرەوەی خاکی مەولەوی دا نەبووەو ، نییە . . ئەو
جوانیانەش بەجۆرێک لەنیشتماندا ئەبینێ ، کەتایبەتمەندیی
خۆماڵییانەی پێوە بێ . . یان بەواتەی (گۆران)ی شاعیر (مەولەوی ئەو
شاعیرە بەرز و نەمرەیە ، کەهەموو بەیتێکی دیوانەکەی ، کچەکوردێکی
شۆخ و نازدارە ، بەبەرگ و پۆیلانەی خۆماڵی تەواوەوە . .)[5]

* * *

(٥) :: هەمان سەرچاوە ، ل ٧٨ .

ئه م (رۆحی مه وله وی) یه ، بۆ دووه مین جار له سالّی ۱۹۶۸ از- دا مامۆستا م : شاعیر و نووسه ری کۆچکردوو (کاکه ی فه للاح) ، به پێشه کی و، شیعرێکی جوانی خۆیه وه ، سه ر له نوێ چاپی کرده وه ، که نوسخه کانی ئه م چاپه ش ، وه ک چاپه که ی سه رده می (پیره مێرد) ، هه ر زوو له کتێبخانه کاندا نه مان .. بۆیه دوای تێپه ربوونی (۲۵) سالّ به سه ر دوا چاپی ئه م دیوانه دا ، ستییه مین چاپکردنه وه یم به پێویست زانی ، تا ئه و خوێنده واره شیرینانه ی تامه زرۆی شیعری مه وله وی- ن ، به م رێگایه له مه وله وی نزیک ببنه وه ، که (پیره مێرد) ی شاعیری گه وره مان به زمانێکی زۆر ساده و ، له هه مان کاتیشدا ، زۆر شاعیرانه و ، به هه مان وه زنی ره سه ن و خۆمالّییانه ی (۱۰) برگه یی وه رگێراوه ، که مه وله وی هه موو شیعره کوردییه کانی خۆی و ، ته نانه ت (عه قیده مه رضیه) که شی چونکه به کوردی نووسیوێتی ، هه ر به م وه زنه ، نووسیوه ..

له کاتی پیاچوونه وه و ، بژاری ئه م دیوانه دا ، ئه م چه ند خالّه م له به ر چاو گرتووه :

۱- رێنووسی هه ندێ وشه م وه ک چاپی یه که می (پیره مێرد) خۆی هێشتوته وه ، که رێنووسی سه رده می پیره مێرد وا بووه . به لاّم بۆ زیاتر ئاسانکردنی بۆ خوێنده واران ، سه ر و بۆرم له سه ر هه ندێ له وشه کان دا ناوه .

۲- زۆر هه له م راستکردۆته وه ، که له چاپی سه رده می پیره مێرد و هه مدیسان له چاپی دووه مدا ، که زۆرتر و شێواوتر ، روویان دابوو .

۳- هه ندێ له شیعره کانی ئه م دیوانه ، وه ک شیوه ن بۆ : عه نبه ر خاتوون و ، ئه وره حمانی کوری مه حموودی یاروه یس و ، قادر به گی که یخه سره و به گی جاف و ، زۆر شیعری تریش ، که بۆ هه ریه که یانی چه ند شیوه نێکی جیاجیای کردووه و ، پیره مێرد - ی نه مریش له به ر هه ر هۆیه ک بێ ، سا ، یان وای به چاک زانیوه ، یان پێی وا بووه که هه ر یه کێ له وانه ، یه ک شیعری سه ربه خۆن ، هاتووه شیوه نگه لی

هەر یەکێکیانی بەسەر یەکەوە چاپکردووە .. بۆیە بۆ ئاگاداری خوێنەواران ، هاتووم بۆ جیاکردنەوەیان ، هێڵێکی کورتم بە نێوانیاندا هێناوە ..

٤ـ ئەبوایە دوای جیاکردنەوەی شیعرەکان ، بۆنە و ڕووداوی ، زۆر لەو شیعرانە ، لەسەر ڕوویانەوە بنووسم ، کە پیرەمێرد ، لەکاتی خۆیدا ، لەسەر شیعرەکانی نەنووسیوە . بەڵام ئەمە بەدەست تێوەردان زانی بۆ کارەمەزنەکەی پیرەمێرد . بۆیە ئەم کارەم هەڵگرت بۆ کاتی خۆی ، کە بەهیوام لە هەلێکی نزیکدا ، دیوانێکی تەواوی مەولەوی ، بە شێوەیەکی تازە و تێرو تەسەل ، لەگەڵ هاوڕێی شاعیرم : کاک حەکیم مەلا سالح ـ دا ، چاپ بکەین .. شایانی باسە ، لەم بوارەدا مژدە ئەدەم بە خوێندەواران و دڵدارانی شیعری مەولەوی ، کە ڕوونووسی دیوانێکی دەستخەتی مەولەوی خۆیم چنگ کەوتووە ، کە مەولەوی ، بەخەتی خۆی ئەم دیوانەی پێشکەش مامۆستاکەی خۆی : (حاجی مامۆستا مینبەری) کردووە .. بە دڵنیاییشەوە ئەڵێم ئەم دیوانە ، دەوڵەمەندترین دیوانی مەولەوی ئەبێ ، چونکە جگە لەو شیعرانەی مەولەوی ، کە لەو دیوانەدا هەن ، کاتی خۆی مامۆستای زاناو ناسراومان (مەلا عەبدولکەریمی مُدَرِّس) چاپی کردووە ، دەیان شیعری تری مەولەوی تیایە ، کە هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە ..

٥ـ لە چاپی یەکەمی ئەم (زۆح)ەدا ، پیرەمێردی نەمر ، چوار بەیت شیعری لە (عەقیدە مەرضیە)یەکەی وەرگرتووە و ، کردوویەتی بە سەرەتای ئەم دیوانە ، کە ئەمە بەیتی یەکەمی ئەو شیعرەیە :

هەورەکەی ڕەحمەت ، ڕووی سەمای کەرەم

(صَلاة) و (سەلام) ، کەی کەرَم ؟ ئێسە کەم

لە دوای ئەو چوار بەیتەوە ، سێ بەیتی تریشی نووسیوە ، کە هەر بە ناوی مەولەوی ـ یەوە تۆماری کردووە .. بەڵام لە بەرئەوەی ئەو سێ بەیتە ، بە هی مەولەوی نازانم ، بۆیە ئەو سەرەتایەم لێ

دەرها ویشت.. ئەم کارە، ماموستام: کاکەی فەللاح -یش رەچاوی کردووە..

لەبەرئەوەش ئەم بەشەی دیوانی مەولەوی، ئەو شیعرانەن کە پیرەمێرد وەریگێڕاون، واتە (ڕۆحی مەولەوی) یە، بۆیە ئەسڵەکەی - هەورامیەکەی - یمان لەگەڵ چاپ نەکرد، چونکە ئەگەرچی پیرەمێرد لە چاپی یەکەمدا، بەشە هەورامیەکەی ئەم شیعرانەی لەبەرامبەر هەریەکێ لەم شیعرانەدا چاپکردبوو.. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەسلەکانیان لە دیوانی چاپکراوی مەولەوی دا هەن، کە ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مُدَرِّس، لەساڵی ١٩٦١ز-دا چاپی کرد بوو... دیسانەوە لەم ساڵانەی دواییشدا (ئینتیشاراتی محەمەدی - لە سەقز - هیمەتی نواند و، چاپی کردەوە.. بۆیە بەمجۆرەم بەپەسەند زانی..

**محەمەد حەمە باقی**

سەقز / ١٩٩٣/٥/١ ز

١٣٧٢/٢/١٢ هەتاوی

# دیباچە

## دیوانی مەولەویمان چۆن چاپ کرد ؟

شیعری مەولەوی بـــە دەنگی خۆش‌و هیجرانی ( عەزیزی ئامینە ) وە لە ناو ئێمـە برەوی پەیـــدا کرد• عەزیز گوینیدەیەکی عەزیز بوو• لە مەجلیسدا هیجرانی‌و لە چیادا قەتار هەر لەو ئەهات • ئەمـــە راستە کە بەیانی‌یەك لە راوەکەودا قەتارێکی خوێند کەوی کوهسارانی هێنایە جونبوش‌و قاسپە •

یەك دوو شیعری بوو ، زۆری لە دڵ ئەســـەند ئێجگار لە بەهاراندا ، لە ئێواراندا لە ســەر کارێزی شەریف کە دەی گووت : وەهــارەن ، ســـەوزەن ، ئاوەن ، پێکاوەن • یاخوو :

گوڵ چۆن رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان

بەفراوان چۆن سەیل دیدەی من جۆشان

یا بەیانیان کە بە قەتارەوە ئەیگوت :

لــە ورشەی شەونم لەتوێی پــەردەوە

نێرگس مەست مەست چەم بڵاو کردەوە

ئەمانەو ئەو دەنگە داودی‌یەو نەشئەی بەهاران‌و دڵپاکی ئەوسای یارانە•جا لێکی‌بدەنەوە چ‌شۆرێك‌و

چسۆزێکی ئەخستە کەللەو دەروونـەوە.مـن ئـەم شۆرەم هەر لە کەللەدا بوو ئەمویست بەســـــەر یاراندا دابەشی کەم .

بەڵام شێوەی زوبانەکەی ، ئەو گیانە شیرینەی لـە ئێمە شـــاردبووەوە،تەنهـا چەند کەسـێك لـە هەوراماندا تیَ ی دەگەیشتین .

ئەو سەردەمەی لە ئەستەموڵ (شاعیرەکانمان)م لە رۆژنامەدا بەریز ئەنووسی.لەوێ کەس لە مەولەوی نەدەگەیشت.نیازم بوو وەك شـینی حەمە ئـاغـای دەربەند فەقەرەو چوارشخص رەنجوریـم کرد بــە تورکی،ئەویش وەرگێڕمە سەر تورکی .

بەڵام ئەو گیانە بڵندە لەوگۆڕە تەنگەدا نەدەگونجاو دانەدەمرکا ، ئەو ئارەزووەم هــەر لــە دڵا مایــەوە تاهاتمەوە. بە زۆرە ملێ ئاڵاندمیانە نووســـــینی رۆژنامەوەو ئەشیایە هەموو ژمــارەیـەك هیچ نەبێ شــەش حەوت رەنگ نووسین بنووســم ، عیلمیو فەننی، تەئریخی،کردوکۆشی گاڵتەو گەپ، إجتماعی، حقوقی ئەدەبی ... ئەدەبیاتمان لە هەموویان بـۆ ئەم خاکە پێشتر بوو . جارێ لە پەندی پێشینانەوە تێهەڵچووم ، دیتم ئەوە خەرجی عامە ، باڵا نیە ، ئنجا هاتم بە فەننی ( أسپری تیزمە ـ جەلبی ئـەرواح )

گیانی مەولەویم هێنایە ــ ژیان ــ ەوە وژیاندەوە • لە قەلاّی زاڵمی زەلّم وەك تاڤگەکەی زەلّم کێشــامە دەشتی شارەزووری ئــەدەبیــاتی کوردەوە • ئــەو تاڤگەیە ئەلەکتریکی نوری لێ پەیدابوو رۆحەکەیو ئەسڵەکەی بووە پەلکە زێڕینەی کوردستان •

ئاخ هەر خۆم ئەیزانم چەندم رەنج داوە تا لــەم لاو لەولا کۆم کردەوە، خوا هەقە بۆ ئەمە موفتی هۆی کردەوەو ، دیوانی مەولەوی دامیّو حەســەن بــەگی عەلی بەگی جافیش ســەراوردی مــەولەوی دەست خستم هەردوکیان پایەدارو کامگار کا •

**پیرەمێرد**

# مەولەی کێیە ؟

مەولەوی ناوی عەوامی ( عبدالرحیم )ە.بۆ شیعر ( مەعدوم )،کەچی لە هەموو شیعرێکیدا مەوجودە . بە بنیچە ئەچێتەوە سەر مەلا ئەبوبەکری مُصَنِّف خوا لێی رازی بێ . لە هۆزی (تاوغ گوزی)ن ، پیر خضری شاهۆیش لەوانە .

لە سالی ١٢٢٢ هیجری[1] = ١٨٠٤م لە خاکی جوانرۆ لە دێی ( تاوغ گۆز ) دا هاتۆتە دنیاوە . ئەو خویندەواری یە بڵندەو، ئەو هەموو ئاثارە دڵپەسەندە بە فەقێ یەتی لە مزگەوتانا فێری بووە .

دوازدە عیلم بووە ، لە ( عەقیدە = باوەڕ ) دا ماهیر بووە ، عەقیدەنامەکانی لە میسردا بە هۆی هیممەتی هاوولاتیەکانی خۆمانەوە لە چاپ دراوە . لە پێشدا بە فارسیو عەرەبی شیعری وتوە ، بە سەودای مەعنەویاتی شێخ سراج الدین (قدس سره) هەموو ئاثارێکیو کردارێکی نەقشی هەورامانی لێ

(١) : تا ئێستا ئەو سەرچاوانەی لە مەولەوی دواون ، سالی(١٢٢١کۆچی) یان بە سالی لەدایکبوونی داناوە . کە ئەمەش لەکاتی گۆڕیندا بە سالی زاییینی ئەکاتە (١٨٠٦از) ، نەک سالی(١٨٠٤از) ، کە دوو سالیان جیاوازە . نازانم ئەم هەڵەیە ، بۆ بەسەر پیرەمێرد و کاکەی فەللاح - دا تێپەڕیوە !؟.

دراوەو پەردەی پەنهانی مەعنەویاتی بە سەردا کێشراوە .

مەولەوی بە هۆی محبّەتو حورمەتی بە گزادەی جافەوە،هێجگار قادربەگی کەیخسرەو بەگ،کە مامی مەحمود پاشاو وەسمان پاشا بووە،لە تەك بەگزادەدا رای بواردوە،شوهرەتی مەولەوی دووبەشی بە قادر بەگو مەحمود پاشاوە بووە . زۆرتر شیعرەکانی ئەوان کۆیان کردۆتەوەو دەربارەی ئەوان بووە .[2]

مالی مەولەوی زیاتر لە چورستانە بوون کە ئیستا ئاوایی جەنابی ئەحمەد بەگی حمە صالح بەگە، لەو زەمانەدا سەد مالێ لە ئەفغانستانەوە هاتوونە شارەزوور ، مەولەوی کچێکی لێ هێناون کە ناوی عەنبەر خاتوونەو مەولەوی شینی ماتەمی کردوە لە عەنبەرخاتوون .

سەید محمدو سەید ئەحمەدو سەید مەحمودوسەید عبداللە چوار کوری بووە لە چورستانە ، رەچەلەکی براوەتەوە.تەنها سید عبداللە ماوە،ناچار رای

---

(٢) : هەلبەتە ئەمە تا رادەیەک ئەشێ وابێ ، بەلام ئەم قسانە جێی باس و لێکۆلینەوەن ، کە روونکردنەوەیان هەلئەگرم بۆ کتێبێکی سەربەخۆ، بەناوی(خوێندنەوەیەکی تازەی مەولەوی) و.. لە ئایندەیەکی نزیکدا بەچاپی ئەگەیەنم .

کردوه گوازتویەتە پشت قەلای شـــەمێران لە دێی ( سەرشاتە ) لەوێ وەفاتی کـردوە · تـەئـریخی وەفاتی سالی ۱۳۰۰ هیجری ۱۸۸۲ مســیحی یە · زاتێکی میانـە بالا ڕێشـێکی تەنك دوو چـاوی بـە ڕەونەقو پڕ جیلوە ـ ئەو چاوە جوانانەی لە دواییدا کوێر بوو ـ گفتوگۆی لەسەر خۆ وەك شێخی ضـیاء الدین دانە دانەو بە نوکتەو نیوە خـەنـدەیەکی بـە مەعناکە ئیمای دلپاکیو ڕووناکی بکا ، جـار جـار ئاهێکی بەسۆز کە لەکوورەی دەروونێکی پڕ عەشقی مەعنەوی دەهاتە دەرێ،وەك توجهی شێخێکی نەقشی تاییدی رابطەی دەکردو بەو عەشـــقەوە بەجۆش · ئەمە مەولەوی خۆی ، ئەمیشە شیعرەکانی وەك ئاوی حەیات لە توێی میدادا ·

ئـەی بۆ مەوجودات تـۆ بووی بـــە مایـە
تـەنهـا تـۆ پـەیـداو ماسـوا سـایە

پەنهـان بووی ، وەحـدەت شـەپۆلێکی دا
بۆ ناسـینی خەلك خۆت ، خۆت کرد پەیـدا

بـە تۆ سوێند ئەخـۆم عەبـدێکی راسـم
ئـەگەر بـە جلوەی ، بەروو نـەت ناسـم

بـە سـەد جلوەی‌تر ، بێ چوون‌و چـرا
ناسـینی تـۆم لا ، نـابێ ئاشـکرا

سـەر خۆشـم بە وەصـف جەمالیتـەوە
بـەنـدم بـە جـلوەی جـەلالیتـەوە

ئەگەر عادەت بێ کوشـتنی سـەرخۆش
ئەگـەر ڕەوابێ خـوێـن ڕێـژی بێ‌هـۆش

ناچـارم لـە دەسـت جلوە نـەکـردن
بسم الله هـا تیـغ ، ها کـە چی‌ی گـەردن

کوا ؟ یەکێکی تر دادی لەلاکەم
داد لە دەستی تۆ !! لای کێ شەکواکەم
واوەیلای بێحەد زاریو ڕۆڕۆمە
هاوارم لای تۆ، لە دەستی تۆمە

●

وەی من دیارە پەنجەی تارمە
وەختی هاوینی نەو بەهارمە
صوبحم لەشەودا پێم پێدەکەنێ
ئەڵێ : کردەوەت عومری نەمێنێ
پێستی تەپڵی گوێم شەی کێشا خاو خاو
ئەم سەرەو سەرە دوور بینەکەی چاو
پیری بانگ ئەکا پێم ئەڵێ هەستە
لە دەرگای هەستی مەوەستە بەستە
پشتی کۆماوم دەڵێ ها خزمە
دانەوە دەرگای ڕێی عەدەم نزمە
لێلاییم لێڵە، قامەتم چەما
ڕێی پەردە داریم لە بارانەما
یادی زوڵفی لوول، شیرین نیگاران
خەیاڵی تاقی بڕۆی نازداران

ئـەویـان بـوو بە لۆچ بـۆ ناوچـاوانم
ئـەم خـەمی ، خـەمی قـــەدی کـەمـانـم

یادی دانـەی خـاڵ کەبـك خـــەرامـــان
ســـەودای بڵنـــدی باڵای نـەمـامـان

ئەو، تانـەی دیـدەی ســـۆمـا بێژمـــە
ئـەم، دانـەی فرمێسـك بـەتـاو ڕێژمە

مُطـرب ! وا بـاڵای چـەوتـم کـەمـانــە
سـۆزی نالـەی دڵ ، بـوو بـە چەغـانـە

ســـادەی لـە بـاتیم بــــەدەم دەردەوە
بـەرزکـە نەوایێ بەم چەنـد فەردەوە :

ئـەی خودای بێچوون کـەرەم فـراوان
لوتفت زۆرتـــرە لـــــە کـۆگـای تـاوان

کـردەوەی بــــەدم ئـــەمتوێنێتـــەوە
لوتفت لـە دەسـت ئـــەو ئـــەمسێنێتەوە

خـەجالـەت هێندەم بچووك ئـەکاتـەوە
دەســـتی منـداڵم پیـــا ئـەگـاتـــەوە

کـــە فیـکری فـەزڵت پـەردەی پێ‌نـاوێ
پیریـــم جـوانیی خســـــتە پێ‌نـاوێ

مـن بەخشــندەیی تـۆم فریـادرەســـە
شـــەرمندەیی لای تـۆم بەسـە، بەسـە

پەردەپۆش ! پـەردەی کـردەم بپۆشـــه
ڕوو ڕەشـــیم لــە لای یـاران ناخۆشـــه

بـە ڕەحمەکەی خۆت فـەردی تەنیای تـاك
بەشـقی مەشقی عەشـق یارانی دڵپاك

بــــە دەمی دووری دەروون پڕخــــاران
بـە کـۆچی دوایی دوا بـــە دوای یــاران

هـەرچـەنـد تاوانم لـە حــەد بـەدەرە
دەفتـەری کردەم لـەڕووم ڕەشـــــترە

تــۆ لێم‌ببــووره من ڕووزەردی خـــۆم
جـەزای کافیـەو سـزای مـەرگـە بـۆم

●

دەردو مـەینـەتو ئێشـــی نهێنی
گردبوونـەوە لام، کـە تەشـریف بێنی
ئـای چیت پێ کـردن ! تەشریفت نـەهـات
دەردت دا ، بە دەرد،مەینـەت ریزو مـات
ئێسـتاش چـاوەڕێن ، ئـاخ چـاوەڕاوە
وەك سـەرخۆش وامە،بـەو تـەمـەنناوە
داوات فـەرموبوو ، نوشـتەی چاوەزار
تـۆم هاویشـتۆەتـە پـەنـای کردگـار
بـەڵام بـە حوکمی فـەرموودەی خۆتـان
وا نوشـتەم وەرگرت لای پـیران بـۆتـان
بـەرگی لەپەڕەی جـەرگی سـەد پـارەم
قەیتـانی ڕیشـەی دڵـەی ئـاوارەم
کوفی ، هەناسـەی مـەسـتانی یاهـوو
بێ پێچە لـەدەور ، باهـووی بێ ئـاهـوو
ئـەمـە پیشـەیـە کەوتۆتـە نـاومـان
ئەگینـە هـای شای نازك ئـەندامـان !
تۆ هێنـد نازکیت لـە حـەد دەرچـووە
بینـایی خـەیـاڵ ، ڕێی لێ گـومبـووە

دیدەی بەد دەردی نادیاری بێ
لە کوێت ئەبینێ تا ، لێت کاری بێ

جەمالت جامی جەمی خەجەل کرد
چاوی پیس عەکسی خۆی دیو لێی کار کرد

●

ناوچاوان مەیلی سەر ئەژنۆ دەکا
کڕنۆشی ترسان بۆ پیری دەبا

قەد ، چەمایەوە ڕووی کردە پەستی
سەر دەرگای نزمە ، دەروازەی هەستی

یادی کردەوەی ، بەدی سەد تەرزە
ئەژنۆی هیوامی هێنایە لەرزە

بەڵام کەسێکە جێ هیواو ئەرجووت
( ستار ) ە گۆنات ناداتەوە ، ڕووت

مووی سپی ( قەڵغان ) ڕووڕەشی پیرە
کەوانی قەدیش بۆ تکای تیرە

دوو شیعری پیری وتن ناتوانی
فەریادە لە دەست پیشەی جوانی

هەرچەند گۆڕەوشار لە مەرگ بەدترە
ڕووڕەشی یەکەی من لەو گرانترە

من کـه خـەجاڵـەت بێمـە خـزمـەتت
جـەهـەننەم هەرگیز ، نەچمە جەننـەتت

موترب ! بمگـەرێ ئـامـان دڵگــیرم
وا پـیری لـەپڕ ، هــات بـەرەو پـــیرم

نـەغمــەت وێـرانـەی دڵ بـکا ئـاوا
بـەم گۆڕانی‌یـەی بێســـاران مـاوا

هەرچیم کرد ، کردەی ڕووی نـادانیم بـوو
دەمی ســـەرچلی‌ی نـەوجوانــیم بـوو

ئێســـتا لـەهـەموی ، وا پەشیمانم !!
پـیرو ئـەفتــادەو دەســـتەودامـانـم

کۆچی دوایـــمـەو مەرگیش بـە نۆ بـە
نۆبـەی ، تـۆبـەمـە ، لێبوردوو تـۆ بە

●

وەك چارەی خەیاڵ ڕوخسارەكەی خۆی
لە پەردەی دڵەی پڕ لە ئاخو ئۆی

جەبینی دەرخست شای سۆسەن خاڵان
كەم كەم لە گۆشەی لای سیا ماڵان

لە توێی تاریكی شەدەی بێخەوشا
جوانیی وەك ئاوی حەیات ئەدرەوشا

غەریب بووم لوتفی لەگەڵ نواندم
تیرێكی دیاری بۆ داوەشاندم

هەرچەند وەك یاران گیانی خۆم دایە
بەڵام یادگار ئەو تیرەم لایە

ئازیز دیارە كۆچی دواییمە
ئالۆدای پێچی ماڵ ئاواییمە

دەولەتەكەی وەصل، پێ لە زەواله
دیدەنی باڵات ئیتر موحاڵە!!

سا، دڵم خۆشكە، بە إلتِفاتێ
وەرە بەم لاوە بتبینم ساتێ

با بێتە بەرگوێم شنۆی ڕازەكەت
گوم نەبێ لەچاو، شێوەی نازەكەت

ئـاخر ســـــەفــەرە ڕێــگا زۆر دوورە
مــەنــزڵ بێ‌پایان تــۆشــوو زەروورە :

دینت: توێ‌شووی چاو، مەیلت توێ‌شوی دڵ
ڕازت : توێ‌شووی گوێ مەنزڵ بــە مەنزڵ

دەوران ، دەور ئـــەدا بـــۆ نـامــــرادی
بـا ، لـــەبــەینــا بێ گـــەردن ئـازادی

شــەوێ نالــەی من جۆشـــی ســـەندبێ
ســەگی دەرگاکەی تــۆی هــەڵسەندبێ

یـا ، نەی‌هێشــتبێ ئـەشــکی تــەڕی من
شــەماڵ تــۆزی ڕێت بــەرێ بــۆ دوژمــن

یاخو ، نیــگای مــن ڕووی ڕووشـــانــدبی
دڕکی بــرژانــگم پێی ئێشـــــانـدبی

یاخــو ، دلــەکــەی دێوانــەی دڵ‌تــەنگ
وەختی نیشـــانەی دڵان بــۆ خــەدەنگ

لــە پــەلــەی خۆشی نیشـــــانەی تیرت
ڕای‌کێشــابێ تــای ، زولفی زنجـــیرت

یـا تــۆ دابێنت ، بــە دڵ مــەزەی مــەرگ
ڕەنگە خەدەنگت دابێ لــە تــوێی جــەرگ

یا ، بەننە بە دڵ دێوانەی دڵگیر
لە تیر ئەندازیت کردبێ تەقصیر

یانەت ناردبێ تۆزی پێڵاوت
بۆ کلی چاوی کوێری پێناوت

تۆ لێم ببوورە ، منزوو ، لێت بوردووم
چونکە بەژاری پەژارەت مردووم

چەپ گەرد ئارەزووی بە دووریمانە
بە دیمەن بانەی کرد بە بەهانە

تا فەلەك لێمان بە بەهانە بێ
هانە ، هانەکەی ، با ، هەر ؛ بانە بێ

خۆ ئەگەر بیلێ بۆ دڵ غەمینت
عومریکی نۆێیە دووبارە دینت

ئەگەر نەیش هێلێ تۆ بەسەلامەت
دیدەنی دیدار کەوتە قیامەت

●

دیاری دا بەشـــــەرم لە پەنجـەرەی نـاز
تای ڕیشـەی جـەرگی دەرکێشـا بە گـاز

تـوێژاڵی زامی لابـردم بــە خـــوێ
وەختبوو سارێش بێ لێم‌هاتـەوە ســوێ

تیرێکی هاویشت ، پەنجـەی وەکـو گـوڵ
تـا ، پەڕەی تـیری نیشـــــتە پـەڕەی دڵ

ئـەترسـم جەسـتەی ڕەقیبی دڵسبـارد
ئاشی زەمانـــە بیشــی‌کـا ، بـەئـارد

وەختێ بـڕوانـم بـەڕووی لـەیـلامـا
شــەماڵ ئـەو تـۆزە بکا بـە چـاومـا

ڕەحمەت‌و زەحمەت نوقتـەیـان فـەرق بوو
ئەو نوقتەیـە بوو کـە لـە من تـەوق بوو

من لــە ( زێ )ی زەحمەت نوقتــەم ئەکڕاند
بــە ( ڕێ )ی ڕەحمــەت‌دا ئـەومێشی ڕیاند

لە تۆی‌ی حەڵقەی زوڵف دڵەی شـێت‌و وێت
تـۆبـەی کردبـوو کــــە دڵ نـەدا پێت

وەختێ رۆژی ڕووت کـەوتـە ڕووی سـەما
قسـەی شـەو بـە ڕۆژ بـایـەخی نـەما

سەرەتەشی‌ی غەم هێند سوورڕایەوە
تای کرژی مەینەت بادرایەوە

مُقَدِّمَەی غەم تالی‌ی مَذاقە
دەك بە ناخێر بێ وادەی فیراقە

---

هاوین ، ها ، وێنەی من ئاگری گرِا
گەرمی‌ی بەزمی نەزم ، بەهاران برِا

ئاگری گولاڵەی سوور کوژایەوە
چەمەن بێ نەوای بولبول مایەوە

تای بەڕۆزای شۆخ لە سای موغاران
پەشێو بوو وەك زولف تازیە داران

هەڵ دێرکان ، دڵیان هەڵدێراو تۆی‌دا
هەردە ، هەر دەکما،قوڕ بەسەر خۆی‌دا

دووریت ، ئاگری بەردایە ماڵم
کام ماڵ ؟ ماڵی دڵ ! ماڵ وێران حاڵم

هەوا ئاگرین ، سەروەخت ئاگرین
دڵەم ئاگرین ، بەدبەخت ئاگرین

بەم ئاگرانەوە وجوودم خامە
بەختم نابەختە ، فامم نافامە

بەو بڵێســـەوە تۆزێکم مــاوە
کــوا ئــاگری بــادەت؟ ســاقی هانــاوە

بەشــقی پیــاڵەی مەســتی چاوەکەت
بــەو پەشــیوی زوڵف ژێــر کڵاوەکەت

پێم بــدە جــامێ گڕی ســـەرمەســتی
ئــاگر بــەرداتــە خاشــاکی هەســتی

●

بــەزم هامفەردان یاری مــوجیبــەت کێش
ئەمشەوە دەفێك دەروێش ! های دروێش !

بێنــە بــەکــورەو لــوولــەیی دەفدا
ڕووی پەنــدو تــوانج بــە هەر تەرەفدا

رووی پەنــد بــەیــاران دۆســتی بەوەفا
بــۆ معــدوم توانج ، بەقەهــرو جــەفــا

بڵێ : هــەی دڵــەی ســەرســەختی نــەفام
هەڵسە لــە خــەوی بێهۆشی ســــەرسام

شبــــەوە ، خەڵوەتە ، ماڵ بێئــەغیــارە
بێگانــە نوســتوون ، دۆســت خەبەردارە

نەوەك میوان بێت تۆ بێخەبەر بی
تا ڕۆژی مەرگت ، دڵ پڕ کەدەر بی

چاو ! گەردی غەیری وا بەسەرەوە
بە ئاوی سۆزی دڵ ، بێشۆرەوە

هەرچەند دیدەی تۆ ، پەردەی وا لەسەر
ئەو تۆ دەبینێ لە تۆ ڕۆشنتر

بێنێرەوە یاد، عومری ڕەنجەڕۆت
بێنێرە پێش چاو ، کردەی بەدی خۆت

سەر دانەوێنە وەك شەرمەساران
لە چەمی چاوت بڕژێنە باران

با بێشواتەوە شای کەرەم پەناه
دەستە ، بەدەستە دەفتەری گوناه

●

دڵــە ! ، تامیســـکت بــە لێوەوەیــە
حــاڵت ، بــە حــاڵی پەشــــێوەوەیە

بووی بەباڵنــدەی ( هــەڵو ) هۆش بــردوو
نــەکردە کــردەی ، کــردەی نــەکــردوو

هیــوات ، گــا بــەمدیو ، گاهێ بەو دیوما
بــە گێژەڵووکــەی بــای تــرس‌و بیمــا

هــای نەت کــردبێ ، ئــەمــەت کــردبێ
عوقــدەی عقیـــــدەت لــە دڵ بــردبێ

هــەر شــــوێنێ وەصــفی خۆش‌نیگارانە
لـــەوێ عقـــــیدەی دڵ‌ئــەفــکارانــە

تــۆ ظَنّت چۆن بێ ئــەویش هـــەروایە
مەیلت بێ ، مــەیــلە ، جــەفــا ، جــەفایــە

ڕابوردوو ، ڕابــورد هــەولێ بــۆ بــاقی
مایــە ، دەروێش‌و نــەیژەن‌و ســــاقی

ئــەســتێرەی هیوات شــوعلەی زیاد بێ
( ولا تَیْئَسـوا )ت دایــم لــە یــاد بێ

هۆشت سەدای دەف ، گوێشت نەوای نەی
دەســـتت بۆ شیشە ، لێو بۆ جــامی مــەی

صَفات جەفای بێ ، بۆفَضای هەستی
نۆشا نۆشت بێ هەر بڵێی مەستی

---

بولبولی باخچەی بێنامو نەنگی
کۆتره باریکەی سروەی بێڕەنگی

نوقتەی إنتِهای حەدی سەرگۆشه
نەی دەست نەیچی ، تووتی پشت شووشه

خانووی دڵ لە سەر ڕێی مەولا ، ناوه
بازی هێلانەی لای ( مەولان ئاوا )

پایەت بڵند بێو سایەت بێپایان
بۆ بازگەی ئاسکەی دیدە سیاوان

ئاسکەی توونی دڵ،بە بۆی نافەی مێشك
تەره بوو لەگەڵ گەرمیانیی وشك

هەڵ وەستایەوە،سڵی کرد مەست ، مەست
بۆ هەردەی بارگەی ، تۆ ، گۆممەتەی بەست

پەلکی هیمەتی بۆ بکە بەسێبەر
لە سەرمای کوێستان نەبینێ زەرەر

نەڵێی من پیری ، کەوتەو نەتوان
کەڵکی چیم ئەگرێ مەیلی ئازیزان

تـا یـاران نیـگای پـەنهـانی‌یـان بێ
پیران ئەشــێ تـاف جـوانی‌یــان بێ

چونکە مـەیلی لەیـل ، پـیری‌ی موحـاڵـە
دەورەی بـلووغی ، لـە پاش سـەد ساڵە

●

نـەوای کــەژاوەی لـەیـلی نـازانــە
ســەرەتای بـارگـەی شــیرین رازانە

وەی ڕۆی شــوێن کۆچی مجنون بەختانە
ناڵــەی فـەرهادی زەحمەت ســەختانـە

وەك خێــــڵی دڵان ، دڵان پـڕداخــــان
پۆل ، پۆل ڕەشماڵان چوون بـۆ لێلاخــان

ســـــەر ئـەیل بـۆ دادم لابـکەرەوە
خێڵخـانــەی دڵان وا لـــەبــەرەوە

مـالاتی ســـەرجـەم کـەوتـەی گیایە
هـەردەو هـەوارگـەی مافەتـەی تیایـە

دەوڵـەتـەکەی خـۆت مــەدە بـەبـادا
مـــاڵو ئـاژاڵی خـــۆتی لـێ لادە

کۆچی خێرت بێ ئەمساڵ وەك ساڵان
تا، لای (ئێلێ بەگی) ئێلێ نۆ هاڵان

هەر گا، هێنایە دلی وەك ساڵان
پووشانەی دلی لەوەڕی پاوان

پرسی ! کوا؟ بۆچی؟ پووشانەی نەهات
جوابی بەرەوە بلێ هات نەهات

چقل لە دیدەی شادیی چەقی بوو
لە ئاشنایی عالەم تۆقی بوو

کزەی (سەبون)ی شارەزووری دڵ
(سیروان)ی خوێنی دەروونی گوڵ، گوڵ

سەر ڕێژی دەکرد لە کەللەی تاو، تاو
تاڤگەی (سەراو)ی چەرخی (زەلم)ی چاو

(عەدەم) هات پووشی وجوودی سووتاند
هەستی وەك ورکی ڕووی ئاو ئەی نواند

لەبەر هاژەی ئاو نەمزانی لە کوێم
بەلام چەند شیعرێ ئەهاتە بەر گوێم :

ئای بەختم شوومی وێران مالیەتی
گەرمیانی دڵ، سیا سالیەتی

( كۆز )ی سـوو تاوی دەروونی پڕ دەرد
( مالّات )ی شـادیی بـە جارێ قڕ کـرد

هەناسـەی کزەی ڕەشـەبای هـەڵکرد
ڕەشـماڵی عەیشی تەختـە ، تـەختـە کرد

هـاومـالّان گەینـە هـەوارگەی جاران
مـن بێ بـارەبـەر مـانـدوی هـەواران

لـە دەست سـەر ئـێلّی غـەم وا کوژراوم
تا خێـڵەو خـوار من کـۆچ هـەڵ پێچراوم

---

یـاری وەفـا دار لـە لات معـلوم بێ
ئـەشـێ وەك نوری دیـدەی معـدوم بێ

کـە زانی بەنـدەی هاتۆتـە نوشـوست
فرمێسـكو نوری چـاوی بۆهـەڵرشت

مـەناره سـەدای سـەلّای سـەدتەرزە
مزگـەوت لیپـاو لیپ دەمـاخی بـەرزە

مەی لە کووپەی خـەم وەك مـن ئەسـیرە
مەیخـانە صـفای گـەلێ دڵگـیرە

لوولـەی بلوێری تەراویح خۆش دەنـگ
تاری تمورەی ئاهـەنگ بێ ئـاهـەنگ

مەرحەبای بەرگی طاعەت پۆشانە
کاسی ، کاسەی کەیف ، بادە نۆشانە

ساقی ! بەنازت بنازم وەرەوە
بانگی ( وامتازوا )م بۆ بەرز کەرەوە

طرەت لە سەر خاڵ ناوچاوان لێژە
( پیاڵەت خوار بگرەو بەڵام مەیڕێژە ) !!

ئەستێرەت لەشەو طرەی قطرانی
ئاشکراو پەنهان شمس پیشانی

هیلال لە بیشەو نەسیم بۆی نافدا
دەرخە لەشفق بادەکەی صافدا

بلێن ئەوە مانگ !! جەژنە سا، وەرن
دەستەی صۆفی گەل شەقی پێ بەرن

شادی بدەرە دلی مەی خواران
خەفەت بخەرە ناو ڕۆژوو داران

●

نەسیمی محرم مابێنی یاران
ئەڵێن بەهارەو سەوزە دیاران

ئەمڕۆ گیان واخۆی ، زویرو زیز ئەکا
وا دیارە تاسەی لای ئازیز ئەکا

کەوتۆتە خەیاڵ ، ئەو دڵ پەسەندە
کوێستانیش ئێستا ڕێی سەهۆڵ بەندە

زەحمەت مەدەرە خەیاڵی جانان
ئەگەر ئەو نەچوو ، تۆ بچۆ قوربان

کە چوویت وپرسی : بناڵەو بڵێ :
دیم سەودا زەدەت خەفەت لەدڵێ

دڵو دەروونی هەر یەك قەڵەمی
بە دەستەوە بوو ، ئینشای ڕەقەمی :

دڵ بە دووکەڵی خۆی ( هو )ی کرد مَرقُوم
دەروونیش بە خوێن ( مُحِبَّك مَعدوم )

ئەگەر بۆت نابێ بە دەردی سەری
بۆت ئەخوێنمەوە گوێم لێ ڕاگری

بە نامی دەرمان برینی مُشْکڵ
لە نەوای بولبول لە إسْتِغنای گوڵ

( بعد ) بـه چـاوت شـای مەلەك صـیفات
هەر هێندە دەبیـەم ئـەڵێن بـەهـار هـات

نـەی هێشـتووە تـەمی دڵـەی غەمگینم
سـاتێ ڕەنـگ‌و بـۆی بـەهـار ببینم

ڕوبـارم خوێنـاو دڵـەی پـڕ دەردە
نەسـیمم شـنۆی هەناسـەی سەردە

خونچـەی نەشـكَفتەم زامی كـاری‌یـە
بولبـولم ناڵـەی شـەو بێـداری‌یـە

ئیتر بـای سـموم بـەختی نوشوستیم
شـێواندوویـەتی بەهـاری هەسـتیم

نـەڵێی خەرمـانی خەمـان چۆن كۆیـە
بـه كـەیفی تـۆیـە، وەك كۆ، كۆ كۆیە

كـاتێ خـەبـەری ئێـوە دێتـەوە
گـوڵ‌و بـولبـولیش ئـەلاوێتـەوە

تـەنهـا مـن نـاوم نی‌یـە لەڕووی كار
پـیر نـەكـەوتووەو مـەحرومی دیـدار

زەحمەت‌و حـەسرەت سـەبرو سەبووری
ڕەحمەت لـە جەنـاب دەردەكەی دووری

کوورەی ئارەزوو جۆشی سەختی‌یە
ئای بێ‌مەیل ئاوێ دەخیل وەختی‌یە

ئاخر نەك ئێمەیش داخ لە دڵێکین
سەودا زەدەی عەشق وەك تۆیکلێکین

تۆ بۆ نیشتمان، من بۆ سەودای تۆ
بناڵێین لەگەڵ یەکدا بە ڕۆ، ڕۆ

نازك تَدارَك فەسلی بنەهارە
زەریف ئارایش هەردەو کۆسارە

گوڵ وەك ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشە
بەفراو وەك لافاو دیدەم بەجۆشە

سەیر کەن گوڵالان لە پای دەربەندان
پێکەوەن وێنەی ئارەزوومەندان

چەند جوان ئەشنێ لە ئێواراندا
سەوزە بە ڕووی خاك گەلی یاراندا

بڕوانە ڕەعشەی دەروونی پاکی‌یان
دیارە لەجلوەی سەوزایی خاکی‌یان

هەڵسە بەیانە، دڵ تازەخاوە
شنۆی بەرکاوە، گۆشەی سەراوە

لەم گۆشتە خۆشتر نی‌یە مەسکەنێ
دەخیل هەی ساقی ! خُمار شەکەنێ

سەوزەی خاکی پاك یارانی هام فەرد
چەند جارمان بە فەرش بەزمی خۆمان کرد

کەی سەوزەی ئێمەیش لە کام هەردێ بێ
فەرشی مەجلسی کام هام فەردی بێ

بارگەو بارخانەی کۆچی نۆخالان
حەوحەوی نی‌یە ئەمسال وەك سالان

دیارە سەرخێلی نازك ئەندامان
نەی‌ویستووە هەوای هەوارگەی دامان

یاخو نامەی دل پێ ئێشاوەکەی
کزەی دەروونی ئاخ کێشاوەکەی

ئەو سنگە زیوە ئاوێنەی جەمرەنگ
ئەیەوێ باوێ بۆ جگەر خەدەنگ

حەسرەت تا حەشرە، تێت نەگەیشتین
کەوات کرد بۆچ زوو، بەجێت نەهێشتین

پایز زەرینەخ جام چارشێوی هەی تەم
درەنگە سوارکە تازە بۆ کێ غەم

موتـرب نـازانـم تـۆ سـیاسـەنگی
من بـەم حـاڵـەوەو، تـۆ وا بێدەنـگی

خـەیـاڵ بەماچێ پێخۆشـحاڵ ئـەبێ
بـەڵام کەی بـەختم خۆش خـەیاڵ ئەبێ

ئـەو ڕێیەی پیاچووی هێنـد ڕۆییم پێیدا
دیـدەی دڵ نیـگای، نـەماوە لێیدا

مەعـدوم غـەم مـایـەی فامتی بـردووە
یـا بۆ تـەفـرەی دڵ ئـەمـەت کردووە

تـۆو تەشریفی ئـەو، یـاری گیـانـیـە
سـووتاوو، ئـاوی زینـدەگـانـیـە

●

شەماڵ چەند جاران ڕێت تەی کردووە
تەشریفت بۆ لای ئازیز بردووە

نە من لە جاران حاڵم خۆشترە
نە ئازیز وێنەی یارانی ترە

دەی ببا، شنەت بێ لە سُبسەحەردا
وەك هەناسەی من لە ئاویدەردا

ساتێ هەڵ وەستە پێشت بڕوانە
ئاستانەیێك وەك ئاسمانە

خاکی بێژاوە بە حەوت تارەمدا
خصوص بەسەربەخت چەرخی چوارەمدا

قوللەی هێز بەرزە سەعدی ئەکبەرە
لە هەموو بورجێ بەشەرەفترە

ئەستێرەی بەختی مەینەت گازەکەم
خورشیدی ئەوجی بورجی نازەکەم

وا لە گۆشەی بەرز خانەی شەرەفدا(١)
نوور ئەپرژێنێ بە هەر تەرەفدا

هاوار بیستوومە گوم بووە لە چاو
تیشکی دیار نییە وەك ڕۆژی گیراو

---

(١) شرف الملك •

یەعنی ئەو باڵای عەرعەری تەرزە
بە دەم لەرزەوە هاتۆتە لەرزە

باغی مەحبووبی‌ی سەرتا بە دامان
زەرد بووە بە بای وەی‌شوومەی خەزان

نێم نیگای مەیلی دڵدۆزی نیە
نازی ئارەزووی گیان سۆزی نیە

چین کەوتۆتە رووی ناوچاوانی سیم
وەك زنجیرەی ئاو بە شنۆی‌نەسیم

ئاوڵەی جیسمی ئەو یاری گیانیە
وەك بڵقی ئاوی زیندەگانیە

شەماڵ دەخیلم بەم دەردانەوە
وا ، ئەتلێمەوە بەم دەم ژانەوە

دڵ دەماوەندی بە تەم شاردەوە
چاو ( زُب راوەند )ی گریەی خواردەوە

بڵێ : کەفارەت بەژن‌و باڵات بێ
نصیبی رەقیب خاڵی ئاڵات بێ

بچۆ ، بپرسە نەخۆشیەکەی لەیل
پرسی ، کێ ؟ بڵێ قەیسەکەی دوجەیل

وا ، لە «بانە»دا بێکەس کەوتووە
نەخۆشیەکەی تۆی لەوێ بیستووە

ئاگری تێبەربوو لە هەر چوار لاوە
پووشنەکەی جەستەی بەئاردەباوە(١)

گا پێچ ئەخواو گا بێهۆش ئەکەوێ
نالەی ئەم فەردەی لێ دەردەکەوێ :

« فەلەك چەند جارت بەحەسرەت کوشتم
بە داخی ئازیز لەهۆش خۆت بردم

وتم کوشتمی ئینجا قەی ناکا
دوای کوشتن ئیتر هیچم لێ ناکا

کەچی دوای کوشتن هێندە بەدبەختە
ئازاری ڕۆحم ئەدا سەرسەختە

بۆسۆم هەرداو هەرد با ئەی شەکێنێ
گیانی ئازیزیش وام پێدەنوێنێ

هەناسەت بریم فەلەك دادمە
بێ أنصاف بەسە،وا فریادمە

باوەجوو فریاد لای تۆ کار ناکا
تا چەرخت نەشکێ بەسەر گوێلاکا

---

(١) کێوی پشت بانە •

بەسەرچاو هاتی ئەی بەرگوزیدە.
لە جێی گلێنەم وەرە ناو دیدە.

لە یەك تۆراون بینایی و چاوم
وەرە ڕێکیان خە، بینایی چاوم!

ساقی یادی دەرد دووری جەبین گوڵ
وەصڵی لێ کردووم بەژاری قاتڵ

هەر هێندەت زانی کەڵبەکی فەلەك
داوێنی لەدەست سەندم بەکوتەك

سا، دەی بە جامێ دڵم بکەشاد
بەڵکم ڕێکی خەن بەزمێکی ئازاد

لەدەست بێگانە ڕزگاریمان بێ
بەمەستی مەیلی ئاشنایمان بێ

●

بۆچ خوێنــە خوێت بووم هەی بەد کردەوە !
منت لـــــە خـالـۆم وا جــویێ کــردەوە

دیــدە؛ ســادەی جێی جوشی خوێنــاوە
دڵــە وادەی بـــەزم نۆشـــی زووخـاوە

خـۆش ڕەنـگی لاچـــۆ، وەرە بێ‌ڕەنــگی
شــادی تـۆ بەســە ، فەرموو ! دڵ‌تەنگی

خۆشی ، بەسەرچوویت ! خوات لەگەڵ بەخێر
شەوقە بە تەوق بی ! تاکەی هەوای سەیر !؟

پێش‌خزمـەتی غـەم سـەراو کۆی ستەم
مەعـدومی بەرنـە سـەر لوتکەی ئەلەم

کـەیـە وا دڵت لـــە شـــادی کەیلە؟
دەك کوێر بی ! ئەمـە ، ڕەوییـەی مەیلە ؟!

ئـەو ، وا بە کلی غـەم چاوی خۆی ڕشـــت
سەرگەشتەی گەشتی دەشتەکەی (پای‌ڕەشت)

هـامرازی ، ئاخــەو ناڵـەی نــەوای نـەی
دڵ کەباب، چاو پێك، غەم ساقی، خوێن مەی

تـۆ وای لــە کـۆڕی هــەی هــەیی یـاران
کەیفو صـحبەتی گەروی مــەی خواران

ئـەو ( سەبون ) بردووی پڕ داخ بێپەرداخ
تۆ بۆی شـــنوێ بای لێـلاخ لـە دەمـــاخ

ئـەو تینووی ڕێی چـۆڵ لا مـلی پڕ گـــەرد
تـۆ تێراوی جـۆی بـەفـراوانی سـەرد

ملان ، سەربەرزان ، کێوان ، کەژان ، هەرد
بێشـــەرتان لـەداخ وەفـاتـان ڕووزەرد

ئـەم ئـارایشـــەو خۆڕازانـدنـەوە
بـۆ خاڵـۆمـە دێت بۆ سـەیری ئێوە

مـەشـــنێنەوە چنـووری کـــاوان
هـاژەتـان نـەیـەت توخـوا بەفراوان

ئـەو نـەبێ، چنوور لـە کاوان بۆ کێ ؟
ئـەو نەبێ، هاژەی بـەفـراوان بۆ کێ ؟

شـــەماڵ بەس بڕۆ بـە کۆســاراندا
مەشـــنێ بەســـەر گـــەڵای داراندا

ئـەو نەبێ شـــنەی ئـەو بـەرزە،بـۆ کێ
ئـەو نەبێ لـەرزەی سـەد تـەرزە،بۆ کێ

بە سەدای (سەرخۆش) دڵ خۆش موزاقان(١)
دا ، نەچلەکێنێ ئاســـکان لـــە تاقـان

(١) تفەنگی سەرخۆش •

ئەو نەبێ ناڵەی تفەنگان بۆ کێ ؟
ئەو نەبێ ڕاوی ، ئاسکەکان بۆ کێ ؟

خاڵخاصان بێ شەوق با ، تەم بە لێو بن
هێلانەی دڵان باهەر پەشێو بن

ئەو شەوقەی خاڵە ، ئەو نەبێ بۆ کێ ؟
ئەو زولفە کاڵە ئەو نەبێ بۆ کێ ؟

دەخیل ، هەی دەخیل خاڵۆکەی گیانی
خۆت لە سەفەردا ، تەنیا نەزانی

تۆ تەشریفت برد بە دڵێکی پاك
منت هێشتەوە خَڵطانی ڕووی خاك

دۆستی گیانی گیان،ڕەفیقی ڕێتە
کلی گلێنەی تۆزی بەر پێتە

نەفەرمووی چەرخی جەفا کردەوە
وەفاو مەیلی تۆی لە بیر بردەوە

بادەی بێوادەی مەرگم نۆشابێ
بەشەرتی مەردان مەردیم جۆشابێ

تا دڵ لە لەزەت دینت ناکام بێ
ئەو زەوقەی تۆ دیت،لە من حەرام بێ

جەستەی خەستەی ئێش سەودای بێهۆشی
بەسی بێ تاکەی! تەفرەی دڵخۆشی

چەپ گەرد دەستی کرد بەقینە جۆیی
عومرێ بوو هاتو تێ پەڕیو ڕۆیی

زەحمەت ڕزگاربێ پیری سەرگوشتە
ئەیهوو یاعومر، عومری گوزشتە

●

## شینی عَنبَر خاتوونی ژنی

شوورای عاشوورا دیسان بەزمی ، بەست
موحەڕەم هـاتو مەحـرەم چو لەدەسـت

ئـەو خـەریك لـە چۆڵ شـامی عەدەمدا
مـن لەکـەربـەلای دەشـتی ماتـەمدا

ئـەو یەزیدی مەرگ ، بردی بـە ئەسیر
من زادەی زیـاد پێی خسـتوومـە قیر

سـەوداو مامـەلـەی بـازارە سـاقی !
هـەی بگرە فـانی ! وەی بـدە ، بـاقی

ڕۆی حوسـەینیمە بـەیـانیم لێ بێ
ئاخۆ سـەر لەکوێو لاشـەم لـە کـوێ بێ

ئەمسـاڵ نەوبـەهـار لێمبوو بەخـەزان
گەڵای گوڵ خـونچـەی بردم بـۆ هـەردان

ئـەشی ! بـەختی مـن ڕەشـی بنـوێنێ
کێ ؟ کەی دی ؟ بـەهـار گوڵ هەڵوەرێنێ

دڵ لـە کەچبـازی ، بـازی چـەپ گـەردا
جووتی ویسـت !ـ تـاکی ، هێنـا بـە بەردا

بۆی عەنبەر لە توێی دەماخا نەما
فورسەتی لێدیم ! بێ عەنبەر وەبا

نەیچی ! بە بێبەزم یارانی گیانی
خۆشی چیماوە ، بۆ زیندەگانی ؟!

عەیشم پێ تاڵ بوو لە هەموو لایێ
تۆ، بە شیرینی یەك دوو نەوایێ

یەکێکیان جارێ ، بم توێنێتەوە
ئەو بە لایلایە ، بم هێنێتەوە

---

دووریت دیارە چەند صاحب ئێشە
بە دەردێکی تر توێی دڵەم ڕیشە

هەرچی دەبینم تۆی تیا دەنوێنێ
سەر لەنوێ دڵەم ، دادەخورپێنێ

کە مانگی نوێم دی ( گەشکە ) مە تەواو
( هِلال ) برۆی تۆم دێنێتە بەرچاو

نەشەو ڕەحەتم ، نەڕۆژ دڵشادم
شەو ، زوڵفت !! ڕۆژ ، رووت دێنێتە یادم

شمشادو نێرگس ، وەنەوشە ، هەرسێ
بۆیە چاوی من لێیان ئەترسێ

ئـــەو ، دێنێتــە بــیر ، بڵنـــدی بــاڵات
ئــەو ، دیدەی مەســتت ، ئــەو خاڵی ئاڵات

ســـــووتاوم بــەگڕەی ئــاگــری جیاییت
نــەوەك بڵێســـەی یادی تــەنهـــاییت

منیش دێم ، بــەڵام نــازانــم کـــەیــــە
بــە مــەرگت قەســتەم ، ئەمڕۆ ســـبەیە

مــوترب ، مــەقــامێ دەردم نـــاچــاره
ســـــاقیــا جــامێ ، دۆســــــت انتظاره

- ٢ -

لــەگــەڵ مەرگی تۆ !! هێند خەم پەیدابوو
خەرمــانی عرفــان تــەفــرو توونــا بوو

دیدەو ، دەماخو ، گوێو ، گەردن هەرچوار
نــازانم کامییان ؟ زۆرتــر بوون زامــار

دیــدە بــۆ ڕوومەت خورشــید وارەکەت
دەمــاخ بــۆ ، بۆنی عەنبـــەر بارەکــەت

گوێ بــۆ بیســـتنی ڕازی پەســـندت
گــەردن بۆ حەڵقــەی زولفی کــەمەندت

خێڵی غـەم ئەمـەنـد بـە دڵما ڕابـورد
وەك لەهەسـانی دابێ ، لـووسی کـرد

بـۆیـە پێی بـەڵای گـیر نابێ پێـوە
ئـەگینە گیـانـە شـۆخی شـەم شێوە

مەعـدومی لـەکوێ ؟ ئـەژیـا لـەدوای تۆ
کـەڵـکی چی دەگـرێ ؟ ژیـانی ڕۆ ، ڕۆ

قـەزا خۆی کەمبوو ، بـەڵای هـاتـە پـاڵ
بـەربوونە عومرم هـەردو بـە گۆپـاڵ

چی بەسـەر من هات ؟ یـارانی پـڕ مەیـل
ئـەو باڵاو چـەهـرەو خـاڵو زوڵفی لەیـل

تۆوی سـەرو وگوڵ وەنەوشـەو سونبل
عەزرائیل بـردی چـەنـدیـە نـاو گڵ

دیسـان ئەگەر قەیس بـەمـە دارا بێ
بـەهـارێـك دەبێ چـەمـەن ئـارا بێ

●

## - ٣ -

دڵــەی دڵ بەمــەی ، مەیــلی لــەیلی کــەیل
مەحرەمی أســرار خــەڵوەتخانــەی لــەیل

لانەی حەڵقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ
هاودەمی جێی تەنگ ألحَد سەرای سەنگ

پەروانــەی ڕووی ئــەو ئاواتــە خــوازەم
تــەرجمـــانی ڕاز پـــەژارەی تـــازەم

بیــگــەیەنــە لــەیــل بەســەد خەمــەوە
چـــاو بـــەنمـــەوە ، دڵ بـــەتـــەمـــەوە

بڵێ ! دیم شـــێتەت بڵێســـەی بــەرز بوو
بەرزی بڵێســـەی هەردەم سەد تەرز بوو

هــەر تــەرزێ لــەیــلی ئــەلاوانـــدەوە
بــە نــاڵــە بـــەردی ئــەتــاوانــدەوە

گــا کــەفی ئــەچــەنــد ، گــا ئەبوردەوە
گــا ئــەمــەی ئــەگــوت بەدەم دەردەوە:

ئای ئێشی جەســتەی بێگیــان هاتە سۆ
تــۆ کــۆچت کــردو منمــامـــە دوای تــۆ

شـــەونخوونیو دەرد تـاڵیـم لـــەلایێ
بێ کـــەسو وێـران مـاڵیـم لـــەلایێ

لـە هـەر بـن بـەردێو هـــەر راگوزارێ
فرمێسـکی دیـدەم بـــە خـوڕ ئەبارێ

چـــۆن وا دەبینم مــــەنـزل بێ تـۆ بێ
خۆ ، من بێ هۆشـــــم ، ڕاستبێو درۆبێ

گـا ، تێکەڵ ئـەبوو لـەگـەڵ ئـاخو ئۆی
فـــەردی هام فەردی لـەگـەڵ فەردی خۆی

ئـەی گوت ئەمـە جێی یـاری شـــیرینە
گوزەرگای شـــۆخی زولـف عەنبەرینە

لـەو ســــەربـەردەوە پێی هێنـایـەوە
کـەوانێ لـەڕووی نـاز کێشـــایەوە

لـەو جاســـوسگاوە خـدەنـگی پێـکا
دڵ تـلایـــەوەو دڵی هـــات پێکا ..

ســـەرتاپای دەشـــتی گوڵاو ڕێژان کرد
ســـارا ، عەنبـەری سارای هەرزان کرد

جـەلای ئاوێنـــەی جـەمـالی دەرکـەوت
مانگی چواردە ڕێی شکستی بەرکـەوت

دەمی بە ڕازی شیرین کردەوە
تامی تاڵی دەرد، دووری بردەوە

گوزەرگەی جلوەی لەیل لەحەد بەدەر
شیوەنی مَجنون تا یَوم المَحْشَر

تەقریری ئەمە، ناکرێ بە زوبان
نە تۆ بی‌بیەی، نە خوێش‌و یاران

مَعدوم کەقەزا دەرکەوت لەناکاو
نادان‌و دانا ئەکەونە گەرداو

عرفانت سازی بێ ئاهەنگێکە
هەر ڕۆژە جلوەی دۆست بەرەنگێکە

ئەمرۆ جلوەیەك دێنێتە ڕووی کار
بەیانی جلوەی تر ئەدا دیار ...(١)

نە، نە ئەو جلوەی روو لە ( پەنهانی )(٢)
ظهوراتێکە کە تۆ نای‌زانی

چە ماتەمێکە پێت بووە پێوە
دانا، کێ دیوی‌یە؟ مەغشوشی پێوە(٣)

---

(١) كُلَ يوَم هُوَ فيِ شَأن •
(٢) عَدَم •
(٣) عبر •

جلوەیەك ئەوی ـ بردە تۆی عەدەم
جلوەیەکی تر بوو بە بەزم جەم ....

گڵکۆی نازداری لەیلام تۆزی گرت
هەلسە بیٚماڵە ، نامەرد ، دەستو برد

زیٚدەوانی ئەو یاری غەمناکە
بۆ دیدەو برژانگ مەعدومی چاکە

ئاورشیٚن پیشەی دیدەی غەم دیدەم
ماڵین وەزیفەی مژەی نەمیدەم

با تۆز نەنیشیٚ بە خانەی نۆدا
خەوش نەبیٚ بە حەوش، ئەو عەنبەر بۆدا

داوێنی قەبری ئەو جەفاکیٚشە
جیٚی دیدەوانی قەیسی دڵڕیٚشە

بەڵکو ئەو باڵای ئاڵای وەك لاولاو
بی بینمەوە بەم چاو یا بەو چاو

معدوم تاو وتیٚی دووری جۆشی سەند
هۆش‌و خەیاڵی تۆی خستۆتە بەند

بوو بە ماخۆلان خەیاڵی موحال
ئەگینە شیٚتەی شەیدای پەشیٚو حاڵ

فەسـلّی وەصلّی بەزم ئەو شیرین شێوە
خـەوێ بـۆ دێتو نـاگـەڕێتـەوە ••

بـەتاڵە هـەوای دۆسـتی کۆچ کردوو
نـاگـەڕێتـەوە عومـری ڕابـوردوو

بنێشـەرە گێژ دەریـاکـەی بێ پـەی
لـە گۆشەی حوجرەی تاری ( کەشتی ) مەی

ڕووت ! روت بـدە بـەو ئەسـتێرە ناسـە
هـەر خـوا بناسـە، ناخوا مەنـاسـە

بـەڵکو بـای مـراد لـوتفی کـردگـار
لـەم گێـژە تیژە بت خـاتـە کـەنـار

ـ ٥ ـ

ئـەی ڕوونـاکی چـاو نامـەوێی لاچـۆ
لێلایی ، سـادەی فـەرمـوو ، وەرە تـۆ

چونکو قیبـلەکـەم ڕۆیی بۆ سـەفەر
دیـواری هەسـتی خسـتومە خـەتـەر

بینـایی بەڕاسـت دیـدەی پڕ دەردم
ئای چەند سەرسـەختم دوای تۆ نەمردم

بڵێسەی کوورەی دووری باڵای تۆ
گڕەی نەدینی خاڵی ئاڵای تۆ

ئاگری بەردایە محبت سەرای دڵ
مەیلت بێ جێگا مایەوە خەجەڵ

ئەو ساکە دڵەم بە وەصڵت شاد بوو
لە کوێ ئەم ڕۆژە رەشەی لە یاد بوو

دەورەی دووری تۆی بە هیچ ئەزانی
هِجرو وِصاڵی وەك یەك ئەڕوانی !

ئێستا لێك بڕان وا خۆی دەنوێنێ
ئەگەر ئازایە سەبری بمێنێ ··

●

## – بۆ ملا چراخ –

ئاخ ، چە ئاخ ! چراخ ، ئاخ بۆ ئاخداری
وەك من ، زامداری خاری داخ داری

بچووینایە سەیر سەر ئاوو چەمەن
منو چراخم چەمەن چە چەمەن

لەگەڵ بولبولان بناڵینایە
لە بارەگای دوست بلاڵینایە

تـا لـه قەفـەسدا مـاوە نـەفەسێ
ئـەوان بۆ گـلان ئێمـە بۆ کەسـێ

●

نەمـوت ؟ هەی عەرعەر سەهەندەی سەرسەخت
باخـەوان لـە دەسـت ، تۆ دڵ پڕ میحنـەت

لاف لێمـەدە لای بـالآی نـەونـەمـام
خـۆت مەخـەرە بـەنـد بـە خـەیاڵی خـام

دیتـە چـەنـدە زوو بـەچـاومـەوە بـوویت
گەڵای سـەرلقت وەری و لـەژەنـگ چوویت

گۆڕت بێ ! دەرگـای خـەمت کـردەوە
نیـوەییمانـە هـەرچیت بـردەوە ۰۰۰۰

تـۆپـڵاخـەی دووکـەڵ هیجرانی دولبـەر
کۆمـەڵـە لـە تـۆی کاسـەی سەقفی سەر

کـەی کەم ئیستە کەم خوێنـاو ئەکا شـەست
لـە دوو پلووسـکەی چاو ، چۆڕاوگـەی بەست

لافـاو لـە کوچـەی جەسـتەی خـەڵووزی
قوڕاوی هەسـتی هـەموی هـەڵ گـۆزی

ڕەنـگی ڕوخسـارم هیـچ نـەمـاوەپێ
کـەلـەم وەك کاسـە دەنگی لێـوە دێ!

●

## بۆ ملا یونس لقمەی ماسی

لوقمەکەی ماسی دەریای قووڵی مەیل
ڕووتەی سەرگەردان دەشتی دەردی لەیل

وەرم گرت نامەی خۆش تەحریرەکەت
ئنشای دەروون سۆز پڕ تەئسیرەکەت

نووسیبووت نابێ فەرامۆشیمان
گەرمی نەزم بادە نۆشیمان

ئەشێ لەگەڵ خەلك ببەشینەوە
منو تۆ هەرگیز جوێ نابینەوە

ساقی جام لە دەم یەکێ بڕێژێ
ئەوی تر بە دڵ نەشئەی ئەچێژێ

لەشو گیان یەکە ! و تۆ بە گەرمی عەزم
مەی نۆش بەو جەستەی من زەمین بەزم

کە کەوتە دەورە پیاڵەو مەی ڕژا
ئەم بەیتە، نەقشی لە زەمین کێشا

بەزمەو یاران مەست بادەی باقی‌یە
معدوم زەمینی بەزمی ساقی‌یە

یا ، بالای ساقی بەم لاوە خەمێ
یا ، جام لەو باقی‌یە بۆ زەمین نەمێ

●

جۆشی تای مەیلی دڵستانی‌یە
چارەی بە شیعری بای زستانی‌یە

چلوورەی سەهۆڵ پەنجەرەی کاوان
ئاوێنەی ڕاگرت لە سەر شەتاوان

بەفر بردی‌یە بەست گشت گوزەرگاهێ
دڵ لەیلی ئەوێ ئاهە ، ساراهێ

دڵ کەوتۆتە ڕێ ! ڕێگا دەرناکا
شەماڵ لە کوێ‌یە ؟ بە شوێنیا ڕاکا

شەماڵ ئەگەر پێت بە سەرما سڕە
بێخەرە ناو دڵ جێی گەرم‌و گوڕە

لە هەر ملەیەك فرمێسکم ( میل )٥(١)
بۆ ڕێ ناسینی ڕێبوار دەلیلە

کە ، گەیشتیە لای ئەو شیرین خاڵە
بەم دوو شیعرەوە بگری‌و بناڵە ..

---

(١) منارەی ڕێ ناسین .

بالاخانەی چاو ، دیوانخانەکەت
گلەبان خاکی ئاستانەکەت

دلۆپە دەکاو خەیالتی تیایە
پێیەکی پیانێ ! ئازیز هانایە

نانوێنێ بەهەشت ناوچاوی نوری
بە سووتاوەکەی دۆزەخی دووری

دووریت عەزابێ سەختی بۆ سازدام
عەزابێکی تر ڕووی کردە اعضام

ئای ! کێ دەرمانی ئەم دەردانەم کا
سەگی کام هاوسێ دادی بەرمە لا

چاوم بە تۆزی ڕێی کێ ڕووناك بێ ؟
دڵ بە مژدەی پێی کێ فرخناك بێ ؟

ئەم زانی ڕۆژی وەصلی تۆ دوورە
بەلام بلێم چی ؟ ( أبلە ضرورە )

فەلەك ذاد لە دەست دەردی بێ دەوات
موغەننی هاوار فریاد خە ، نەوات

بەرزکە مەقامی دلسۆزی راسی
بە بەستەی شیعری خالۆی کۆماسی

ڕووی وەصلت ئەم ڕۆم لا ئەندیشە بوو
بۆیە هەمیشە ڕۆ ، ڕۆم پیشە بوو

فەلەك وا لە ژێر بارتا وەستاوم
ئاخ ترساوەکەی نەخەلەساوم

ئەم جار دووری تۆم لێ بوو بە بارێ
بروسکەی غضب بە جەستەم بارێ

●

ڕەمەزان جلوەی ڕۆژی شادیەتی
شەوال شامی شووم نامرادیەتی

دەردەدار شوال ئای ، منیش زام سەخت
بی طالع شوال ، ئای منیش بەدبەخت

مانگی مانگی شوال جەژنی رەمەزان
دۆست، دۆستی منەو کەیف بۆ ڕەقیبان

مغنّی تارێ گەردنی خۆش تەرز
بە سەر پەنجەی ناز بێنیە لەرەو لەرز

یاد کە ، وێنەی من بەزمی گوزەشتە
یارانی پڕ دەرد بەخت بەرگوشتە

بــە نەغمــەی دڵسۆز ئەو دڵسۆزانە
بێ‌کە بــە بەستە ئـەم شـیعرە جوانە

ئای من‌و شـوال هەردووك هام فەردین
هەردوو گرفتار ئێشی یـەك دەردین

غرەی ئـەو قبـلەی من جـەفـا کـارن
بـە نـاوی ئێمەو کـامی ئـەغیـارن

●

بەهار ، خاڵ خاصـــان وان بــە هــەردەوە
کــەم ، کــەم جوانی هــات پـیری بـردەوە

تیپی ســوسـەنان ، گــەلی گـوڵاڵان
کەوتوونــە کێوان لــەبــەر نۆ خــاڵان

لــە زاخیران‌دا چنــوور لـوولی خــوارد
بۆ پێی گیـانی عەشــق تۆڕ ، داوی بنارد

بــەڕەزا بــەو چـین ، طرّەی تــاتــاوە
شــەماڵ ئـەی‌کێشــێ بـەملاو بـەولاوە

نێرگس‌بە مەستمەست ئەڵێ کوا ئەوکەس؟
گۆشــەی چـاکی دڵ بـەرنـەدا لـــە دەس

وەنەوشە سوجدەی خاڵی لا فەرزە
بۆیە گەردنی کەچە بەو تەرزە

معدومی تاکەی ؟ وشکو بێ زەوقی
گوێ بگرە لە نەی سیحریو شەوقی

دڵە وادەی صبح نۆ بەهارانە
کاتی صەفاو عیش دەردەدارانە

هەرچی دانابێو نەفام نەبووبێ
مێشکی پەککەوتەی زکام نەبووبێ

ژەنگی دەماخی خۆی پەرداخ دابێ
بۆنی ئازیزی لە دەماخ دابێ

لەو بۆنە خۆشە نابێ ، بێ بەش بێ
خونچەی ئومێدی هەر دەبێ گەش بێ

تۆ کە ئەمەندە صبحی نەوت دی
دوای تۆیش ئاخۆ چەند ، سحر دێتە دی

دڵ دیار نییە ! های نەی کردبێ
هانای بۆ خزمەت ئازیز بردبێ

لە دوای ئەو من داد ، بەرم بۆ لای کێ
چۆن بە نابەدڵ ڕێم لەبەر ئەچێ ؟

دڵ پێ سووتاوەو هەردەیش زۆر سەختە
خۆت ، بکەوە ڕێ نەسیم های وەختە

دڵ بگێڕەوە خۆت وەك شنەی خۆت
تێپەڕەو ئەمەم بۆبگرە ئەستۆت

تۆم سپارد بە جۆش ئارەزوو و تاسەم
بە گێژەڵووکەی توندی هەناسەم

کە گەیشتیە لای لەیلی عەرعەر تەرز
عەرزکە نەك جارێ بە سەد ناڵەی بەرز

بڵێ شێتەکەت گلاراوی بوو
ئەمە وورێنەی گیانەڵاوی بوو

چاو لە مەحروومی تۆزی کەوشەکەت
نانوێنێ عەکسی ڕووی بێخەوشەکەت

دڵ هێند بە تاوی خەمان بە جۆشە
بۆ شوێن هێلانەی ( سَمَنْدَر ) خۆشە

فیدات بم ئازیز جەبین پەڕەی گوڵ
دووریت کارێکی ، کردە ، چاوو دڵ

لە مە بەد تریان نایە بەسەردا
فریا نەکەوی دەستیان لێك بەردا

تۆ تەشریف بێنی ئەوان مل کەچن
با دڵو دیدە لە دەست دەر نەچن

دیدە بە کلی تۆزی پێت ڕوونە
دڵ جێی دەردتە بەوە مەمنونە

●

قوربان ، قوربانە جەژنە شادییە
دەست لە ملانە ڕووی ئازادییە

دەست ماچ کردنی خۆش نیگارانە
پێ ماچ کردنی خاطر دارانە ....

کوشتەی مەر دیاری گڵ جەبینانە
سەر فیداگەری دڵ خەمینانە

یەکێ جان فیدای ڕێی دلدارێکە
یەکێ قوربانی وەفا دارێکە

جگە سەودایی هەراسانەکەت
مەحرومی سایەی ئاستانەکەت

نە چاوی بە گەرد بەرپێت ڕێژراوە
نە بۆ قوربانی هەڵ بژێراوە ...

هێند چاوەڕێیە ڕۆحی دێتە دەر
لەبۆ ( بِسم اللّه ) و ( اللّه أكبر )

بۆ قوربانی یەکەت ناڵە ، نَی رەنگ بەی
چی دەبێ ؟ گەریێ،وای پێم ! گەر نەیەی

سا ، بۆ ئەم جەژنە کەوا قوربانە
بمکە بە سەرگەرد ئەو باڵاجوانە

بۆ تۆ خێرێکی قوربانی دەبێ
بۆ منیش مەرگی ئاسانی دەبێ

مەعدومی بەد بەخت کار ناتەواوێ
هێشتا لە پەی جەور خەیاڵ خاوێ

قوربانی دەبێ لە عەیب بەری بێ
فیدایی پەسەند ، ڕێی دولبەری بێ

تۆ پێ شکاوی بەردی هەردی دەرد
چاو کوێرو لاواز، دان کەوتەو، ڕەنگ زەرد

تۆ لە کوێی ؟ روتبەی قوربانی لە کوێ ؟
لای خوایش بەدبەختو خواپێداو جوێجوێ

●

ڕێ ، جعفرآوا ! صـــحرا ، گەرمی مـەیـل
قۆناخ، شیراز ! شار، سەودای عەشقی لەیل

دەست نوێژم بە ئاو ، رُکنا بادی شـــەوق
مـەلای میحـرابی سـەر موصەلا ، زەوق

خواجەی سـەر حەلقەی بەزمەکەی ( أَلَسْتْ )
دەماخ بە نەشـئەی بـادەی فەنـا مەسـت

دەمێکە ئـازیـز ، شـــای نەونـەمامـان
کاغـەزی نایـە بۆ شـیفای زامـــان

نـاوی ، نـەخۆشی دەردەکـــەی نـابـا
بـە فـەرامـۆشی ، وام لــە عـەزابـا

یـادی رێی دڵی لـــە بـیر چۆتــەوە
مـەیـــلی هێجـکاری ســـاردبۆەتـەوە

سـاتێ بـە سـاڵێ لێم ئـەچێتە سـەر
ئـەڵێی لای داوە، هـەی خـاکم بەسەر

دڵ بێ ئـارامـە کـەوتـە کـەفو کـوڵ
هـەنـدێ جـار ئـەڵێم بـۆ دڵ خـۆشی دڵ

مـن تـامی تـاڵی ، طـاڵعـم چـێژا
خاکی بەدبەختیم بـە ســــەردا بێژا

نـام ، لە سـەر زبـان شـیرینی تـاڵم
نـام لــە بـەر خاطـر ئـەکـا خـەیـاڵم

نـاوم نانووسـێ نـووکی قـەڵـەمی
لوول ئـەدا دەردم نـامـەی ڕەقـەمی

مـاوای دڵ ! گـەرمی وا ، هـاتۆتـە نـاو
هـەڵ ناگـرێ یـادی ئـەوی بێتـە نـاو

دڵ ، هێنـدە دڕکی مـەینـەتی تیـایـە
پێی مەیـل ترسـاوە لەو شـوێن ڕێگایـە

صەد دەلیـل دینێ کـەوا نـام پـەرژێ
ئـەو بـە تامـڵەو من ، سـەبر ئەم کوژێ

بەشقی ئەو جامو ئەو بـەزمو ئـەو جـەم
بێ مەیـلی ئـازیـز نـەبینێ بـە چـەم

نـازانێ چـەنـدە کـەوتمـە چـاوەڕێ
ئـەگـەر بـەم زووە کـاغـەزی نـەبێ

بـە دەسـتخەتی ئـەو جام جەمینەکەم
دیـدەی دنیـا دین ، دنیـاو دینـەکـەم

غەزەلێك سـەری ( مژدە ئـەی دڵ ) بێ
بـۆم بێنـەرەوە تەسـکین حاصل بێ

ئەگـەر ایشا اللّەو ماشـــا اللّەی تیـــا بێ
خواجـە تـۆو پـیرت لێی گـەڕێ وابێ

ئـارەزووی دولبـەر وا سـەری هـەڵدا
هـەردەی دەروونی ، ئـاگر تێ بـەردا

تاقەت بوو بە خوێـن لـە سەختی زامان
تك ، تك ، وەك فرمێسـك ڕژایـــە دامـان

غەم لەسەر،جۆی خوێن سەحرای دڵ،جەم،جەم
باری هـەڵ چنی وەك قـافـڵەی عـەجـــەم

هەناســەیـەکم هـەر بـە زۆر مـاوە
بـمگـەرێ ســـاقی ،کــارم تــەواوە

دەورێدە ، بـــە نــاز بـــە پیــاڵـەوە
ژەنـگی دڵ بــە جام مــەی بماڵــەوە

بۆی گولی دەردی دولبـــەر ئـازیـزە
مـەزەی تـامی غـەم ئـازیـز لـەزیـزە

بگەرە فریـام لـە جێی گشـت کەسـم
مەیـەڵە فرسـەت دەرچێ لـە دەسـتم

زینـدووم کـەرەوە بـە جـامێکی پـڕ
بـەڵکو بمێنین بـۆ غـەمیـکی تـر

یاران ئەگەر من هۆشی مابێ پێم
دەنگێکی خۆشە وا دێتە بەر گوێم

ئەڵێی زرە زەنگ زواری یە دێت
دەنگی قافڵەی، بەهاری یە دێت

ئامان قافڵەچی، دادەو دەخیلە
بنەك داری خەم هێجگار زەلیلە

لە ڕێی تجارەت ئەمرو وەلی
مایەت رەواج کا عەباس و عەلی

ساتێ قافڵەکەت ساکن لە سەیر بێ
عەرزێکم هەیە ئۆغرت خێر بێ

گێژی زرێبار فرمێسکم بە خوڕ
مەریوانی کرد بە لیتەو بە قوڕ

بای هەناسەمی !! ڕاوەستە لێدا
سەهۆڵ بی بەستێ جا، بڕۆ پێدا

ئینجا برژانگم بکە بە سووژن
سەر نووکی قەڵەم بە ئاخ ئاخ کون، کون

بەنی دوو بادی مەینەتی جگەر
تا، تا، پێی بدرو جەوالان یەکسەر

قەیاسەی قایش پۆستەکەی جەستەم
حەلقەی چەڵەمەی پێشەی شکستەم

بەتاڵی بەنی سێ‌تای ڕەگی تەن
فەرموو بایاران، باران تەنگ بدەن

زەنگی دڵەی تەنگ زایەڵەی سەد ڕەنگ
هۆناوەی تای کرژ ڕیشەی غەم گوڵنک

بخەنە ملی بڵندی پێشەنگ
دەنگ بداتەوە، فرسەنگ، ئەو فرسەنگ

مەدەد یا عَلِی لێخوڕین بە مەیل
مَنْزِلْ بە مَنزِل تا مەنزڵگەی لەیل

خاکی بەردەرگای شەرەفدارەکەت
خۆڵی سووتاوێ گیان بێزارەکەت

ئەمانەتیت بێ، شپرزەی دەست بار
نەیکەن بە پێشێل هێرشی قَطار

لەو زڕەی زەنگە کە خەبەردارە
دێتو دەزانی ئاخر دیارە

دەپرسێ ئازیز پڕ وەفاو بەینەت
کوا؟ تجارباشی قافڵەی مەینەت

بڵێ ! چۆن ! نەت دی مـەعلووم نەبوو لێت
هات پارچەی گیـانی کـرد بەفـەرشی ڕێت

تەمای شـــاباشی ســەودای سەری بوو
مامـەڵـەی پارچـەی گیـانی تری بوو

بـەڵام لـەبـەر جۆش بۆتـەی بێ ئاوی
گـەرمی هەناســەی جەرگی سووتاوی

زیوی فرمێسـکی جـۆش ئـاوردەکـەی
أشْـرَفی تێـزاب ڕەنـگە زەردەکـەی

ڕووکەش بـە زەرکەفت خوێنی گوڵناری
وەك مسی نـوانــد لــە لای بـازاڕی

بازاڕی کەسـاس ڕێی بەنـدەری بـەند
هیچ کەس نەی دەگوت سەرمایەت بە چەند

بـە بـازاردا ، بـە بـانـگی بێ شـەرم
ئـەگـەڕا ئـەی وت بە شیوەنی گەرم

مـایـــەم نـاڕەواج دەروونـم تـەنـگە
قافیـەم تـا قـاف قیـامـەت لـەنگە

●

دەرمانی زامان دەردەکەی کاریم
هاوڕازی ناڵەی شەوان بێداریم

ڕەحەتی جەستەی مەینەت بارەکەم
تەسکینی دڵەی پڕ جەخارەکەم

کاغەزو دیاری دۆستانەت گەیی
غەریب نەوازیت هێناوەتە دی

شێوەی گەورەییت بەجێ هێناوە
نازی نازداریت خستۆتە لاوە

بەڵام بینایم دۆستەکەی گیانیم
نەك یاری سپڵەی نانی بە نانیم

چونکو دڵەکەم بە مەیلت شادە
ئەم ڕاو ڕەسمەم لەلا زیادە

نەخوازەڵا من ئاوا کەیلی تۆم
سەودایی و فیدارویتو وێڵی تۆم

بۆ تۆ دەروونم پڕ ئێش و خارە
بێ تۆ زندەگیم لا زەهری مارە

هەمیشە دڵەم بۆ تۆ پڕ خوێنە
مەرحەبای خەڵکیم لە لا وەك جوێنە

ئەگەر خوای کردو بە چاوان تۆم دی،
خەوو خەیاڵم تێکڕا هاتە دی .

ئەو دینەت شەوقی دڵو دینمە
ئەو دیاری خوایە، مایەی ژینمە

ئەگینا چرام کوژاوەتەوە
قەدم لە خەمدا چەماوەتەوە

بەم کوێرەوەرییەو، بەم دڵ تەنگییە
ئەی خاکم بەسەر دیاریم بۆچییە ؟

---

جلوەی جەلای جام دڵەی ژەنگ گرتوو
فەرمووبووت تەسبیح، وا بۆم ناردی زوو

هەر بۆ تۆ چاکە بە ڕۆژو بە شەو
ژمارەی وەصڵی دولبەر بکەی بەو

نەك وەك من دەستنوێژ بە خوێناو ششتوو
غەم سیواك، نوێژی مەینەت دابەستوو

لە کونجی تاری نوێژخانەی دەردا
روو لە میحرابی هەناسەی سەردا

بەم دەست نوێژەوەو، بەم سیواکەوە
لەم گۆشەی خانەی خودای پاکەوە

دەنکە تـیلانی فرمێسـکی دووری
هۆنـراوەی تای کرژ رشـتەی مَهْجوري

بـۆ وێردی نـاڵـەی جگەر سـووتاوێ
بەسـە دیـدەکـەم تـەسـبیحم نـاوێ

●

چەرخ هەر ئەو چەرخە،چـەرخا لە بـەینـا
دەسـت ، دەسـت خاتـەمی تا خاتـەم هینا

بەزمی شـیرینی خـەسروی شـێواند
جامی سـەرجەمو سـەرجـەمدا شـکاند

شـوهرەت نامـەی نام حاتەمی کرد طی
کردیـە کاسەی کەل،کاسەی کەللەی کـەی

ساقی گـەردی ئـارد یارانی هـام فـەرد
ئەیدا لـە دەماخ ئاشـەکەی چەپ گـەرد

بانگی ئاشـەوان هـەر دێ پـەیا پـەی
هەی ئاش بـەتـاڵـە نۆرەیـە سـا دەی

کـاتێکت زانی کە ئاش هـاتـە گـەڕ
باراشی لـەشی ئێمـەی کـەوتـە بـەر

له هەر پێ دەشتێ کشتێ بکرێ
بەر سەرچاوەی مەی ئاوی نەدرێ

نایەتە بەرهەم وا ( فەریك ) نا بێ
بۆ باراشی ئەو ئاشە سزا بێ

فیدات بم ئامان با بێ پەیا پەی
بە سەر گەشتدا جۆ جۆ،جۆگەی مەی

هەرچەند کشتەکەم ئاخر کاریە
هەفتەیی دوایی نەو بەهاریە

بەڵکو لە بەختی ، بەهار وەرگەڕێ
لەم دواییەدا شیلەی تێ‌پەڕێ

حەیفە میراوی سەرجۆی بادە بێ
تێرو پڕ بەشی عالەم دادە پێ

دەغڵی من روو زەرد لای هاو فەردێ بێ
دانەی روو رەشی لای هاو دەردێ بێ

ئەمشەو دیارە بانگم بێ شەرمە
زایەڵەی سازی کەڵلەم بە گەرمە

دەنگی زیروبەم مەینەت سەد تەرزە
خەفەت شاییەتی، خەم دەماخ بەرزە

هۆشم بێهۆشە، فامم نەفامە
نازانم ڕێی لای ئازیزم کامە

نەیچی درەنگە مەیکە بە درەنگ
فیدای پەنجەت بم نەی بێنەرە دەنگ

هەر تەلێ بۆ خۆی ڕازێ بەیان کا
هەر سازێ، گازی دڵ بێ بنیان کا

بەقەد نالەی خۆی هەرکەس بجۆشێ
بەقەد پیاڵەی خۆی هەرکەس بنۆشێ

دەوای هەر دەردێ بە نەوایەکە
جەلای هەر گەردێ بە صەدایەکە

بە هەر بەندێ دڵ بتاوێتەوە
تولفی دڵی پێ بلاوێتەوە

نالەی دەروێش بێ با هەر بە جۆش بێ
وەك تەفرەی منداڵ دڵ پێی دڵخۆش بێ

هەی پشێوی هۆش هەی شێویایی فام
هەی عەقلی بێ سوود ، هەی خەیالی خام

منو نەخۆشیو خۆشی ڕابواردن
خوێنەخۆری یەکێن تا ڕۆژی مردن

سا دەی خاوەند نەی ڕیشەی دڵ پێ کەی
ئەم فەردە ڕێکخە بە مەقامی نەی

ئەمشەو بە هەر حاڵ شەو دەبەینە سەر
سا خودا مەرگێ چی دەکەین سەحەر

●

ئەدای پشێوی حاڵاتی جەستەم
نایەتە قوەی خامەی شکستەم

جۆشی فرمێسکی معدومی بێ کەس
بە زۆر قەڵەمی هێنایە هەوەس

پەلە پەل ، پەلی نایە سەر قەڵەم
ئەم تەنیا شیعرەی هێنایە ڕەقەم

وا دیدەی دڵی شێتی ڕەنجەڕۆ
لە ناو گوڵاودا دەگەڕێ بۆ تۆ

منو بێ مەیلی ؟ بە ڕۆژ ئەلێین شەو
خۆ دڵ لای تۆیە ! بڕوانەرە ئەو

بێچارە بە تای زوڵفت گیراوە
وا لەبەرتەلدا، بێ جەواب ماوە

نە نازك خەیاڵ نە صاحب إنشام
پەردەی مابێن بووم، گۆڕام لە گۆرام

لەشو دڵو جام ، جان بوو بە جانان
مایە سەرجلوەی دەستەی جوانان

ئەوسا چاو لە چاو شێوەت دیار بوو
فَصلو وَصل لام بەزمی أغیار بوو

ئێستا لێلایی گرتووە دوو دیدە
وەرە خەڵوەتە، ئای بەر گوزیدە

لە گڕەی ناری خاڵی آلات دام
لە جەهەنەمی دووری بالات دام

کە نامرمْ ڕۆحم بەرگەی خەم ئەگرێ
جەهەنەمی چۆن دووبارە ئەوێ

وەك گەڵای شادی من بای دووری لەیل
وەیشووم بردی یە هەرد ڕشتەی نەوسیوەیل

گێژی سەرکاوان پڕ بوون لە سەرما
ساردو سڕن وەك : لەیلی بێ وەفا

چنار بێ دەستو لوولو بەستەزمان
خاك بە سەری یان ئەوێ بۆ خۆیان

گەڵای زەردی ( بی ) بۆ زەردویی دار
ماسی لە ( سەراو رزان ) کوشت بە بار

ڕووی کوێستان لە بەر کۆچی جوانان
گرژ بوو و هەڵقرچا دیسان لە داخان

وەك ڕۆژی حەشری دووری لە تاوان
پیرو سەرسپیمان هەردان ، کاوان

هەوری نوێ زار ، زار کڵاوەو کڵاو
گێژ ئەخواو ئەگری لە تاوا بە تاو

وا ئەویش دەردی هیجرانی تووش بوو
یا وەك من بالای یاری لێ ون بوو

وەك گرێی پێچی دڵ لەگەڵ هەستی
نمی عارەقی موحبەّت بەستی

زنجیرەی پێچ پێچ زوڵف نازداران
بو بووە تەسبیحی تنۆکی باران

قـازان وەك يـاران ئـاواتـە خـوازن
قطارەيـان بەسـت خـەريكى رازن

بێ لـەيـل ئـاخ هـاتى لـە ئێـلاخـەوە
ئـاخ داخ تـەكت دا بە ( ئـاخ داخ )ەوە(١)

ئاسـكەكان گەل ، گەل تێكڕا تـازە مەيـل
خۆيـان هـەڵدايە دەشـتى پای دوجەيل

چاوڕەشـەی بـە نـاز ئـاوڕ دەرەوە
سـەر قطارەی ئاسـك لـەگـەل تۆراوە

وەك سـەرمەست وايـە بە شنۆی لێـلاخ
بۆی پايزی تـازەی ، دوورە لـە دەمـاخ

شـەماڵ شەو هەڵـكەو بێ بـە بێ درەنگ
سەيل، تەم رەنگ زەردی ديدەو دڵو رەنگ

لافـاوی چـاوم بـە شـەتاوانـدا
تـەمی دڵ بـە ڕووی زاخو كـاواندا

زەردی رەنگ بەسـەر گـەڵای نەمامان
تـا بـزانی پايـز گـەيوەتـە سـەرمان

ئينجـا ئـەپرسـێو بـير ئـەكاتـەوە
دەنـگو بـاس چيـە ؟ لای ولاتـەوە

---

(١) شـاخێكە .

بڵێ ئـــەوی تـۆ لـــە بیرت چـــووە
بێ حاڵــە وێنـــەی ، نیـــوە مـردووە

خـەیـالی بـالآت بـەرە لـــە چـــاوی
ڕێی خـەو نـەمـاوە ڕوو بکاتـە ناوی

هێند سـووڕایـەوە بـە دەردی دەروون
بـا ، بۆنی دەردی بـردووە بـۆ هاموون

لـــە ڕێ ! گـــرەوی لـە ( کـا ) بردەوە
بـای هەناســـەی خـۆی خێلی کردەوە

پووشـــەکەی جەسـتەی بـە هەناسەوە
هـەر ، ورتـەی ئەهات بـە دەم تاسـەوە

ئازیز شـۆخو شـەنگ لە کەل دیـاری
ئـاهووی بێ ئاهووی شـیرین ڕەفتاری

پـەی دەرپـەی گـەلی سـپی تەتـاران
وێلی ، دینی ئـەو دیـــدە نـازداران

کوێستـــان ساردی کرد شەونم دەبارێ
گەرمیـــان خۆشە ! ســـا ، وەرنە خـوارێ

تــا گەل گەل آســکان بارکێش بن تــەواو
بـاج بـە گەردنو خەراج بە سـەرچاو

بـەرزە ، هـلال ، تـار بـەفران قـەرار دا
نوخشـەی مانگی شـــۆر دڵان دیـــار دا

نەســـیم بـە بـۆنی چنووری مـــلان
خـۆش‌و چلۆنی کـــرد لـەگـــەڵ دڵان

لــە ورشـەی شـەونم لە تۆی پەردەوە
نێرگس بـە مەســـتی چـاوی کردەوە

سەوزە بۆ چیمەن ( فەرش )ە بــە دەســـتە
گوڵ بــادە بەدەست بولبول سەربەستە

لۆمەی مـن مـەکـەن گـرانـــە دەردم
سـەیرکەن چۆن شـێوا قافیەی فەردم

فریـاد لـە شـۆری زەوی چـارەی من
هـەر ســـــەوزەی مراد من نـادیـاره

داد لـە هـەوای شـــووم بەد ستارەی من
هـــەر نەوگـولاڵەی مـن مـاتـەم داره

لـە وەلـوەلـەی دڵ ! سا دەروێش جۆشێ
بـەو صـدای ریشـەی دڵ ئاشـــــناوە

یـا جۆشی سـەمتوور ، مُطـــرب خـرۆشێ
لەگەڵ ئـەم فـەردەی حەسرەت مەعناوە

بـا ، سـەوز بێ تۆوی ، ئـارەزووەکەی دڵ
هـای چـاوە دەخیـل شـەوێ شەونمێ

بەشـکم ڕوو دەرخا ، ئەو ناسکەی نۆگـول
ئاهـە نەسـیمێ ، سـەحەرگـا دەمێ

---

سـەرداری زومرەی فەلاکـەت کێشـان
فەرمان ، فەرمـای ملك دەروون پڕ ئێشـان

بادەی خـەم خوردەی مـەرگی نـاکـامان
برینی ناسـۆر دەروون پـڕ زامـان

پەردەی دڵ بـە ئێش دەروون خەم بارە
دەردی بێ دەوای دڵـەی صـەد پـارە

وەختی لافـاوی چـاوی پـڕ بـاران
جۆشـا وەك تـاوی ئـەوەڵ بـەهـاران

قرچـەی کەبـابی جـەرگـم تـەمی کرد
بـەری ئـەستێرەی ئاسـمانی گـرت

هەناسـەی ڕەشی سـاردی دڵسـۆزی
بـەردی دا لـە بـەرد ، بَرْدَ العجـوزی

یـەعنی نامەکـەی غـەم إنشـا کردوو
زادەی قـەڵـەمی بـە غـەم شەق بـردوو

شعلەی دایە گڕ ، شەرارەی نارم
بە مووشەدەمەی ، دڵەی غەم بارم

من لە پێش ئەوەی کە نامەی تۆ بێ
بەر لەو خەبەرە کە کۆستی نۆ بێ

چەند ڕۆژێ دڵم تەنگ‌و گیرا بوو
چاوم دەفڕێ‌و گریانی تیا بوو

کاغەزەکەت هات ئینجا بە یەقین
شاییم لێ گەڕا ، بە چەمەری شین

چرای ئێوارەی شادیم وەرگەڕا
تەلی سەمتووری شەوق‌و زەوق بڕا

شای شادیم شکا ، ڕووی کردە فِرار
بەیداخی شادیم کەوتە نیوەی دار

دەخیل بووم بە نُطق ، دەنگی لێ نەهات
هانام بردە بەر ، خەیاڵ، ئەویش مات

بە پرووزی جەرگ قرچەی پارچەی دڵ
بە جۆشی خوێنی دەروونی پڕ چڵ

ئەم وەك طەوفی سەخت تەمی سەر کێوان
ئەو لافاو قوڕی کرد بو قوڕ پێوان

نامَرادان وادەی شــــینی بێ شــۆمە
کەســـم نەمردووە ، وا کۆســـتی نۆمــە

ســادەی شـین بۆ کەی ؟ هەر یــەك لەلایێ
بی نێنــە جونبش گریـــەو صـــــەدایێ

خەیــاڵ غــەمگین بوو ، نوطقم هاتــە دەنگ
ئــەی لاوانــدەوە بــە سۆزی ســەد رەنگ

نـــاکـــامی أیـّــام ، کـامـــەرانیم رۆ
بــەرنــە خواردووی باغ ، زیندەگانیم رۆ

نــەوجوانی عەشـــق تەنیـــای فەردم رۆ
بـــە نــاکــام مــردەی دڵ پــڕ دەرد م رۆ

تــالار ، ئــەیــوان ، قــەصــری دینم رۆ
چــاپووك ســــواری ، رێی یــەقینم رۆ

رێ نیشـــــانـدەری قیبلەی وەرعـم رۆ
گرێ کــەرەوەی فتــوای شـــەرعم رۆ

کێ ؟ ســـرّی تَفســــیر ( قــرآن ) بنوێنێ
ئیتر حەدیســــمان کێ ؟ بـۆ بخوێنێ

کێ ؟ بەصَرفو نَحــو موشــکڵ مەحوو کا
کێ لــە عبــادەت مەنعی ســەهوو کــا

کێ بێ ؟ بە ئاداب ، ئاداب بخوێنێ
کێ ؟ مەنطق لە دەست ، منطق بسێنێ

کێ ؟ بە مُطَوَّل ، طول‌دا عبارەت
با مُخْتَصَرْ بێ ، بە بێ إشارەت

کێ بێ ؟ بە عیلم‌و زەکای جەق بینی
بدوێ لە کَنهی گۆکەی چَقمینی

فەقێ بێ خوێندن ، مَدْرَسَە بێ زەوق
مزگەوت بێ إمام ، جەماعەت بێ شەوق

عالمان بێ مەغزو شاعیران لاڵن
نازك خەیالان وێنەی مندالّن

میرزام تۆ بێ وەقت بە ناکامی دڵ
بەر لە من چوویتە خەڵوەت سەرای گڵ

شاد بووی بە وەصڵی حوری جەنانی
گەیشتیە مەرام لقای سوبحانی

مَنزل موبارەك لقای حەق رەهبەر
شَفاعَت خوازت رۆحی پێغمبەر (ص)

بێ زەحمەت لە ( هەول ) محشر ئازاد بی
لە بەهەشتا بی‌و بە ڕەحمەت شاد بی

●

قەڵەم سەرەوژێر کەوتە چاڵی ڕەش
فرمێسکی دادی دووری بوو بە، بەش

کاغەز وەك فەنەر تێك پێچرایەوە
وەك من سەرتاپای تێكشکایەوە

دوێت دووکەڵی ڕەش هەڵدەڕێژێ
نامە ( خاك ) بەسەر خۆیا ئەبێژێ

دوێت دووکەڵی ڕەشی لە دڵدا
لیقە خۆی کێشا بە کوپەی لێڵدا

قەڵەم شەقی برد دەمی کردەوە
جیرە جیرِی دێ بەدەم دەردەوە

ئەی گوت هەی ئاوات خواستووی هەناوم
هەی مۆمیایی ئێسکی شکاوم

کام برین بوو تۆ پێت نەگەیاندم
بەئاگری دووری هەڵت قرچاندم

برین هاتنە ژان خوێنیان ناوەستێ
ئەم ئێشە ڕێگای ژیان ئەبەستێ

تەلی ڕەبابی قافیەم پچڕا
عبارەت زانیم لەهۆش وەرگەڕا

کوورەی هەناسەی گەرمی ئاگرەکەم
تاوی شەرارەی دنیا داگرەکەم

ئاگری بەردایە حوجرەی دەروونم
مەجموعەی شیعرم سووتا زەبوونم

●

لەم بێشکەی دەوران دەسترازەی خەمدا
تاکەی؟ ئەموستی تەفرە لە دەمدا

ئەت خلافێنن هەریەك لە لایێ
دەنگی دایەنان بەلایە، لایە

فەرقیان چییە؟ ئەو دەنگەو تأثیر
تائەو لای لایەو بەمەزەی ئەوشیر

هەر طفلێ بێشك کەلەو بێشکە
لەم دایك بڕا، لای ئەو دایکە

خۆلە پەتانی: منداڵی بەسە
تۆیش ئەبڕێیتەوە، دوایی نەفەسە

لەسەر گازی پشت ئەبووڕێتەوە
چاو بۆ بینایی ئەسووڕێتەوە

قــەزا بــە قومـــار بــە ئـاخـــوارنــە
قــەد چــەمـايـــەوە وادەی دەورانـــە

مُطرب ســـازەکەت ئەبێ خۆش تەرزبێ
ئــەمجاریش دەنگی مَجلس هــەر بەرزبێ

گوڕەی گریـــانم وا جـۆش بسـێنێ
داخی ڕۆییـنم لـــــە دڵا نــەمێـنێ

داد ، دادێ نـــادا وا دیـــارە ئــــەڕۆم
شـینم بۆ ناکا کەس ، دوای خۆم وەك خۆم

سروشــــتی منو حـوکمی تـەبیعـەت
قــەد یــەك ناکەون یـارانی سـەربەست

جـەزبــەی ئاســـنینم پـەرداخی داپێم
موغنـاطیس کەوتـە نـاو شووشەوە لێم

کارەبـا لـــە دەور کـــام دەورە ئـەکـا
سەیر کەن ! کارەبـا ، لای کام بـو بە کـا

کـافوور کـــە گـەرمی منی پێ بـگا
خـوێنی قفـاڵی ئـەبێ بـــەر بـــدا

وەك فرمێســـکی مــن بــە نــەهاتــەوە
بیســـتم کــە ئـازیـز ڕۆیی‌و هـاتەوە

( بڕنووتی ) گـەردی ڕێی دەردم هـەوا
بـۆ إفـلاطـوونی ئـەبـا بـەـە دەوا

ئـەوەڵ بـانـگی نـەی مـردنـم دێنێ
دووەم بـۆی ڕۆژی بِعثَـت ئـەنوێنێ

هـەوای سـازگار فەسڵی مەینەت وەخت
دەمدەم بـۆ شـادی دێنێ صـەبرو جەخت

ئـازیـزم عـەکسی نـامـەی نامیتـە
سـایەی صـفەتی خـۆش کـەلامیتـە

هـای هـای ئـەم نـازە مَظهـری کێـیـە ؟
نەشـئەی صیـفەتی زاتی تـۆی پێـیـە

لـەجـواب نـەنـاردن ، لـەبێ وەفـاییم
هـەر چیت فـەرمووە ڕاسـتە بینـاییم

وەفـام ببـوایـە دوای تـۆ دەمـردم
یـاخـود ئـەبـڕا پەنجـەی پێی فەردم

---

ئـازیـزم نامـە پێچ ئـەدا وەك مـار
قـەلـەمی چـاو ، یـەك ! فرمێسکم هەزار

خـۆیدا لەسـەرکـەف کووپـەی سیایی
بـۆ شـکات کردن دەردی جیـایی

بەخوا نە دووریت ئەبڕێتەوە
نە گیان لەلەش‌دا جێی ئەگرێتەوە

یارت نایەڵێ خۆم بۆ خۆم ببم
ئەوی خۆم دام‌نا بەلایا بچم

سەراپام یەکسەر بەشادمانی
نایەتە خەوی سەد زیندەگانی

ئەجزام سەربەستی کەیف و خۆشی‌یە
پارچەم ئاگایان لە یەکتر نی‌یە

نە دڵ یادی ڕاز بۆناو بردنی‌یە
نە پەنجەی ، هۆشی قەڵەم گرتنی‌یە

هێند لەزەلکاوی دۆێت‌دا مایەوە
قەڵەم واگەڵای لێ ڕوایەوە

بە ناڵەی قەڵەم دڵان پەی‌خەستە
گەڵا هێنایە بەستە بە بەستە

ئێستا یادتن سزای خِطابە
یا سزای بەناز یا بە عِتابە

لە ئاگری دووری خاڵی ئالآت‌دام
لە جەهەننەمی دووریی بالآت‌دام

کەس لـە من ڕەخنـەی نـەمـردن نـاگرێ
جـەهـەننـەمی ، چۆن ، دووبـارە ئەمرێ

---

ماران بەتاڵی پێی خۆشیمیان گەست
لـە پیاڵەیی چاو ژار تویژاڵی بەست

ساقی مـەی ! هـەی داد ، مُغَنّی چـەنگێ
فیـدای نەغمـەت بم ، بـەرز کـە ئاهەنگێ

گەرمی مـەی ، نـەواو کـزەی دەفو نـەی
تێکەڵ بن لەگەڵ شـینو ڕۆو ، وەی ، وەی

بڵێن چـە وادەی نشـینگەی تـەنگە
یـاران چـاوەڕێـن ، کـاکـە درەنـگە

بـۆ بەغـدا ئـەچین بـە دڵو گیـانی
بـۆ زیـارەتی : ( غـەوسی گـەیـلانی )

کێ ؟ وەك تـۆ لێی دێ دەسـت بەدۆعـاوە
گەردنی کـەچ کـا لەو بارەگاوە ····

دەخیل جەماعـەت بێ امـامـەتـە
امامـەت مـاتـەم بـەبێ قـامـەتـە

گۆشـەی تـای هێندی مەندیلی بێگـەرد
بیکا بە لفکەی سای گـەردنی زەرد ····

قیـــام دە بــە بــەژن قـــەدو قـامــەتت
قیـامەت هەڵسـێ بە قـەد ( قامـەت ) ت

هـاو دەردان چـاویـان لەڕێی شاییـیە
چ خـێر بوو دەنـگی کـــاری خێر نی‌یـــە

مەیلت لــە گــەڵمان وەك ســـارد دیارە
یــا جەستەت خەستەی گەستەکەی مارە

ڕۆ ، بـۆ ئـەو مـــەیـلەی ڕێ خـودایت ڕۆ
ڕۆ ، بۆ وەفـاو شـــەرت ئاشـــنایت ڕۆ

ڕۆ ، بۆ ئێشی سـەخت مارگەسـتەی کاریت
داد بۆ ژوور ســـەری کـەس نـادیـاریت

خەریك بووین بۆ تۆ ، بوکمان سوار ئەکرد
کـەچی بوکی خـاك وا ، تـۆی داگـیر کرد

لـــــە دڕکی دانی تیـــژی ژاری مـــار
دڵی ناســــــکی خـۆت مـەدە ئـــازار

تـۆ نـەو گوڵی‌بـاخ مصطفایی بـووی
گەنجو خــەزێنـەی مرتضـــایی بووی

عـادەتی گـوڵـــە ، بـە بێ خـار نـابێ
مەشـــهوورە گەنجیش بـەبێ مار نـابێ

غەریبیت تێکەڵ بە شەهیدی یە
شەهیدی هاودەم بە سەییدی یە

ئەو پێغەمبەرەی ئەمڕۆ تۆی سەرخست
بەنازو اعزاز ، کاری تۆی ڕێك خست

اُمێدم وایە سبەینێش لەوێ
شەفاعەت خوازی ئەوت بەرکەوێ

●

هەر چەند لە پڕدا دەماخم تەم بوو
هەوری ڕەشی دەرد لە کەللەم جەم بوو

بەرقو برووسکەو تەمی پێکادا
لە پلووسکی چاو ئاوی حەوا دا

ئاوی چاو پووشی وجودی بردم
دڵ بووورایەوە ، بێ هۆشی کردم

زانیم دیسان دڵ کۆستی نوێیەتی
گردەلوولیەو مەیلی تۆیەتی

جۆشی خواردەوە چارە چوو لە دەست
بە هەر حاڵی بوو وا شەرتێکمان بەست

نەك خۆی لای قیبلەم ڕێك خا بە فێڵێ
بڕواو بەدەنی خەستەم جێ بێڵێ

سەر هەرداو سەرهەرد مەنزڵ بە مەنزڵ
دڵ بە شوێن تۆداو من لە شوێنی دڵ

دیم بەد عهدی کرد کەوتە هەواوە
بەدەن بێ تین بوو ئەو مایە دواوە

لە بێ شرطی دڵ ماتو زەلیلم
بگەرە فریام شەماڵ دەخیلم

ڕەحمێ بکە بە حاڵ دەروون پڕ داخان
بکەوەرە سەر کێوانو شاخان

هەر جێیەك وەك بەخت دووری نۆ خاڵان
ڕەشو تاریك بێ لە سیا ماڵان

پڕ لە دووکەڵی هەناسەی دەردە
ئەوە یەتاخگەی خاڵۆی هام فەردە

گا، لە گەرداوی گێژی مەینەت دا
گا، نوستووە، لەتوێی نوێنی خەفەت دا

لە گەرمی هەوای کرژی کوورەی مەیل
چاڵی تینوەتی لە نم بووە کەیل

وەك خۆت لە سەر خۆ عارەقی بسڕە
بە شنۆی فێنك تینیوەتی ببڕە

بەڵام بە سروەت ، تای سورمەی بێ گەرد
ئازاری نەبێ بۆ سای گەردنی زەرد

کە هاتە پرسین فرمێسک هەڵ ڕێژە
لە جوابی ئەو دا بە نەرمی بێژە

خەستەکەی خەریك نەخۆشی دووری
ئەمەی کردبووە چارەی سەبووری

زەحمەت هێندە سەخت دەرویش وا مشکڵ
ئازیزیش وا دوور ئەمەیش شەرتی دڵ

لە یاران کامی یان کۆچی لە پێشە
وا دڵەم دیسان بە ئێش و نێشە

تاوی ئاگری تەنووری دەروون
لێم بووە بە گڕەی سەبوونی هاموون

ساقی لە ڕیزەی مەیی ، دوو ساڵە
جامێکم بەرێ ، حاڵم بەد حاڵە

مُغَنّی ، دەستەی ساز کۆ کەرەوە
نەوای هِجرانیم بۆ لێ دەرەوە

نەی چی ، سا ، لێدە قەزات لە ماڵم
فوو بە نەیتا کە، دەروون زووخاڵم

هۆشت بێ هام فەرد سازت بسازە
بە شۆری حوزنی نەوات بنازە

بەو ناڵەی ، نەیە ، ڕۆحم وشیار کە
خەوی شەوانم بە ژەهری مار کە

قەزای پەنجەکەت لە گیانم کەوێ
دەروێش کەرەم کە بۆ تەنها شەوێ

---

ئەمشەو بە ڕەغمی جەستەی زەبوونم
لە بەحری غەمدا وا سەر نگوونم

خەیاڵانی خاو پڕ لە کەللەمە
هەناسەم بووە ، بە مووشەدەمە

پڕ لە زووخاوە دڵەی پڕ خونم
قوڵپ ئەدا لە غەم دیزەی دەروونم

ڕەنگاو ڕەنگ بە ڕەنگ گلگونە بەرگم
لە گیانەڵادام ، نزیکە مەرگم

وەك دانەی سەر ساج هەڵ ئەدەم جار ، جار
لە تاو گڕەی دڵ وەك شەرارەی نار

سووتام،هەی سووتام هەر وەك شعلەی نور
وەك سورمەی سبحان تجلای کۆی طور

خـۆ من قەقنـەس نیم وا بووم بە قەقنەس
بـگەرە فریـام هـاوار فـریـاد ڕەس

شـەوو ، ڕۆژ پیشـەم شـینو گریانە
هـەمووی لـە داخی دووری یـارانـە

ڕۆژ لـە شـەو زیـاتر زارو زەلیـلم
سـاقی سـا جـامێ ئـەمجـار دەخیلم

پیـالە یێك نۆش كـەم دیسان وەك جاران
بـە ڕەغمی گـەرمی‌ی گەرووی مەی خواران

شیعری خۆم لە جێ‌ی نـاڵـەی سەمتوور بێ
بـە ناڵـە كەللەی مَجلس پڕ شـور بێ

چەنگ‌و مەی‌و نـەی ، كـەف‌و دەف‌و زەف
هەر شەش پڕ زەوق بن لەهەر شەش تەرەف

بەڵـكو بـەم شەشە خـەم بـدەین بە بـاد
بـا شـەوێكیش بێ ، بـگەینـە مـراد

سـاقی دادمـە ، بـگەرە فریـام
لـە رووی نـازەوە دەسـت بدەرە جـام

با بـەس سـەرینم پڕ خـوێنی گـەش بێ
لـە نـاو جِهـاندا من بـەختم ڕەش بێ

لێم دوور خــەرەوە خــەیــاڵانی ســـــەخت
بــەڵــکو بمێنێ مــەعــدومی بــەد بەخت

---

نامــەکەت گەیشــت بــوو بــە دەوای دەرد
بــە چــاو ڕوونی‌یــەوە مطالعــەم کـــرد

ئاخ بێخی خۆشـیم هـــەڵ کەنـــدراوە
چــارەی تــەدبـیری کەســـــم نەمــاوە

ســـەرەتای زووخــاو لە جــەرگم جۆشی
ڕەفیقــانم دێن ، گشــت بۆ ســـەر خۆشی

هاوار ، یانی ، ها ، نەی بیســتووە خــاڵۆ
کۆســتێکی تــرم کــەوتــووە لـــە نــۆ

ئــەڵێن دیــدەکــەم بێ وەفــایی کـــرد
شــەرت‌و پەیمانی پێشــــووی لە بیرد برد

زیــادی کرد ســـەردی دڵەی لــەغەم کەیــل
کــەم بوو گەرمی تــاو کوورەی وەفاو مەیل

هەوای دۆستێکی تــازەی پــەیــدا بــوو
دڵ ســـوو تاوەکەی ، بیر چوو شــەیدا بوو

دیدەکــەم تــۆ مەیل دۆســـتت ضَرور بوو
بــەلام بێ شـــــەرتیت گەلێ لێ دوور بوو

ووتم برینم کــەوتــە گۆشـــتەو زوون
ئـای کولانتــەوە بـۆ نــاڵــەی دەروون

بـەزەییت نــەهـــات بـــە زاریمـــەدا
بـە نــاڵــەی شــــــەوان بێــداریمەدا

بـە دڵـــەی پــڕ ئێش پــڕ زووخــــاوم دا
بـە هەناســـەی ســـارد بێ هــەنــاوم دا

من دڵــم بــە تیر تۆ ئێشــــا یــا ئــەو ؟
من حەســرەتمەنــدی تــۆم کێشــا یا ئەو ؟

من بووم بە ســـــەر گــەرد باڵاکەت یا ئەو
من فیدای خــاڵی ئــاڵاکـــەت یــائــەو

لـە بـەدبـەختی خـۆم تـەریق ئەبمەوە
نـەم زانی هێنـدە لـە بـیر ئـەچمەوە

گریمـــان من هیـــچ ، وا لێــم نــاپــرسی
ئـەی قیـامەتیش لـە خـوا نـاترسی

خـاڵــۆ وەردی دڵ ، بێ نهـــایــەتــە
بەشـــــکات ناڵێم وەك حـکایــەتــە

مـاڵ ئـاوایی غـەیـر وێران مـاڵـە خـۆم
عالەم دەم شـیرین ، من دەم تـاڵـە خـۆم

حەڵاڵ پێ نەشیاو ، بەش حەرامە خۆم
شادی بۆ نُقصان ، غەم تَمامە خۆم

هەڵۆ زەدەکەی بێ پەڕو باڵ خۆم
درۆبێ یا ڕاست ، هەرەس بە ماڵ خۆم

چە وەقتی هاتی إنشای فەردت بوو
چە وادەی داوای ، دەوای دەردت بوو

گلاراوی مەرگ ، ئەم لاو ئەو لامە
دەخیل تەدبیرێ حاڵم تەمامە

●

ئەوا تێپەڕی ........
خاڵۆکەم زستان ئەوا تێپەڕی

بەهار هات سەرمای لە زەمین بڕی
زوقمی چوزەرەی گوڵاڵەی سڕی

سەوزە خەتی ڕووی نەو نهاڵیدا
سەڵای بەڵای حاڵ دڵ مەلالیدا

دڵی ڕاپەڕاند شنۆی بای سەحەر
بۆی ( بەرکەمەری )ی چەندە بەرکەمەر

وەك دووكـەڵ لـەڕووی دڵ بـۆ خاویـران
تـەم سەركەوتە سـەر ئـاو و تاویـران

صـفای سیرانگای ملەو سـەر هەردان
ئەناڵێ بۆ بـەزم جەرگـەی هـام فـەردان

نەك وەك فَضـای كەیف بركی سـیاوان
خونچـەی سـەرزاخیر لەپـای بەفراوان

من خـۆ دوور لـەتـۆ وەك مردوو ، مردوو
هـەروام لـە خـەیاڵ سـاڵی ڕابوردوو

تەرتیبی راوم من ڕێك ئـەخسـت بـۆت
تۆخۆت گورج ئەكرد، وەك كێ؟ هەر وەك خۆت

خَریتـەو رەزنـەی مـەعـدەنی كـانی
شـێوەی صـنعەتی سـەلیقەی مـانی

صُب لەجاسـوسـگەی ملەو سەر بـەرزان
وەك تیشكی هەتـاو شـعلەی كرد هەرزان

ئـەت كردە شـانت لوولـەی دوور منزڵ
مۆسوی سـەرتَڵ كارخانـەی موصـڵ

خارای خانان طاق قـوڵی لـوول خواردوو(١)
وەك نیـگای دِولبـەر هـەزارە كردوو

---

(١) تفەنگ .

دڕستی‌و هـەڵمەت قـەزاو خیـاڵ طور
نـەعرەو ناڵەو تـەم ، ڕەعدو بەرق‌و هەور

خۆش دەماخ دڵشـاد بـەو شکڵ‌و شێوە
دووکـەڵی جەسـتەی سـەد سەوداپێوە

خـاو ، خاو لە شـوێن ڕاو چـاو بـەنگاوە
تـەکم دا بـە لای کـۆی ئـاتەشـگاوە

من مـات‌و بێ‌دەنگ ، بێ‌صـەداو نـاڵـە
یـەکێ بووم وەك بـەرد ، قوللەی قَزاڵـە

تۆ گەل گەل ، گەلی کەڵت بـەچاوکـرد
پـارێـزت پەی ڕیز هەسـتیمت ئـەبرد

پشـووت ئـەخواردو هەناسـەت ئەگرت
شـاخەی چەتاڵت ، لەبـەرد توند ئـەکرد

مشـت بـۆ گرتـن‌و پیلکەی سـەرماشەك
تـەقـەو لێدان‌و رمـانی کـەڵیـەك

گوێت لێ هەڵ دەخست ، هۆش بە صەداوە
هـەر بەردێ بـە جوێ ، دەنـگی ئـەداوە

بـاز رەقـەی تاوی ، کێو تـلی ئـەخوارد
هەر بەرد بوو لەهەرد ، ئەهاڕڕا وەك ئـارد

دوای ئەمە دڵـم ، لـەڕاو هـەڵ ئـەنگوت
کەوتمە تەماشـــای مَنظَـرەی ناســـوت

لـەرزەی سـەد تەرزەی سەوزەی دیاران
خەنـدەی نـەمامی طـول گۆپـکە داران

شـــــنۆی هـەڵاڵان لـەکێوی نـووردا
پەخشان لەسای سَنگ ، بە رووی چنووردا

شادیو خۆشیو عەیش ، چەمو خەم جەم بوو
چشـتێ لـەلامـان کـەم بوو هـەرخەم بوو

ئێسـتا لـەدووری وەك خەســـتە دڵان
مـەلولو بـەدحـاڵوام لـــە ئـەردەڵان

تۆ مەســـتی بـادەی دەرد أفْگَنی مـەیـل
من زەلیـلی دەســت ، نیگای بـاڵای لـەیـل

نـەئـەو سـەیر نـەئـەو ، نـەتۆ دیـاری
ســا ، وەرە ، هـەڵکـە بەدەردی کـاری

●

دڵـە چین کـەوتـە جـەبهـەی شـەوقتا
پێستی مەرگ کشـا ، بەڕووی زەوقتا

بۆچ وادڵشـــادیت ، ئـازیـز مردەیـە
بـۆچ وادەمـاخت لـەیـل گـوم کردەیە

بەپێی ئەو ئێشـەی کـە نـەسرەوتەوە
وادیارە کۆچی ، لـەیل دوورکـەوتـەوە

چەنـدم وت ئـامان ، دەخیل صـەدئامان
خۆت مەخـەرە بەنـد نـەو توولْ نـەمامان

ئـەم گوت کـەدەسـتت لـەدامَن گیربێ
ژاری مـاری دەرد ، دووریت لـە بیربێ

گوێت لێ نـەگرتم ، هـەرچـەند دادم کرد
دیتـە بێ گـوێی چۆن تۆی لـەنـاو بـرد

بـەقۆچـەقانی ڕشـتەی دووری لەیـل
لەیلی نـاردە خێـلْ تۆی خسـتە دوجـەیـل

ســابـامن بـگریـم تـۆ بـلاڵـەوە
من بـەزامی سـەخت تـۆ بە ناڵـەوە

سـاقی گردی کـۆچ یـاران دیـارە
خێڵی هـاومـاڵان بـۆم چـاوە نـوارە

من تەنها ماڵەی جێ ماوەی دڵ تەنگ
بێ کەس گرانبار ، پێی بارە بەرلەنگ

مەگەر بەهەی ، هەی ، نەشئەی جامی مەی
لەم پلە سەختە فریاد رەسیم کەی

ساپێم دە جامێ بە عەشقی دڵدار
کۆچی دواکەوتەم ، بگاتە هەوار

---

نامەکەت گەیشت کۆستم کەوتەوە
دڵەی ئاگرینت ، دابەنەوتەوە

تاکەی ؟ تۆ بەوزام من بەم دەردەوە
تۆ بەکاوەوە من بە هەردەوە

فەرمووە ئێرە ، باکۆڕ مان جەمبێ
لەتەك یەك دابین غەم لامان کەمبێ

بێسارانییە لەتۆی شیعرما
خەم لەگەڵ خەمان ئەدرێت بەبا

هەناسەی ساردم لەدەروون دەرچوو
خێڵخانەی کەیفم هۆزی لێ تێك چوو

وەیشوومەی مەینەت کردییە تەمودو
گەڵاکەی شادیم وەری وشك بوو

سەرچاوەی شەوقی چاو ، سەهۆڵ بەستی
( خەڵووزە ) لیٚ‌یدا مـەزرعـەی هەسـتی

نەشـئەی وەختی سـەخت قەوسی پایزە
یاشـنۆی دووری بـالاٚی ئـازیـزە

---

فـەلـەك ئـەت ناسم کارت چەپ گەردە
چـەپۆکـت زۆرە بـۆ بـاوك مردە

چی‌بوو ؟ بـەم دەردەت نـەبـردمـایـە
مـەحروومی قیبـلەت نـەکردمـایـە

بۆ تۆ دیـدەنی شـەم دیـدارەکـەی
بۆ تۆ گـویٚ لـەڕاز شـەکر بارەکەی

بـەلاٚم بابەس بیٚ ئـەم بـەختی شـوومە
بـادڵـم خۆش بیٚ بـەم بـەروبـوومـە

بـۆ فیٚنـکی دڵ ، هـەراسـانـەکـەی
بـەسـە طوافی ڕیٚی ئاسـتانەکەی

ئازیز کام خویٚن ما ؟ کە دیدەم نەی‌ڕشـت
یاکام زوو خاو ما ؟ دەروونم نـەی‌چەشـت

کـام زامی مـەینـەت کـەدڵ نەی کیٚشا
کام قیمەی دەرد بوو ، جەرگ پیٚی نەئیشا

بەسەکوا تاقەت ؟ نەما سەبووری
ناتوانم بیکەم گفتو گۆی دووری

وای ئاگر خستە مُحِبَّتْ سەرای دڵ
مەیلت بێجێگا مایەوە خەجەڵ

ئازیزم ئیتر توانام نەماوە
دڵ گۆشتو خوێنە لە بەرد نەکراوە

●

دەمێکی پێچوو ! نایەت خەبەرێ
تای تامڵ برِا نەسیم سەفەرێ

تا ، ئەوجێ بەندەی هەردەی لیلاخان
بۆ خدمَت سەرئێل بڵند دەماخان

وەك تالع داران ناوم بەچاکە
بەنەرمو لفظی شیرین ئەدا ، کە

بڵێ دیم ساتێ ، بە ساڵێ دەچوو
دەم بە دەم حاڵی لێ ئەگۆڕا زوو

گا دەبوردەوە لەسەر خوێنی چەم
ئەی خوێند ئەم شیعرەی دێوانەکەی شەم

گەشتی سەربەرزان کوێستانانت بوو
حەیفت کرد ئەی شەمنت لە بیرچوو

گا ئەی گوت دووریت ، درێغی نەکرد
گەرمای گەرمیان ، گەرمی بەکار برد

بەلاّم دڵ گەرمای لەبیر بردمەوە
هەناسەی ساردی ، فێنکی کردمەوە

گا ئەی گوت ئازیز ئای دڵ ئەفگاریم
هەی سبحان الله لە انتظاریم

بەڵکو مژدەبێت ناکاو لەدەردا
چاو دیدەوانە لەڕاگوزەردا

دڵ سەرسەری یە نەما لەجادا
سەرشێتە لەبەین خەوفو ڕجادا

ئاخۆ بەوەصڵیٚ ئەم ژێنێتەوە
یا هەربە هیجران ئەم توێنێتەوە

ئەمە کزەی دەرد ، گرفتاریمە
ئەمە ڕێی دووری إنتِظاریمە

وا بەسۆزی دڵ تەفصیلم دابوٚت
ئیتر هیچ ناڵێم ! خۆتو ڕەحمی خۆت

●

خۆشی نابینێ شەوقی ( جەبینت )[1]
وادیارە لێڵە جامی ( جەمینت )[2]

تاڵە دەمی دڵ مەینەت گازەکەت
تامی دووریەتی ڕیزەی ڕازەکەت

بەدبەختی منە هەی ماڵوێران خۆم
ئازیزێکی وەك تۆ ڕام نابێ بۆم

ئەگینە چرا، پەروانە دارە
پەروانەیش نەبێ ، پەروانە دارە

ساقی دەستی چەرخ هەروا لەکارا
تای تەونی دووری کردووە بە دارا

سەروەختی هەستی لەدەستدەرکردووم
ئەمڕۆو سبەیە، وابزانە مردووم

ڕەواجە إذنی قَبْضی حَوالەم
زووکە کەرەم کە، بدە پیاڵەم

هیمەت خوازی کەین بەیەك پەیمانە
چۆڵ بێ لەئێمەیش گۆشەی مەیخانە

●

---

(١) ناوچاوان .

(٢) جامجەم .

چەرخی چەپ ڕاستە بێتانو پۆیە
دەردی سەری زۆر ، بەڵای بێشۆیە

بەدی چاکەیە ، چاکە بەدنامی
عاقڵی شێتی ، شێتی پڕ فامی

دەشتی هیدایەت ، تاریك ئەبینین
پردی سەربوار ، باریك ئەبینین

ناڵەم وەك ناڵەی نەی مەقام خوێنە
شووشەی مەی !! لۆکەت لەگوێت دەربێنە

تۆ قەهقەهەت بێو پیاڵە پڕ لە مەی
ساقی (ها) بڵێت ، من بڵێم ( بێت ) دەی

بە سادە لەوحی مەلا بتوانێ
حەڵاڵی بادە ، مەنسوخ نەزانێ

مێزەری لەسەر مێزی مەزەبێ
وەك گوێ چەقمینی سەر بێ فزەبێ

صوفی حەقپەرست بەنەعرەی هوو هوو
دەستارِ وەك دەستارِ ئاشی ئاوکەوتوو

منیش بەفەیضی شێتیو نەفامی
یەخەم بدەمە پەنجەی بەدنامی

بــه دێوانــه‌یی مُشــــکلم هــه‌ی بێ
بــه‌لاَم بنۆشـــم ، لــه‌لام وه‌ك مــه‌ی بێ

بلێســه‌ی مه‌ستی سه‌ر هــه‌ڵدا له دڵ
بــه‌و چرایـــه‌وه بـگه‌مـــه مــه‌نـزڵ

•

نه‌هــات بــه نه‌هــات دڵماتــه ئه‌مشـــه‌و
شــنه‌ی شــه‌وه‌کــه‌ی به‌راتــه ئه‌مشــه‌و

( أم الكتــاب )ی میــرزای ئــه‌زه‌لـــه
بـۆ کــه‌مو زۆری رزق‌و ئــه‌جــه‌لـه

ئــه‌و، بــه‌بــه‌راتی بێ ئــه‌نـــدازه‌وه
ئــه‌م، بــه‌فرمـــانی عومـری تـــازه‌وه

ئــه‌و، نوقــڵی ڕازی دولبـــه‌ر ئــه‌مژێ
ئــه‌م، تامی لێــوی جــانــان ئــه‌چێـــژێ

هانــا هــام دەردان هــای چی ئــه‌ڵێن بـۆم
من که‌وتوومه شــوێن قســمه‌ت نامه‌ی خۆم

ژاری دووری گیـــان ئازیــز ئه‌نۆشــم
ڕازی شــیرینی نایــه‌تــه گوێشـــــم

یەعنی لەشوومی بەختی سیای من
ئەمشەو لەریەوە تولّ طالعای من

گەلاّی زیندەگێم وا بەهەواوە
ئەم دیو ئەودیوی یە، بەبای فەناوە

ئالۆدای تأریخ کامەرانی مە
نەشئەی دوایی زیندەگانیمە

یاران تێپەڕین نۆبەمە هادەی
ئێستا کەلّك ئەگرێ ساقی نەشئەی مەی

سادەی تای دوگمەی سوخمەی دڵ پەسەند
ئازاد کە وەك دڵ بێداردان لەبەند

پەشێوکە لانەی دلاّن لەسەردا
گۆشەی عَرَقچین بێنە بەبەردا

مائِل بێ کەمێ ئەداو گۆشەی چەم
گۆشەی چاو بۆجام، جام بۆئەهلی خەم

دەورەت بەبا، دا ئاشووبی دەوران
ناز، بلّێ (چێریۆ) غەمزەت! نۆشی گیان

تافوارەی وشك لوولەی ئێسکی ڕێش
هەریەکە پرشەی ڕۆح بداتە پێش

بــه نــەشـــئەی مەســتی بمخوێنێتەوە
لــه قــەیـدی هەســـتی بمســـێنێتەوە

●

## شینی ئامینەخان

ماتــەمیو بەهــار ، بێشـــەوقیو نۆگوڵ
مَلولی وگـولـزار بێزەوقیو بولبـــــول

بەیـانـیـان بـۆنی نَســیم وەك جاران
نـادا لـەکـاخی دەمــــاخی یــاران

ئاخۆ لـەم سـەروەخت قـەزای بـەهـاردا
کـام تـەم لـەهـەردەی قــەزا دیاردا

سـەدای هـەیدیبـای شـیوەن هەرزانە
ســەڵای واوێــلای بـارام تـەرزانـە

گوڵشەنی حوســنی شـــای گوڵئەندامان
وەیشـوومـە خســتی‌یە بەرگەڵا ڕێـزان

ئـەو بـاڵای ئـاڵای وێنـەی سَهیسنەرو
ســەد دڵهێلانـەی لێکرد وەك تـەزەرو

هەڵ کەندراو ڕووخا لەگەڵ ئاخ‌و ئۆی
تەزرووی نیشتە ژێر سێبەری خۆی

تای بەڕەزای شەنگ عَنبَر بۆی شەوڕەنگ
بوو بەتاتای تاش الحد سرای سەنگ

گوێی نَزاکەتی جِسمی مەلەکی
لە ئاوریشمی خاو ، دادەچڵەکی

لە جامەی خاك دا هەڵکردی چۆن بێ
دەك چەرخە بەختت ، هەرشین‌و کۆن بێ

نێرگس واچاوی ئەڕوانی‌و گەشە
تۆ چاوت لێك‌نا ، ئای بەختم ڕەشە

بۆچی ؟ خێڵخانەی خۆشت لەبیر چوو
رووی بارگەت کردەلای حوریان زوو

راستە هاوڕازی حۆریان خۆشە
بەلام عەشرەتت زۆر بۆت بەجۆشە

باری تۆو صَفاو سَیرانی گُڵ گەشت
هَمسایەی حۆری ژێر طوبای بەهەشت

عەشرەت پێچ ئەخوا بەزەحمەتەوە
بەو ئێشەوە تا ، رووی ڕەحمەتەوە

●

## شێوەی شیوەنی پەریزاد خانم

ڕشـــــــتەی مرواری فرمێسکی شێواند
لـە دەورەی ڕۆژدا پـەروین خـۆی نوانـد

جێی نینۆك بەخوێن لـەگۆنـای بێگـەرد
مانگی بـەسور گرت ، دڵی ڕەش داگـرت

شـــیرینی قـامـەت قیـامـەت کزکـەر
جـاڕیدا: بـــەرگی تـازە بکەنـەبـــەر

ئیتر فـەتوای شـەرع بادەنۆشـــان بێ
حـەڵاڵی بـەرگی ماتـــەم پۆشـــان بێ

خۆشـــــــە ئـەو بـاڵا بـەوکـاڵایـەوە
بێڵە ئـەوکـاڵا بـــەو بـاڵایـــــــەوە

ســـــەرچاوەی حـەیـات لـەظُلَماتـایە
کەعبـەیش هـەروەك ئـەوبەرگی سیایە

●

## ئادەمیزاد نەمرێ بــە هەموو

## دڵخوازێك ئــەگــا

باوەڕم نەدەکرد من بگەمە ئــەو ڕۆژەی فــەردی ( مەولەوی ) کۆ بکرێتــەوەو لە چاپ بدرێ ، خـــوا هەردوکیانی بۆ من ئاسان کرد ، لە هەر شـــوێنێ ناڵەیێکی ( مەولەوی )م بیست خستمە قەوانــەوە ٠ بەڵام زۆر داخی دیوانی نالیو کوردیو شـــیخ ڕەزاو حاجی قادرم لە دڵدا بوو ، کە ئابڕوی ئــەو یادگـــارە جوان جوانانەیان بردبوو ٠ من بەشی گرانترم گرتــە ئەستۆی خــۆم ، زوبــانی هــەورامی وزوبــانزەدەی ( مەولەوی ) ئەمڕۆ لەم خاکەدا کەم کەس ئەیزانێ ، هــەرچی خۆم نــەمزانی بێ ، بــە کــەعب الأحبـــاری کوردستان ( مەلا عبدالله ) کە وەك مەولــەوی لـــە دواییدا چاوی نابینا بووەو ، بــە شـــاعیری هیــوای ئەدەبیاتمان بِنای هیوا ( گۆران ) ســاغ کردەوە ٠ وە لەتەرتیبو چاپیشـــــا ڕەنجم دا چ ئەســـڵی شیعرەکانو چ چاپەکەیان ڕاستو ڕەوانــە ، خانــەی چەوتیو ڕاستی بۆ ناکــەم ٠ خۆزگــە شـــیعری

( مەولەوی ) ئەهلی دڵ ئەی خوێندەوە ‧‧ ( گۆران ) ویستبوی غەزەلێکی هەڵبژێرێ بیکا بە عەرەبی هەرچی تەماشای کردبو، هەڵبژاردە بوو ‧

خوا ئەیزانیو ئەهلی مەعنا باوەڕ دەکەن کە رۆحی ( مەولەوی ) وەك مَثنوی مەولەی،رۆح نەوازو دڵپەسەندە،تا ئێستا لە پەردەی زوبانی هەوراماندا بوو،وا دەرکەوت ‧ چونکو هەمووی پێنج سەد لاپەڕەی ئەگرتەوە کردمان بە دوو جلد ، هەرزان تریش ئەبێ ‧

**پیرەمێرد**

## هەوەسکاری

جلّدی یەکەمی مەولەوی وەك گڕی ئاگری زەردەشتی لە سەر ( کۆی ئاتەشگا ) وە،کە شاعیری بڵند،هەمیشە یادی کردوە ، درەوشایەوە ، کوردستانی پڕ کرد لە نوری ئەدەب ، زۆرم پێ‌خۆش بوو،کەبە بازاڕدا ئەڕۆیم وهەندێ دیوانی مەولەوی بەدەستەوەو، هەندێ لەبەر، وەك بلبل،بە نەغمەی رۆحی مەولەوی،جریوەیان ئەهات • أۆف چەند خۆشە دەنگی هەستی و بە بادەی هەستی نەشئەی سەروەستی • من ئەوا دوایی رۆژمە ( بەوتەی خۆم نەبێ ) ئەدەبیاتی زۆر قەومو ناودارانی زۆر میللەتم دیوە،هیچیان ئەوەندەی رۆحی مەولەوی،پڕجۆش‌و خرۆش نی‌یە ، رەنگە لەمەعنای شیعری مُغَلَّقی عەرەبی نەگەم،کە ( مُعَلَّقاتی سَبْعَه )،حەوتەوانەی کەعبە،پێچو تابو بریقەی شیرو وأوشترم ئەخاتە کەللەوە وبێدڵیش خەوم لێ دەخاو،مەولەوی بەناڵەی دڵسوزیەوە بێداری کردمەوە،مەعدومم لە قوڵڵەی قەزالەی عەدەمەوە هێنایە سەر کۆی ئاتەشگا •

وا دەزانم ئەم دیوانە لــە ئەدەبیــاتی کــوردیدا هلالی شَوّالە،هەورامان بــە ئاشوبی زەمان شێوا،بەر گوزاری مەعدومی تازە رەنگ‌و بۆی بەهار پــەیـدا ئەکا ٠ خۆزگە وەك نەمردم دیــوانی مــەولـــەویم بەچاپکراوی دی،ئەیشم بیســــــت رادیـۆیّ عیراقی بەدەنگی ( رەشۆل ) ویــەکێکی تر،قەتــارو هیجرانی وئای ئای،بە شیعری مەولەوی ئەڕازاندەوە ٠ مــن وا بەهەوەسکاری لاوان دەستم کرد بەجلّدی دووەم ، خــوا یاربێ بــەیــانی دەیبینین ئــەو ئارەزوەیشمان بێتە دی ٠

**پیرەمێرد**

## مَولَوی ئەمەی بۆشێخی سەر حَلقەی نَقشی شێخ عثمانی سراج الـدین ( قُدِّسَ سـرّهُ ) ووتوه

شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
جێگایی ڕاستی ، جلوەی ئەحمەدی

لە شەو هەوارگەی ( فَنا ) تێ پەڕ بوو
لە هەردەی ( بَقا ) ئەودیو گەیشتوو

( شَأنی ) و ( صِفاتی ) دابەتۆ ، خوا
فەیضی تەجەڵلای ذاتیت بۆلوا

خەلیفەی دەنگی ( أذْن ) هاتووە گوێ
شارەزای رەتی چەندو چوونی رێ

واسیتەی ڕێگای بەینی علمو چاو
ذی النورَین یەعنی دووباڵ پێدراو

پیری پاك لەتۆز خۆڵی ناسووتی
جێگات لەبەرزی سەر مەلەکووتی

دڵ بە نەوای بەزم ( جبروت ) ئاوا
سیراوی سەراو لاهووتی مەئوا

به لەش لای ئێمەو، بەڕۆح لـە لای ئـەو
دائیرەی تـەمـام ، لـەوەوە بـۆ ئـەو

بێ‌دەنگ لەسـایەی ( تَمـکین ) دامَکین
خوا ڕاحـەت بـدا بـەڕۆحی ئـامـین

نامـەی ڕۆح أفـزای شیرینت گەیشـت
لەجێی گلێنـەی دوو دیـدەم دانیشت

دەروونی بەنوور صَـفا پـەرداخ دا
بـۆی ئاشـنایی لـەتوێی دەمـاخ‌دا

پەردەت لـە قُطوی لـەعلی دەم لابـرد
لەڕووی لُطفەوە ئەم فەرموودەت کرد

یـا کـاغـەز بـڕا،یـامـەلا مـردووە
یا لـەیادی دۆسـت عـارت کردووە

زویر مەنیشـە خـەم بدە بـە بـاد
فەلەك نایـەلێ هیچ‌کەس بـە دڵشـاد

جارێ من لـەکوێ ڕایـەم دەکـەوێ ؟
دۆستیش‌بم دیسان ڕەزای تـۆی دەوێ

تـۆ بێگانەیی‌و ، دۆستـێـتی لابـە
چۆنم قبـووڵ‌کـەی ، ئـەوە حسـابە

دووەم ، ئـەو کەسەی ، کەگـەدا کێشە
یا فرۆتنی کردووە ، بـە پیشـــــە

ئەگەر بێلای خەڵك ، خۆی بەکەم بگرێ
لـەنـاو ولاتدا قـەدری خۆی دەگرێ

بەڵام ئەو کەسەی کـەشـێخ مِشالـە
پیشـەی إسـتِغناو ، شـێوەی جەلالـە

ئەگـەر جـار جـارێ ، نـاوی من بێنێ
کەرامـەتی خۆی ، بەخـەڵك ئـەنوێنێ

ئـــەگـــەر ڕەزابی،مـن یـادت بـکەم
نەقشێکی جوانی، تـۆ،بـۆ دڵـەکـــەم

یاشێخ ، پێی نـاوێ ، کاغـــەز بنێرم
ئـەبێ نـامـەی تۆ ، بـــە دڵ بسپێرم

بۆ کەسێ نامەی مُحّبەت ، کەڵك ئەگرێ
تازە لەجۆگەی مەیل دەست نوێژ بگرێ

خۆمن لەئـەزەل ، بەمەیلت مەســـتم
هەرگیـان فیداکەی ڕۆژی ألســـتم

ســیمای ، دڵتـەنگیم لەڕوو زەردییە
ڕوو زەردیم لەدەست ، هەرزە گەردییە

یاران وەك مەی‌صاف ، چوونــە دەمەوە
من خڵتــەم،کەوتمە کووپــەی خــەمەوە

گیای سیس‌و ژاکاو ، تینووی بێ‌باران
چاوەڕێی هــەوری لُطفی تۆم ، ئــامــان

ڕەشحەی ڕەحمەتت وابــەدەســـتەوە
لێم پرژێنە : خــەو،منی بەســـــتەوە

خــودای یــەکــانــە ، کــارێ بنــوێنێ
مــن‌و تۆییمـــان لــەلا نـــەمێنێ

تــۆ بێت‌و،لوتفت بــۆ مــن زیـــاد بێ
من،بێ من،ڕۆحم بــە خدمــەت شــاد بێ

---

دووریم لەدووری تا سەد فرسەنگ بێ
بێتــو ڕازی بــم زبــانم لـــەنــگ بێ

بــەڵام چی بڵێم ؟ بـــەڵام هــامـــرازە
فــەلــەك دەڵــەکەو کەڵــەکــە بــازە

کێردی مەینــەتی ئێســکی قڵیشـــتم
ضیای دین‌و دڵ تۆیش بەجێت هێشـــتم

قەڵای بیر،ســەیلی خــەم رووخاند بووی
قوللەی هۆش بۆمبای دەرد جوڵاند بووی

ئێشكچی خەیـــاڵ ، واقی  وڕمــا بــوو
دوكانچـــەی  بـــەدەن  بێبَگچی  مــابــوو

ســـەودای دڵداریش فێری گــزی بــوو
هاتبـــــووە گیـــــانو، دڵی دزی بــوو

زرمەی پێی هــۆشی هێنـــام بەبــەردا
ئـــەم لا گیان ئەولا ، دڵ،دام بەســەردا

گریانو ڕۆ ڕۆ ، ســوودێــكی نــەبــوو
كەوتمە سەر شوێنی ، بـــەڕا كردن زوو

دیم نالّچەی داخی ، دڵەكـــەی زەبــوون
شـــوێنی دیارە ، لەســـەر ڕێی دەروون

تیژ تر لە فرمێسك دیدەكـــەی بێخــەو
گەیمە  مەكۆگای  ئاســـتانەكەی  ئــەو

نالاّندم    وتـــم   حاشـــات   مشْـــكَلَە
ڕۆح بۆ تۆ ئەمەیش وا ( بەڵگە )ی دڵــە

غـــەیری تۆ ئازیـــز لـــەم زەمـانــەدا
كێ ؟ رادەبووری ، بـــەم وێـرانـــەدا

نــەلای كردەوە ، نە تەماشــــای كــرد
وەك ماڵی یاران ، لە منیش حاشای كرد

وابەدەن لــە گیان ماڵ ئاوایی خواست
وەرەبم گەرێ ، دۆســتەکــەی بەڕاست

لادە تەختەی بــەرد الحــدســرای ئێش
کۆبکەرەوە گرد، جەستەی خستەی ڕێش

تێکەڵە بــەیــاد بــاڵای تــــەڕوبــڕ
یــەعنی نمناکــە زوو دەبێ بــەقــوڕ

لــەوقــوڕە ڕێکخە شێوەی بولبــلێ
بینێرە ســــەرلق ، گوڵی یــاچــڵێ

بەڵــکم ئەوڕاوکــەر بەســاڵی جارێ
بــەوێدا بڕوا لەشــوێن شــــکارێ

نێچیرگای ئــــەوە ، شــــــارەزایەتی
کــەلای کــردەوە دێتــــەبــەر ڕەتی

بــــە تیرێــکی تــر ، ئــەی تلێنێتـــــەوە
بــۆ ، مــەرگێــکی تر ، ئــەی ژینێتــەوە

هەرســاتێ سەدجار بەو تیرو کەمان
زینــدەگیو مردن چەند خۆشە ئــامــان

●

چەرخە، ئەمــە تۆی ؟ وامەیل ئــەنوێنی
بەختــە ، ئەمــەتۆی ؟ خۆشیم ڕێدێنی

خەمە فرســـــەتێ ، هانــا مــە،لە لات
دەردە مۆڵەتێ ، ها نامــەیلــەیل هــات

نوشتەی دڵبەســتەی ، خەتی ڕێحانیت
واتەی ئــاواتــەی ، شـــیرین زبانیت

گەیشتە سەروەخت خەستەی مَهْجووریت
بــوو بــە مەرهــەمی ، برینی دووریت

من کێم ؟ تۆ لەکوێو ، خۆ تێ گەیــاندن
شـێوەت شــیرین بێ بۆدڵ فــڕانــدن

جوانیت جــەلا بێ ، هــەردەم جــەلابێ
هـــەرجــەلالێــکی بــۆ مــن بــەڵابێ

نیــگات پێــاپێ تــیر ئــەندازی بێ
دڵ بۆ نیشــــانەی تیر ، جانبــازی بێ

وتم مــەیــلی دڵ بۆکەسی کەســـە
لــەباتی صُــحْبَتْ سەرزاری بەســـە

خەیاڵ ، خۆ کەوتەی بەردەرگای تۆیە
ئیتر پێی ناوێ ئەم هاتو چۆیە

کەچی دیم دووریت ، زۆری لێکردم
بەچەترسێنی چەرخی چەپ گەردم

هەروەکو خۆشی دەوامی نییە
وتم کەم عومرە سا ، ئەم دووری‌یە

سیر لەچاو دەسووم بۆ باڵای بێگەرد
تومەز زیاتر بوو ، بێ‌نصیبی‌و دەرد

یادی بەخێر بێ مەینەتی دووری
سەد ڕەحمەت لەگۆڕ ، دووری ڕەنج دووری

هەرچەند تۆیی دەروون ، بۆت وەك قەقنەس بوو
خانەی دڵ بەیاد ئاوا بوو بەس بوو

ئێستا حەسرەت‌و ترسی بەد گۆیان
ئەم شەکێننەوە هەریەك بۆخۆیان

خصوص کەوا تۆ ئەبینن دڵگیر
ئەڵێی دەروونم ئەدەنە بەر تیر

دڵخەریکی گێژ شەپۆلی دەردە
بووە بە ویردی زبان، ئەم فەردە

من نەبم ! ئازیز گەردن بلووری
کێ وَصْلی ناوێ بەدیاری دووری ؟!

چاك بوو کەهەرچەند، شادی بە باد بووم
لە دوور بەدینی ، ئاستانەی شاد بووم

ئێستاوا فەلەكی کەڵەکی بەستووە
داوی دووریی بۆپێم ڕێك خستووە

خەفەت وادەتە مەینەتی، سادەی
دەمی بارانە فرمێسك ! دەی ، بۆ کەی ؟

ئازیز ویستووتی وا لەدواوە دێ
لەشە ، سا ، بێڕۆح بکەوەرە ڕێ(١)

بیستم گیانەکەم ، بالآ قامیشی
ویستووتە بێیتو لەگەڵ هاوڕێیشی

مەگەر پێی تەدبیر بەدبەختی کوترا
گیان هەوای مەیلی جەستەمی کرا

ئەگینە شێتە ، دڵخۆشی ، دڵە
هاتنەوەی گیانی دەرچوو ، مُشْکڵە

## چوار خشتەکی

یادی شیرینی نەدەکرد بەدەن
تەنها گیان ئەچووە خدمەتی بێ تەن

بەڵام لەپەڕەی دووکەڵی جیایی
وابزانم ئەویش کەوتە تەنهایی

●

من وام زانی بوو کە تۆپڕ مەیلی
دەروون لەبادەی مەینەتی کەیلی

دووکەڵی دۆستیت ئەچێ بە تووندا
بەردت دابەتای وەفای مەجنووندا

ئێستا دیدەکەم لێم دیاری یە
ئەوی لێت کەم بێ وەفاداری یە

ئاموشۆی گەرمی یارانی گیانی
بەباری دڵی خۆتی دەزانی

---

(١) ڕۆح لای ئازیزە •

بۆی بێوەفاییت وەك بۆنی شەماڵ
ئەدا لەدەماخ یارانی بەدحاڵ

شەرت بێ تا بەمدەرد ، دڵەی تەنگەوە
سەر ئەنێمە سای سیاسەنگەوە

ئەم ناو چاوانەی ڕەنگ خەزان نمون
پای ئاستانەت نەگرێتە ئاڵتوون

دیدەی کوێری هیجر بالآی بێخەوشت
نەبینێت سُرمەی تۆزەکەی کەوشت

لە شنۆی ناڵەی سۆزو زاری شەو
سەگی بەردەرگات هەڵنەسێ لەخەو

چاو ئاوپرژێنی تۆزی ڕێت نەکا
با ، با بی‌با ، بەهەموو شوێنێکا

دایم هەوای یار پڕ بەینەتت بێ
کەس نەبێ یاری رووی مەینەتت بێ

بڵێسەت بەرز بێ دایم بگریت بۆم
بڵێیت لەکوێیە ؟ وەفاداری خۆم

من وا بگەڕێم بەسەر هەردەوە
هەروا دەرد بێنم بەسەر دەردەوە

تــا برژێتــه خــاك وەك دڵ پڕداخـــان
داخ زۆربوو ، ئــەمیش ســـەرباری داخــان

●

## بۆ شێخی ضیا الدینی نووسیوە

پەتی کارخــانــەی وەسـتای بەغـــدایی
دەروونی دەزووی تــای ئاشـــــــنایی

ســپی تر لەجــەرگ مەینەت گازەکــەم
نـازکتر لــــەنــاز جێی نیـــازەکـــەم

وەك لـۆنـگی مەجنـون بیدە بـەکۆڵدا
پێوەی بـگەڕێ بەســـــەحرای چـۆڵدا

جــار ، جــار بـــەدەردی نـەدامـەتــەوە
بــەو ، قــەدی باریــك ، پڕ زەحمــەتــەوە

بــەبــای هەناســـەی بــەرزی دیـــاران
بشـنێ وەك بــەیـداخ لەســـەرمەزاران

●

# چوار خشتەکی

حەڵقەی چەماوەی گوارەی ئاڵتونت
پەیام بەربوو ، بۆ بەندەی دڵخونت

چەند دادی منی بەگوێی ، تۆدا ، دا
هیچ دادی نەبوو ، روو زەردی پێما

---

ئازیزم گەردن بلووری بێگەرد
ئەمانەتی تۆو دڵەی پڕ لەدەرد

چونکو لە مَأوای خۆی دەربەدەرە
غەریبە توخوا قەدری ڕاگرە

مووچەی لێ مەبڕە کەهاتەوە بیر
بەیانییان بەشیر ، ئێواران بە تیر

●

های ڕەقیب دیدەم رۆیی دەستوبرد
عومری کێ ؟ وەها بەتاڵی ڕابورد

تۆ عومری عُمرم عادەتیش وایە
بۆ هەموو کەسێ وا ، بێ وەفایە

گیانی شیرینە ، شیرین ناوی تۆ
کە ئەڕۆی باری ، بە ئازار مەڕۆ

ئەگەرنیت بەتەنگ ئەم بەدبەختەوە
بەدەم گیانەڵاو ئێشی سەختەوە

وادڵ جەم لەگەڵ تۆدا هاوڕێیە
پێ بەپێی بڕۆ،چونکو کەم پێیە

●

## بۆ محمود پاشا

شەپۆلی دِجلەی غەم کەف ئەچێنێ
گێژی خوێنیدڵ هەر ، جۆش ئەسێنێ

ئەو، دەشتی بەغدای بەلافاو تەنگ کرد
ئەم،ڕووی کەربەلای بەخوێن گوڵ رەنگ کرد

ئەو لەئەندازەی کەشتی دەرچووە
لەخوێنی ئەم خەڵك ، زراوی چووە

بەم ڕێبەندانە ئامشۆکەر نییە
کەکاغەز نایەت گوناهم چییە ؟

ڕێبوار ماتڵ ، دەروونم تەنگە
قافیەم تاقیاف، قیامەت لەنگە

●

له دووریت جۆشی سەرچاوەی چاوان
کەوتە سەربەستی جۆگەو سەرچاوان

پایتەختی محمود دار السلامە
منیش کەمی فام أیاز لەلامە

ئەیاز تێگەیی، هەڵسا دەستوبرد
سەلامەتی تۆی، تیا تێبینی کرد

بەدرکو داڵی بزژانگی نووساو
بەرهەڵستی کرد سەیلی چاوە، چاو

ئەگینە دِجلەی، چاو ئەرخەوان سوور
بەغدای ئەکردە دەشتی شارەزوور

●

أیازی هامڕاز نەغمەی خۆش سروود
عەرضی بەندەگی هەیە بۆ محموود

وەرمگرت نامەت کەچاوەڕێی بووم
دیارە رەمەزان لەبیرت نەچووم

ڕۆژووی نەشکاوە، دۆستی دو مەنزڵ
بەغەیری هەنگوین خەیاڵەکەت دڵ

نوێژی تەراویح تەمجیدی بەیان
دوعای محموودی تۆ دەکەم بەیان

خوا بەلُطفی خۆی بنێتە ڕێ بۆت
سوودی سەرمایەی عەقیدەکەی خۆت

ئەگینە سەیلی گوناە منی برد
دۆعام ڕێی دەرگای قبوولی گوم کرد

نەیچی پەنجەی پێی ناڵەی من سوا
تۆ، دەی کەتأثیر ناڵەت بۆ لوا

چەند شیعری مَعدوم کە حَسبْحاڵە
لەسینەی نەیدا بیکە بەناڵە

(من خۆم ئەیزانم چەتۆوێکم چاند
خەڵك وا تێ دەگەن شێخیەتیم نواند)

ئەی کەرەمی تۆ رجای حاڵ داران
بم بەخشە بەعَشق مەزەنەی یاران

وەختێ گۆشە گیرلای خامۆشانم
نەبمە ئازاری دراو سێکانم

چی بڵێ مَعدوم خەستەی مەهجووریت
حاڵی دیدەو دڵ لە دەردی دووریت

بـرِوانــــه دِجِـــــله کــــه تێ‌پـه‌ڕیـوه
ناوجـه‌رگی شـــــاری بـه‌غـدای بڕیوه

ئه‌وبـای سـموومه‌و شَــــراره‌و تـاوه
که‌هـاوینــان دێ لـه‌لای بـه‌غـــــداوه

ئـه‌و، ئـاخـروشـکاو فرمێسـکی دیده‌م
ئـه‌م، دوایی نه‌فه‌س دڵـه‌ی خـــه‌م دیـده‌م

لـه‌وگه‌رمـاو لـه‌وئـاو ! بـه‌ر گَزیده‌که‌م
قیـاس کـه‌جه‌سـته‌ی دڵو دیـده‌کــه‌م

●

نامـه‌کـه‌ی بـۆلای منت نـاردبـوو
گه‌یشتوو له‌ڕووی دوو دیده‌م هه‌ڵسوو

کـــوڵی ده‌روونت گڕی گـرتبــوو
کزه‌ی دووری خـۆت إظهـار کردبوو

خۆشت کرد کووره‌ی ده‌ردی ده‌روونم
کـولانته‌وه زام دڵـــه‌ی پڕ خـونم

نایـه‌ڵێ سـاتێ بسره‌وم بـۆ خـۆم
ده‌ك بێ بـه‌لاّبی هـه‌رکـۆلکی تـۆم

بۆچ من که‌م زووخاو هِجران له جـه‌رگم
به‌م برینه یشـــت گڵگون بوو بـه‌رگـم

هێنده ، زاری دەرد بێزاری کردووم
فەرزی ڕۆژووشی لەبیر دەربردووم

ئەوەتی قصدی ڕۆژووم هێناوە
هیچ ئەندامێکم ڕۆژووی نەشکاوە

نەچاو لەدیدار ئازیزی بێ گەرد
نەگوێ لەسەدای یارانی هامفەرد

شیرینی أفطار لەلام تاڵی یە
جێم لەناو کۆمەڵ یاران خاڵی یە

نەوای ( مەرحەبا )م نەهاتوەتە گوێ
تەنها ( ألودا ) (١) دڵ ئەخاتە سوێ

ضَعیفم ئەمەند دەرچووە لەڕێ
با ، ڕام فڕێنێ بۆلای تۆ ئەشێ

زستان ڕەنگێکی وای خستە جهان
گێژولوولیدا کلیلەی کێوان

بِنا باش بُرج بەرزە دیاران
وا گەچ کاری کرد ، طاقچەی مُغاران

---

(١) الوداع .

وەستای زەڕگەری توفی زستانی
گوارەی کردە گوێ نەو نەمامانی

بۆ نیگاو بالآی نەمامی سەربەست
سەهۆڵ ئاوێنەو تەم چارشیوی بەست

ئەم مەحبووبەو ئەم وەستای تەواوە
بۆ بەزمی ساقیو پیالە داماوە

ساقی بێباکین لە ساردی دەی ، دەی
هەوا خۆش ئەکا ، نۆشا نۆشی مەی

ئاخر سەر مەشقە بۆریێی مەی خواران
خواردووی ڕابوردوو جێ ماندەی یاران

وەك دڵ بەمەزەی ، مەی تەسەل دەکەن
بڕوانە لۆیی ( لۆنگک ) چۆن هەڵ دەکەن

ژیان بە سۆزو دەست بەپیالە
بنێرێو بدا !! ڕەحمەتو پیالە

ڕەحمت بەڕووی خاك ڕستگاراندا
پیالە ، بەدەم إنتظاراندا

زووکە ، بائێمەیش لەم گوزەرەوە
جامێ دەست خۆ ، خەین ، دەست بەسەرەوە

●

# سەر چاوەی زەڵم

بەهارەو بەیان سەوزەی دیاران
نمکەوتە چاوی وەك شەو بێداران

بۆ دڵەی پڕشور دەروون مەلالان
سێبەری بەستووە خیمەی گوڵاڵان

بۆی یەخەی بەیان بۆ دەماخی دڵ
ئەڵێی نەسیمە، جێبێ جەبین گوڵ

وەك دێوانەی شۆر دولبەر لەسەردا
شەتاو سەری نا، بەدەشتو دەردا

درێژ، وەك هِجری دڵ پڕ لەدەردان
رەوان وەك وەصڵی گەردان بێ گەردان

های شنۆی خۆشی رۆح أفزای کاوان
ئای شاخەی کافی، صافی سەرئاوان

نەك طافی چاوی پڕ فرمێسکی چەرخ
بارك الله چەرخ، هەی ئافەرین چەرخ

لەگەڵ هەستی خۆت، بەخۆت ئاسایی
لەگەڵ شۆری عەشق، مەجنوون ئاسایی

سـەیرکە تووڕیدا پەردەی نامو نەنگک
بی پەروا ســـەری خۆی ئـەدا لەسەنگک

فِداتبم ســـاقی ، ســەرمایەی خـامی
نادەمـە دەسـت فِکر ڕێی نەنگکو نامی

بی هێنە گەردش ، سـادەی ، هەی ، بۆکەی
تافی قەڵبـەزی صـافی شووشەی مەی

قوڵپـەی !! بنچینـەم بـدا بـەهـەمدا
بمدا بـە ، بـەردی هــەردی عـەدەمدا

---

دڵـە ڕێگەکـەی گـەلێ تـاریکە
پردەکـەی تـەنگە ، هێجگار باریکە

ســەحرای هِدایەت ، تـاریك ئـەبینرێ
ڕێی دەربازبوونیش بـاریك ئـەبینرێ

شُـعلە چرایـەك پەیـداکـە بەسـتە
تاخۆت ئـەتـوانی بـاری خۆت بەسـتە

ئـەگـەر ڕێی ڕاسـتت لـەبیر نەمـاوە
شوێن پێی گردەی دۆست ، بگرە ، تەواوە

با لە دیواندا ، دێوانـەی ســەرشێت
ڕوو زەردی بـەزمی دۆست نەیەتە ڕێت

ئەگـــەر بێهـۆشی داوی بـۆ تـەنیت
تۆیش خۆت دەربەستـــی شەرمەساری نیت

ئـــەوە بێنـــە یـــاد ، عومـرت نەمێنێ
سرور ، بـەکردەت ســــەر دانـەوێنێ

کـەبڵێن ئـەمـە ئـوممـــەتی تـۆیـــە
کردەوەی بـەدی بێحـەدو شـــــۆیـە

ئـەو بەوشـــەرمەوە ســــەردانەوێنێ
خاکســـــاری هـەر بـۆ من ئـەمێنێ

ئـەوا دەبینی مـن چـیم بەسـەرهات
هـای نـەی چی ئـامـان ، هـاوارە ئـەلات

لـەگـەڵ گونـاە جووت ، لـەطاعَت طاقـم
رووڕەشی مَجلس گـرۆی عشـــــاقم

بِنـــای وجـوودم خَجْلَت أســـــاسە
بـەختم مُخـالِـف نـەهـاتیم راســـە

صـەبای هەناســەم لەدڵدا صـــەد تـەرز
ئەکـا ئـاگری ابراهیمی بـــەرز ....

پەنجـەت بەونەغمـــەی بـەبێنو بـەتین
ڕێكکا ئـەم شـیعرە بەشُعبەی حەزین

سەهلە من روو زەرد سەرم لەبەرە
ئاخ داخم خەمم بۆ پێغمبەرە

●

دووری وەك دڵی مەعدومی دڵ تەنگ
دێنێتە هاوار دڵەی سەختی سەنگ

هەڵ دەگریٚ ، بگریٚ تەم دڵەی کاوان
هەور بگریو بەگیان برژیٚ خوێناوان

بەڵام طاقَتیٚ های هەورە ئامان
لە سەفەردایە شای نەونەمامان

نازکی وەك ناز ، لەحەد دەرچووە
دڵ نەوایی کە ، کەس وا نەبووە

خۆی بەتەمۆ هەور ، دڵی نایەشیٚ
یادی لەدڵدا زەحمەت ئەکێشیٚ

بۆ دڵ ئازاری ئەو شیرین شێوە
پیٚی ناویٚ تەمو لافاوی ئێوە

دووکەڵی لەشی ، لەگیان جویٚم بەسە
لافاوی چاوی پڕلەخوێم بەسە

●

# بۆ ملا داخی خیاط

تـای خَیـاطەی شـیعر بـۆ عەنبەرینت
دەست ڕێسی فِکری بـیکری شـیرینت

وەك ئارزووی وەصـڵ لەتوێی مَحرومی
تـەنی بۆتە ، تان فـەردی مەعـدومی

شـەبەندە بەڕۆژ چۆ نـە بـەو ڕەنگە
ڕەنگاو ڕەنگ ئەت گوت دیبّای فەڕەنگە

بۆ دەفعی دەردی سـەودای دڵو گیـان
بەرگی‌بو : ڕەنگین سـەر تـا پـا دامـان

دڵ بـەرگ‌و بۆکـەی جارانی نەبوو
رووی لای‌مَجلسی یـارانی نـەبـوو

پۆشـتەت کردەوە ، لُطف ئـەبێ وابێ
دەك هەی دەوڵـەمـەند ، ماڵت ئـاوابێ

لاقـەیدیم لەبـەر دڵ ساردی نی‌یـە
بێ مەیلیم تـەرکی هـام فەردی نی‌یـە

بـەڵام مەسئەلەی فتـوای قـەزای حەق
لـە مَحکمەی شَـرع ، حاکمی موطـلەق

بووکی بەسـۆزی دڵ بـەخێـو کردوو
مارەیی گیـانو گیـان پێ ئەسـپردوو

بەهـەرسـێ تـەڵاق باینـەکـراو
مـارەی رەجعیـەی لـەدڵ دەربـڕاو

شنۆی خۆش کەمبوو ئاهی صُبح دەمی
وشـکاوی‌دا هات جۆگەی چاوچەمی

بۆ سۆزی مەنـزڵ دڵ کردی‌یـە یاتـاخ
بۆ ئـاوو هـەوای ئەو ئـاخو ئـەو داخ

بـەبێ منو تـۆ خـۆت رێت پێ بردبوو
دەردانەی نکتەت زوو شـەق کردبوو

بێ بَـدَلـە عُمر بۆیـە کەلـك ئـەگرێ
باختی مەعشـــــوقی بێ بَـدَل کـرێ

●

هەرچەند خەم دایم ، لێی بەستووم کەڵەك
ئاخ تەنها داخی تۆ سەوزە فەلەك

ئەدەی بەیەكدا لەنیوە رادا
نیگای ئارەزوو بەتەمە نادا

کام سەر ؟ نەت خستە سەودای تاجی کەی
دوایی نەت کردە تاجی نێزەی نەی

کێ ؟ بۆ کێ ! بەزمی شادی نایەوە
پۆست گڵەی بەدەف دەنگی دایەوە

معدوم ئەگەر تۆ ، ئەهلی دانایت
نزیکە بەفام کۆچی دواییت

ئەم رێیە رێ ترس ڕێبوارانە
سپیەتی ، تۆزی کەللەی یارانە

حەوزی چاڵی چاو پڕخوێناوی دڵ
مەیل ، باڵای بێ گیان نەگیوە مەنزڵ

ریزی بەستووە پێستی کەللەی سەر
سەر ، بڕ ! بۆ پێستی کەللەی تر حازر

بەرزکە لەگەڵ سۆز دەروونی پڕ ئێش
هاوار بۆ ساقی و نەی ژەن و دەروێش

دەنگی دەفو نەی ، زیاتر کاجۆشت
نەشئەی مەی حەیات بدا بەهۆشت

رابوێرە بەهۆی دەفو نەیەوە
بە زۆرو زاتی نەشئەی مەیەوە

تاکەی ؟ دەستی چەرخ بەئێشو بەوەی
بگروێ پێستی کەللەت بۆ کەللەی

●

## بۆ دارتاش

تەختەی مُحبَّت تاش ، دارتاشی دڵ تەنگ
گیرۆدەی داوی کلاّفەی شەو ڕەنگ

نامەی ئاگرین شاپلێتە بەندان
لە پووشی جەستەم ، دووکەڵی هەڵسان

گەیشتو فکرت تێگەییم چۆنە
پێ کەنیم ، وتم دەردەکەی کۆنە

دۆستیت! گەرڕاستە دۆستەکەی گیانی
من بە ( دار کوڵك ) خەمان ئەزانی

باری گرانی دەردم بردبوو
تەجربەی دوای عەشقم کردبوو

هێشتا گڵپەی سۆز ئەوبالای ئاڵا
لەکوورەی دڵدا نەیگرتووە باڵا

دامی دوبادی صَیّادی قاتڵ
نەئاڵاوەتە ، پێی شکاوی دڵ

بۆی هەڵ نەکەوتووە کەوا بتوانێ
جەفا بنوێنێو صەفا نەزانێ

دەخیل زووتر ، پێی خۆت بێنە دواوە
نەکەوی یە دەردی بەهەردوو پاوە

ئەگینە بەدەست بای ، إستغناوە
ئەلەرزێ بەسەر داری فەناوە

سەرت لێت ئەبێ بەباری گەردن،
ئاوات ئەخوازی بەدەردی مردن

نەبۆ ئەو ، ڕۆیەی بەینت داری یە
نەبۆ تۆیش بەمەرگ رستگاری یە

ئەو سەبر، ئەوتاقەت ، ئەوتوانای دەرد
نەتدی ، خەرجم کرد ، فائیدەی نەکرد

ئێستا سووتاوی گەرمی دڵ ساردیم
سەودایی هەردەی دەردی بێ دەردیم

●

## بۆ خاڵۆی کۆماسی

لـەگیـان تێر خواردوو ، لەلەش هەراسان
خاڵۆی کۆمـاوەی ، خاڵی خـاڵخاســان

ئەم کاغـەزەم نارد ، لەگـەڵ خوێندتـەوە
بچۆ پێی مـاچ کـە ، بەحەســرەتـەوە

بڵێ ئـای مَعـدوم کـەس لێ نەپـرسـیو
تۆ ، لێت پرسـیبوو ، وەك خـێر بەهـەتیو

چۆنـە لـەدووریـم ؟ چـۆن رادەبـوێـری
کـەی دیـاری خـــەم ، بۆئـەو ئـەنێری

هام فـەرد ، ناڵـەی دڵ سـەیرانگەستەم
هام دەرد، دوی دەروون خەم رەوێن کۆی خەم

ســـاتێ بەرەنگی دەردی خـەتــەربێ
هەڵ ، کردی چۆنـە ؟ خـاکی بەسـەربێ

تۆ چاکە وەك تولّ ســەرووی ســەراوان
خەم ئەدەی بەبـای شـنۆی سـەر کـاوان

گاە ، وەك بۆی نەسیم بەرووی شــەتاودا
گاە ، وەك گوڵ لەژێر هـاژەی بـەفـراودا

سەیری لەرزەی بەزم سەوزەی سەربەرزان
صَفای گەلاَلان ، ســـەد تـەرزان هـەرزان

بەیانی‌یان لەگـەڵ راوکـەر لەسـەرکەل
شریخەی تفـەنگ ، کـلاَفـەی کـەڵ‌گـەل

نەك وەك ئـەو پێ‌بەند قـەلاَی شـاری‌دەرد
لەبەهاردا وەك ، گەلاَی پایـز زەرد .....

ئـاخ لەدەسـت داخی کوێرەوەری سـەخت
جل‌بـەرگی ماتـەم نـاهـەمواری بـەخت

کزەی خـەم وەك موو ، بـەپێچو بـەخـەم
هێجـگاری دووریت ، خسـتوومی‌یە ئەلەم

کاتی جۆشی دەرد کزەو نـاڵـەی ســـەرد
کـەم بووە لـەگێـژاو گـەردە لوولی دەرد

ئـەو زەهری خَندەی دێ بەســـــەر دەمدا
ئـەگـەڕێو ئـەڵێ لـەگێـژی تـەمدا

ئـەگەر هـەر ئەو بەخت هـەر ئـەو طالعە
دیـدەم دیـدەنیت بـەخـــوا راجعـــە

## شینی قادر بەگی کەی خسرو بەگ

رۆییت ! بینایی دیدەی دەروێشان
ئاسانبوو دەردی مُصیبەت کێشان

خەم ، خەفەت ، مەینەت ، فرمێسکی پڕخوێن
هەرکامێکیان دێن ، بابێن ، بەخێر بێن

تامەحشەر ئەگەر ، نەم دی جەمالت
لە دەست بەرنادەم چاکی خەیاڵت

تۆ لەناودانیت ئێڵ بێ سەفەرە
سەفەر بێ لەشکر ، لەشکر بێسەرە

چاوی سوارەی شەڕ نابینێ تەمە
طاس کڵاوی تۆ لەمەیدان کەمە

تا فەلەك مَودای رمی تۆی لابرد
زرێی داودی ، باوی پەیدا کرد

شێری بەیداخت کەئەهاتە دەر
لەگۆشەی بێشەی رم فەوجی لەشکر

دلێران ( یاشیر ئامان ) یان ئەخواند
شێران وەك شێری بەیداخیان ئەنواند

ئێستا بەمەرگت عالەم دلێرە ..
شێری بەیداخی یان لەلا وەك شێرە.

بەهار تازەگوڵ، لەخاك دەڕوێنێ.
بەختم لەخاك دا واتۆ دەنوێنێ.

وادەی خەو نی یە، ڕۆژی شکارە.
دەشتی پای هەردی ( شاکەل ) دیارە.

مانگی یەك شەوەی ناڵی ئەسپی تۆ
دەرکەوێو مانگی شادی بکانۆ

گەرووی ئاسکەکان زۆر تینویانە
چاوەڕێی ئاوی، شیری تۆیانە.

تاریك بوو شەوی شەو زندەداران
گیراوە مانگی رووی ماەروخساران

شێوا لانەی دڵ ؟ دڵ خوێنین یاران
هەڵکەنرا زوڵفی شیرین نیگاران

ڕەشماڵ ماتەمدار، سەرکۆمار دڵتەنگ
جاف پڕجەفاو جەور، مدرسە بێدەنگ

هیچ دیار نی یە، کەست لەبیربێ
ئەشێ گەرمیان خاکی دڵگیربێ

هەر ساڵێ چەند جار سەرهەردەی لێـــڵاخ
بۆی هاودەمی تـۆی ، ئـەدا لـــە دەمـــاخ

ئـەو چەنـدە دڵـــەی گـــەرمیـان ، بەتـا
لـە تـاوی دووری ئێـوە دەســـــــوتـا

ئێســتا گەرمیـــان ، وا بـۆی چـووە سـەر
بوو بەهـــاو دەمت تـا ڕۆژی مەحشـــەر

---

دەردی گەرمیـــان داویـە لـەلـەیـلاخ
گەرمیـــان ئەگری بـەحـاڵی لێـلاخ ..

مەرگی بێوادەت ڕەنگێکی وای ڕشـــت
شـــین کەوتـە دنیـا شادیش ئـەبەهَشْت

دنیـا شینیەتی کـەتـۆی لێ دەرچـوویت
بەهەشت شایی‌یەتی کەوا تۆی تێچوویت

نـازداران بـۆتـۆ دڵی‌یـان پڕداخـــە
حوریـان بۆتۆ پۆشـــتەو پەرداخـــە

دەرویش ! ڕۆ ڕۆی مـن وەرگـەڕایـــەوە
ڕۆم بـرایـــەوە ، ڕۆم نـەبڕایـــەوە

تاکـەی بـەڕۆ ڕۆو بـە شـــینو نـزا ؟
بـا ، بـە سـۆزی دڵ دەست بکەین بە دعا

ئێمە لەدینت محروم بوویــن یەکسەر
تۆ شــــادبی بــەدیــن خــواو پێغمبەر

---

تازەی کردەوە پــایــزی تــازە مــەیـــل
رزان ریزیــان کرد رشــتەی نۆسیوەیل

گێژی ســەرکاوان پڕ بوو لــە ســەرما
بۆنی یــو بــــە بــۆن لـــەیلی بێ وەفـا

ئــازیــز تاقــەت چوو ! ئــاخر نەفەســە
ئامان رەحمت بێ إســـــتغنا بەســـــە

جــگە لــەکــزەی دەروون پــڕداخـــــان
بۆتۆ تــاگونجێ ســــــاردی لێــلاخـــان

قشـــــلاخی دڵی مــەعــدومی نــەبێ
هــەوارگەی چۆڵــە ، دوور لــەڕووی تۆبێ

قَطــارەی خێــڵی چاوڕەشــــان یەکســـەر
رووی گــەرمیــانیــان هێنــاوەتــە فــەڕ

کۆچی خێرتبێ مــەنــزڵ بــەمــەنـــزڵ
تــا هــەوارگــەی کــۆن گەرمیــانی دڵ

ســاقی نــەهــاتی ، زۆری لــەمن ســاند
فەرقی بەینی وەصف ئازیزی شـــێواند

نابینێ چاوی کزی دڵەی تەنگ
بێ وەفایی دۆست ، صفای وَفارەنگ

بە تەمی غەفڵەت لام گوم بوو ، زوو بە
مەی ، نەوەك بەجام بە کووپە ، کووپە

تا تەواو مایەی خامیم بستێنێ
وەك جەماڵ ، جەلال لە لام بنوێنێ

●

نامەکەت گەیشت کۆستم کەوتەوە
دڵەی ئاگرینی دا ، بەنەوتەوە

تاکەی ؟ تۆ بەزام ، من بە دەردەوە
تۆ بەشاخەوەو، من بە هەردەوە

فەرموو ، وەرە ، با ، مەجلیسمان جەم‌بێ
بەڵکو دا سەرجەم خەم لامان کەم بێ

بێسارانی‌یە لەتۆی شیعرما
خەم لەگەڵ خەمان زوو ئەدرێ بە با

ساقی وەك هاتووین هەموو ڕەفتەنین
دەریا بردەنین ، کاری ئێستانین

ئێستا ، وەك پێشـــوو واتێ دەپـەڕێ
دانیشـتویش هەموو کۆچی دێتە ڕێ

کاروان سەرای کۆن دەورەکەی دنیا
لـە بارگەی یـاران چۆڵ مـاوەو تەنیـا

کـاروان کەوتـە ڕێ زەنگی لێـــداوە
حوجرەی وجودمان یەکسەر رووخاوە

وەستای تای شـاوڵ تەنافی راهێشـت
بَنا باشی بورج ، دیواریـــان جێهێشت

قَـدَم ڕەنجـەکە ، فەرمووە سـەرکـار
بنچینەم بـەمـەی بـکە بـە دیـوار

هـــەر عـەمارەتێ حەزکەی باقی بێ
ئاو ، مەی ، خاك ، خڵتە بەنای ساقی بێ

●

بۆچی خاڵۆکەی دەروون لە خوێن کەیل
وا ئەجزای مەیلی لەیلەکـەی پڕ مـەیـل

تێکەڵە لەگەڵ ریزەی مـەجنـووندا
حەیفـە ئاوبیبا ، بەتوونـاو تـووندا

ئازیز بێ هَودای دڵـەی خـەمپۆیـە
لەئـەزەلدا بەند ، رشتەی پێی تۆیـە

خاڵـۆ تـەدبیری دەردت نـەزانی
هـانـام بردە تـۆ هیچت نـەتـوانی

شادەتم هێنـا ، نـاوی خـودام بـرد
خاڵۆت مەوجی گێژ دەریـا گێژی کـرد

نەت کرد خۆت بدەی بەهَودای (وەی)دا
گێژ بدەی لـە گێژ دەریای بێ پـەیدا

لە کەنـارەوە تۆتێت کۆشـابوو
هەوڵی پەلوپۆی ئاو رای پێچا بوو ..

هەردوو پێکەوە پێچیـان خواردەوە
لێك بوونەوەیـان وا را بـووردەوە

نینۆکی پەنجـەم یەکسەر تێ گیر کرد
لێك نەبوونەوە هەرچەند رەنجم برد

لەم سـەردەمەدا وا لـەپێش چـاون
بـەو رەنـگە ئـەوان وا تێـك ئـالاون

یـاران بزانـن ریشـەی جـەرگمە
پێیان هەڵنـاوە لـەرووی بـەرگمە

بـە حـەمدو ثەنا باناویان بەریـن
لـە هـەموولایـەك بڵێن ئافـەریـن

●

چی بەخـەیاڵا هـاتووە چـەرخی پیر
باز منی بۆشـەڕ ، کـەوتۆتـە وە بـیر

دیارە أساسـەی دووری رێـك ئـەخـا
بۆ بالآم کـالآی مەینـەت تێـك ئەخـا

ئاخۆ ، کێ لە من دوور ئـەخـاتـەوە ؟
دیسان ئـەم خاتـە رووی نەهـاتـەوە

سـەرحەڵقەی فرقـەی نازك خـەیاڵان
دیباجـەی دیوان خـاوەند کـەماڵان

جلوەی جەلای دۆس تَـدریج بۆیاران
نـاتـەوانـایی دیـارایی کـــاران

گـا بــه پێــکەنین ســفیدە رەنگین
گا ، بەگفتو گۆی شیرین وەك هەنگوین

پێــکەنین بــەنــاز تــاریکی لابــەر
گفتو گۆ بــه ڕاز وەحشــت فریدەر

کاتێ دەســتی بۆ نقــابی رووی بــرد
پەردەی له روخســار وەك مانگی لابــرد

فــەنــای عــالــەمی پێ دەجــوولێنێ
باقی هــەرخۆیو هــەرخۆی ئــەمێنێ

●

## نظامی بۆ مەولەوی نووسیوه

دڵــەی دیوانــەم هِمّەت خوازیکــرد
لەشی بەجێهێشت سەریخۆی هەڵگرت

وەك ڕەدووکەوتوو ، دڵ لــه شــوێنته
بەنــدی تەنافی ( نــاڵــەهــون ) تــه

لەش وەك کەوچکی رەش لەهەوارانه
دواکــەوتــەو شــەلی دەردی یارانــه

●

## جوابی مەولەوی

نظام ؟ زام ! نامــەت قەرتماغەی لابرد
ئــای ئــای ســزای‌داو قیــامــەتی کرد

لەگەڵ کزەی جەرگ تێر هەڵقرچابووی
لەتــەرەی دڵەی ســەرچڵ دوا بووی

گوایە ئێشی دەرد ئۆقــرەی بــردەوە
لای تــۆوە بــۆلای مــن رای کـــردەوە

دەزانی ئــەوەی بەعــەقڵ وهۆشــە
هەر جنسێ جنسی خۆی لــەلا خۆشــە

بێدەرد بۆ بێدەرد ، خَجَڵ بۆ خــەجَــڵ
گیان ئارەزووی گیان ، دڵ تەمەنای دڵ

نەهاتووەو چــاوم پێی نەکــەوتووە
دڵەکـــەی منیش زوو بۆی دەرچووە

ئەم لەئاخ‌وداخ، ئەو فرمێسك وەك سەیل
ئەم لەواوێلا ، ئەو! کوا لەیل ؟ هەی لەیل

ئەم خوێناوی گەرم، ئــەو هەناسە سەرد
ئــەم ئاڵۆدەی غــەم، ئــەو خەریکی دەرد

ئاخۆ لەکوێن‌و، بــە کــام هــەردەوە ؟؟
کــام وێرانەیــان ئاوا کردەوە ....

رووناکی چاوو سەرمایەی ژینم
مەزەی بەزمی کەیف دڵەی غەمگینم

ساکە من بێتۆ ڕۆحم نەسپارد
سەرم لەسایەی الحد نەپەسارد

چۆن ؟ بڵێم وەفام وا لەتۆی دڵدا
ئای وەفاو جەرگم بدەن بە چڵدا

تاقیق من لەبەرد سەرسەخت ترم
لە شێوەی حسی انسان بەدەرم

ئەگینە زۆری دەروونی پڕ سۆز
بەردیش بومایە ئەیکردم بە تۆز

دەك ئەجەل ! لەداو هِجراندا گیر بی
لە پەنجەی دەردا کەوتەو أسیر بی

نەت هێشت پیاڵەی مەرگ بخۆمەوە
لەکەی دڵ ساردیت نا بەڕوومەوە

●

خەرامان دەرکەوت لەتویٚی پەردەوە
نقابی لەسەر رووی لابردەوە

دڵەی من نیشتە سەرئارەق وەك ئاو
عەکسی ئەوی تیا ، دیاری دا تەواو

هێندە نازك‌بوو بەبای باوەشێن
سەرکوڵمی ئاڵی پڕبوو بوو لە خوێن

لەتوێی ئاوێنەی روخساری وەك گوڵ
وشك ئەبووەوە ئارەقەکەی دڵ

●

## تێ چین

وەمزانی ئارەق خوێناوی دڵمە
زەدەی پەیکانی مژگانی گوڵمە

وتم دڵ‌تامی ، زامی بردەوە
ئاخ بای باوەشێن ساردی کردەوە

●

دڵـــەی نَفس بـــردووی گونـــاه ئـــاوردە
صِفتت لەڕووی ( ذات ) کـــرد بـــە پەردە(١)

لـــە رووی بێشـــەرمی پـــەردەت کـــردەوە
هیچ نەبووی بەتەنگ ( ئەودیو ) پەردەوە(٢)

لافـــاوی ســـتار مـــاڵی رووخـــانـــدی
کەریمی شـــوومی شـــانی شـــکاندی

وا ، کـــردم بـــەهۆی رەحمـــەتی خـــودا
لـــە قیـــامـــەت دا،خـــۆت دایـــە پـــەنا

کـــەس پێ نـــەزانی وا گنـــابـــاری
ئـــەی تـــۆچی دەکـــەی لـــەعِلمی بـــاری ؟

ئـــەوســـایە لـــەتاو کردووی رابوردووم
لـــە خـــەجـــاڵـــەتی جەهـــەنـــەم بـــردووم

هـــەر دەلالـــەتێ مـــەلالـــەتێـــکە ...
هـــەر دڵخۆشییـــەك خـــەجـــاڵـــەتێـــکە

شـــنۆی نەســـیمی وەصڵو حضـــووری
ســـەبوونە بۆمن وەك فَصـــڵ، دووری

---

(١) ذات الله .

(٢) خـــوا .

ئەی نەی ناڵەیێ ! مطرب مەقامێ
مُغَنی طەرزێ ، ساقیا جامێ

دەماخ لەم بەزمە نەشئە بسێنێ
بەجێ بمێنێو بەجوێ بمێنێ

شنۆی لەم دەمداو لەدڵەی تەنگدا
ریشەی بیر، غەیر بدا بەهەمدا

با ، دڵەی چەند ساڵ إنتظارەکەی
لەزەت وەرگرێ لە دیدارەکەی

●

نَتیجەی پاکدین شێخی سازانی
چۆن لەناو دڵەی مَعدووم میوانی

فەرمووبووت پرسیم گوزەشتەی ئەحواڵ
پێی وتم رێزەی شووشەی کۆنە ساڵ

ظَرفێ بووم لەتوێی وەختی شامەوە
وەك ئەستێرەی صُبح ئەدرەوشامەوە

بۆ گوڵاو پڕژێن کۆڕی بەزمی کەی (١)
گا ، پڕگوڵاو بووم ، گاسەر شاری مەی (٢)

گا ، لەسەر رەفەی زَرین طاقەوە
گا بەدەست ساقی سیمین ساقەوە

گا لەسەر پەنجەی بانوی بێ نقاب
وەك سیوەیل شەوقی پەنجەی ئافتاب

لەبەزمی شیرین خسروانی دەور
ئەهاتمە گەردش، هەرساتێ سەدطەور

گولاو پرژێنم ئەكرد بنۆیاران
بادەم ئەدایە دەستی مەی خواران

گا ، گەردن بەدەست نازك ئەندامان
گا ، دەست لەگەردن كەبكی خەرامان

گاهێ روو بەرووی لەیلی ئەندازان
گا ، لێو لەسەر لێوشای شیرین رازان

هەستیم بێ شومار ، مەستیم كۆ ، كۆ بوو
طُغیانم وەك طاف ، جوانی تۆ بوو

هێندە نادان بووم، ئەو أحواڵەی خۆم
ئەم گوت بەوڕەنگە پایە دارە بووم

فەلەك وەرگەڕا لێم چوو بەقینا
ئەو بەزمو زەوقەی دوایی پێ هێنا

منیشی شـــکاند وەکـــوو دەم بینی
بـۆکـــەس نامێنێ زەمـــانـــەو ژینی

معـــدومی،عـــامـــە بـــەڵاو دەردو بیم ..
بەتەنهـــا شـــووشـــەی شـــکاوی، من نیم

وشـــیار بەمیـوەی مەســتی غەفڵەتــە
غــەفڵەت ســـەرمایەی نەنگیو خەجڵەتە

هاکا دەســتی چەرخ دیســـان کەوتەکار
وەك شوشـــە تویشی وردکـــرد بەیەكجار

●

گلەیی بەختی رەشی خـۆم ئـــەکـــــرد
ئـــەم وت بۆچ منی وابـــەم دەردەبـــرد

هـــەرچی دەی بینم وا لـــە پێشـــــەوە
من بەدەست چەرخی جـــەفـــا پێشـــەوە

ناڵـــەم ســـازمە خـــەم بـــادەی بەزمە
هـــەروا مامـــەوە لـــەم پایـــە نزمـــە

گێنگەڵەم ئـــەخوارد بەدەردی پەنهان
پـارچـە بلورێ لێم هـــاتـــە زبـــان

بەزبـانی حـاڵ ڕەوانـتر لـــە قـاڵ
بۆی گێڕامـەوە ڕیـزەی کۆنەسـاڵ

وتی لەوسـاوە بەبەرد خەڵق کـرام
هــەرکەسێ هەستا پێیەکی پیـا نام

ڕۆژێ هێنـامیـان دوو بـۆرە زەلام
گرتمیانــە نـاوو بەرچەکـوشـیان‌دام

هێندەیان لێ‌دام هەتا بووم بەئـارد
نامیانــە کوورەی ئاگر جۆشم خوارد

کە قاڵـیـان کردم ، بووم بـە بلوورێ
ئەدرەو شــامەوە وەك پارچـــە نورێ

لێـــوم نابـەلێـــو نـازدارانــــەوە
کــەوتمــە نـاوبــەزمی خونگارانـەوە

گا ، گوڵاودانی عــەترو عەبیر بـووم
نەشـئەی دەماخی شاەو وەزیر بووم

گا ، مـأوای شَراب کۆنەی پڕتەئسیر
دەمیـان تێ ژەندم نـەوجوانو پـیر

گا جنْسی لَطیف شـۆخی دیدە مەسـت
ئەیان فڕاندم ئەم دەست بۆ ئەودەست

لەو بەردە شینە ، بووم بە وبلوورە
أجری قاڵ بوون و شەرارەی کوورە

دەورەی دووبارەی ڕێی حەق ببینێ
ئەوسا دێت بۆنی هیوات لەبینێ

ئەو بۆنە نووری بادەی ساقی یە
لەپارچەی مندا بەرقی باقی یە

مەعدومی سەرمەست بەزم دڵڕێشی
تاتۆیش شەرارەی کوورە نەکێشی

تەسلیمی نەیێ بەسەر ئەستۆتا
پێ نەنێی بەسەر وجوودی خۆتا

کەی دەچیتە ڕیز، مەردانی بەناو؟
کەی ڕوتبەی بڵند ئەبینی بەچاو

دەورەی دووبارەی دەوران نەبینی
لەگۆڕی پەستی سەر دەرنەهێنی

بەختت ناپوختە، بەرقی بی نووری
لەرێی زانستیو مەعرفەت دووری

●

تا لەداخی طاق جووت لەگەڵ خەما
وەك قەفی گۆچان ، راست باڵا : چەما ،

شەماڵ بۆ لای ئەو بکەوەرە ڕێ
بچۆو کە پرسی خەبەری بەرێ

بڵێ : گیرۆدەی دەردی فیراقە
تۆ چەند مُشتاقی ، هێندە مشتاقە

تاوی لافاوی دەردەکەی دووریت
لێزمەی خوێناوی کزەی مەهجووریت

تا نجەرۆی ئەم چەم ، سیروانی ئەو چەم
پێکدا جۆشیان دائەم چەم تائەوچەم

کەڵەکم هەڵ بەست بکەوێتە ڕێ
نەی هێشت ، نەی توانی پێ بنێتە بەرپێ

●

بێ شەرت و شوێیت لەحەد بەدەرە
رەحمەت لەیادت بەوەفاترە

دیدەم مەقەسی بێشەرتیت تیژ کرد
شریتی وەصڵت بڕی و لەناوبرد

شەرت بێ تاجەستەی خەستەی مَهجوو ریت
لەناوی نەبا مردن لەدووریت

لە ألحد سَرای شوومی دۆزەخ تاو
لەقەڵبەزی خوێن سەرچاوەکەی چاو

بەبۆنەی بالاو خَطو کولمو دەم
سَروو سەوزەو گوڵ خونچە، گوڵ بەدەم

دڵەی بەمەیلت سووتاوی قەقنەس
نەبێ بەنیشان تیری مژەی کەس

●

مامۆستای سەر ئێل شیرین کەلامان
تەشریفی خێرت بێنەرە لامان

نەشنۆی بەدکار نەڕێی بەدخواهان
وَحشیان هەمراز، طَیران هَمراهان

شەتاو وەك لافاو دیدەی من جاری
پێچ ئەدا لەگەڵ برینی کاری

تۆ لەسەر گُذَشت سزای دەردی لەیل
من لەگلەیی ئازیزی بێمەیل

ساتێ بۆ خۆمان دانیشین بەشاد
بەو ، وردە رازە خەم بدەین بەباد

تا فەلەك دیسان لەرێ گوزەردا
ئاخۆ چی تری وا لەژێر سەردا

●

شەماڵ دارانە .......
رەنگی زەرد لەسەر پەلکی دارانە

تەمەو گەردەلوول ، بایەو بارانە
تۆفی هەوارگەی سەرکۆسارانە

هەوای سیاماڵ وێنەی جارانە
بۆشاری زەهاوپەلەی یارانە

هۆ ، هۆو بەو بەوی بارگە سوارانە
گەرمی بەزمی نەزم سەرهەوارانە

تامی شەکر راز، شەکر بارانە
فەصڵی سەیری صەید میر شکارانە

چەخێرتە نامەرد، مەگەر تۆ نووستووی
بۆچ کۆچی رێگای زهاو نەبیستووی

بچۆره خدمت شـۆخی جـەمین گوڵ
دەوای دەردانـەو،دەرمـانـە بـۆ دڵ

ئـەڵێ بەفرقـەی دەلیـلی خێـڵان
دیارنی‌یە مەعدووم لۆنگی خەم بەشان

کەئەو ، واپـرسی،تـۆ وەرە جـواب
بڵێ ئـەو لێوەی ، دڵ بـەخەم کەباب

گەردو خولیـەتی بـەشـاخو کۆوە
بەسـزای دووری دیـداری تـۆوە

پەیمانیـان لـەگەڵ یەکتر بەستووە
لەنـاو خۆیـاندا بەشـیان کردووە

ئـەو تاژێر ألحَد ، ئـەوتا بێ‌بـەگـەرد
ئەو تەم‌و ئەو خەم،ئەوسەر ماو،ئەو دەرد

خُلاصـەی کـەلام،نووری دیـدەو دڵ
شفای ئێش‌و نیش زامـان پێ‌حاصـڵ

سـەبزەی حەیـاتـم بـە وفات روا
کـە وەفـات نـەبێ زنـدەگیم کـوا ؟

●

ئـازیز دڵـەکـەم کـوڵو کۆیـەتی
ئـارەزووی تیری پـەنجـەی تۆیـەتی

دەمێـکە تـیری تـۆی لێبـڕاوە
برینی کۆن بوو ! ئێشـی نـەماوە

لووتی زۆر بەرزە ، سـاقوربان تیرێ
پەل ئـەبزێوێ ئامـان زنجـیرێ

بەتایـەکی زوڵف زوو مهـاری کـە
بـەتـیرێکی تر کـۆڵـەواری کـە

تـای طـُـڕەی زوڵفـت بکە بە دامی
باسـاڕێژ نـەبێ، ناسـۆر بێ زامی

●

نامەی بەسۆزی دڵسـۆزیت بـۆم هات
بڵێسـەم سـەری سوو لەسـەماوات

سووتاندی جەستەی بەزەحمەتخستە
لای برد توێژاڵی دڵـەی دەردگەسـتە

خۆشیو شادیو زەوق بۆئێمـە نی‌یـە
هێشـتا نـازانین رەحـەتی چی‌یـە

فەلەك لەگـەڵمان عەدووی قـەدیمـە
مِحْنـەت لەگەڵمان قـەدیـم نەدیمـە

مەسـتی بادەی کـەیف رۆزگـارانین
بێ هۆشی دووری کـۆنـــە یـارانین

نەدڵ ئەو دڵە ، نەهۆش ئـەو هۆشـــە
نەفام ئـەو فامـە،نەگۆش ئـەو گۆشە

کـاتێکت زانی قـافـڵە جمـــا
جا ، جـوێ بووینەوەو جێمان بـەجێما

●

نەغمەی سۆزی ساز لەڕیشـەی أعضام
وەکوو کەمانچـە کەوتۆتـە مـەقـام

بانگی ڕسـواییم لـەعالـەم بـەرزە
بۆ ژیـان ناشـێم ، مـردنـم فـــەرزە

لـەت لـــەتی جـەرگ‌و عمـانی عینین
پڕ لـە بریـانی‌و بُخـــاری بـەحریـن

لە ئاوی چاوما لـەش نوقـم‌و زەبـوون
مێروولـەیـەکە ، کەوتۆتـە جەیحوون

ئەمشەو بەهەرحاڵ شەو بەرینە سەر
سـاخودا مەرگێ ! چی دەکەین سەحەر

●

دەك فـەلـەك وەك من دەردت كاری بێ
بـریـنت پڕئێش نـادیـاری بێ

جەفای نەو نەمام صَفات هەڵ كێشێ
دڵت بـەئێشی حەسرەتیـان بێشێ

ساتێ بەبێغـەم جەستەی پڕجەفـای
لێی گەڕێ لەگەڵ یـاری بـاوەفـای

وەختـە بوچـاوت كوێـرایی دایێ
تـا ئـاخری ئێمەت گەیـانـدە لایێ

●

ئـەو جێ بەزمـەكـەی كەس لێ دەرنە چوو
جێ راوگـەی صَـیّاد سەد نێچیر خستوو

مـن نێچیرەكـەی سـەد تیر لێدراو
هـەر برینێكم پڕخـوێـنو زووخـاو

ترسـاو و نـاڵـەی تفـەنگ هۆش بردە
سـڵ لەبۆی بـاروت، هـەردە بە هەردە

كـەی تـوانـایی د یـارانمـە
تـاقـەتی تـاقی لـەیارانمـە

رووم کردە سەحرای بەردی ساردەوە
بەسەد ترس و لەرز خۆم لێشاردەوە

نازانم داوای چی لەمن داوە
نیوەی رقەکەی هێشتا لێم ماوە

مایەی ئازاری برینی سەختم
سەبەب کارەکەی پەشێوی بەختم

خۆ ، راستە فەلەك رقی بەستەوە
بالای تۆی لەمن وا دوور خستەوە

بەلام گیانەکەم زۆر عەیبە بۆ تۆ
خەلك ناوت بەرن بەبێ شەرت و شۆ

من بووم مشتەری خاڵ بێخەو شەکەت
من بووم بەسەر گەرد ، گەردی کەوشەکەت

باعثی گەرمی بازاڕت من بووم
جەلای ئاوێنەی روخسارت من بووم

من سکەم بەناو مەحبووبیت لێدا
رەواجم پێدا لەشارو دێدا

بۆ بێگانەیەك منت لەبیر برد
ئای بێ بەلابی، ئەمەت بۆچی کرد ؟

بەبای هەناسەی ساردت ئەسپێرم
ئاگری دڵمت لەدەور ئەگێڕم

تەپەدووکەڵی هەناسەت بەرزبێ
ناڵەت وەك ناڵەم بەتاوو لەرزبێ

شەو جۆگەی فرمێسك بەسەر رووتابێ
گڕی خەم لەگەڵ تانو پۆتابێ

پەیکانی چڵچەنگ ناوجەرگت بڕێ
چەپۆکی مەینەت بەسەرتا درێ

بەڵکو ئەو دەمە منت بێتە یاد
خزمەتم نەبێ بەڕەنجی فەرهاد

●

ئازیزم ئاگری دووری باڵای تۆ
کردمی بەخۆڵ، شەماڵ شەندیەکۆ

ورشەی پرشەی گڕ،کوورەی هەناوم
شەرارەی لوولەی ئێسکی شکاوم

گرمەی تریشقەی جەرگی چڵ مەنزل
ئاگری زَردەشتی آتَشْکَدەی دڵ

بەچەمی چەمان ناکوژێتەوە
هەتادێ زیاتر ئەتەنێتەوە

شەپولی سەیلی خوێنی دِجلەی دڵ
بەفوارەی چاوما هەڵ دەقوڵێ بەکوڵ

کای دڵم لەگێژ مەوجی فەنادا
مۆلەقە لەبەین خەوفو رجادا

تۆیش إنصافت بێ ئیتر بەسەبەس
بەخوا لەدووریت وابووم بەقەقنەس

تاکەی ؟ وەك مَجنون وێڵی هەردان بم
تاکەی ؟ شان ریشی باری هِجران بم

ساتێکی دووریت لەلام ساڵێکە
دەردم کاری یە ، زووکە چارێکە

بەزەییت نایە بەجەستەی مندا
بەجارێ ریشەم دەرهات لەبندا

●

خۆش هاتی پەیکی لای قەبیلەی لەیل
چاکی دڵ بە عَطر مەیلی لەیلی کەیل

ئەوسا دوو کەڵی دەرد ئەچووە هەردان
لە کوورەی ئاگری دەردی بێ دەردان

نامەی وێرانەی دڵان پێ ئاوا
هات لە ناکاوا بەڵام چۆن؟ ئاوا

تاجی نایە سەر، سەری بریندار
شەرعی ڕێ مەیلی لەیلی خستە کار

قات بوو لەگەرووی یارانی تەواو
تۆزی ڕێی دولبەر ! بگەرە لای چاو

دەروون سەرخۆش کە، لە بارەی باقی
یەعنی لەجوابی مُنْتَهای ساقی

بەڵێ تامی تیر لەیلەکەی گیانی
دڵ پێی نەزانی ، بەگاڵتەی زانی

بنازم بەو تیر بەو دەستو بردی
( ماشا الله )ی بە حاڵ یاران پێ بردی

هەوای کۆتایی ناڵەی خۆت بووە
لە تیرێکی تر ئاگات نەبووە

دڵ ئەناڵێنێو ناڵەی بۆ تیرە
تیر ، مایەی گیانی عالەمی پیرە

کەمێ نایێنێ دۆست لە ناڵەی دڵ
وەك لە رۆح بووردوو لە دڵەی سەرچڵ

نیشانمان وابێ ، جێی تیر،خوێنی دڵ
بۆ دەست نوێژ حەوض هەڵ قوڵا بەکوڵ

حەوضی حەنەفی کەقولەتێن بێ
نەك لەم شەرعەدا بۆ دەست نوێژ نەشێ

گەرمە برینی هۆشتی بردووە
وەك خۆت خەیاڵی دۆستت کردووە

ئەو لە کوێو دووریو، نزیك لە کوێیە
دووریو نزیکی بۆ منو تۆیە

مەنزڵێ نییە ئەو تیر، ئەو کەوان
سەد هەزار فرسەخ نایەتە پێوان

یەکێکە دایم ئامادەی نیشان
دەست دانە تیرو کێشانو لێدان

ساقی زۆری مەی،زۆری بۆ هێنام
سەری لە پەردەی سەری دەرهێنام

من تـــەنگە تیلـــکەم بـــەزۆر مـــەم نێژە
وِسْـــعَتْ !! یا نیـــوەی پێـــکم بڕێـــژە

●

ئازیـــزم هاتی!چـــەند بێ قـــەرار بووم
هـــای سُـــبحان الله چەنـــد إنتظار بووم

نیشـــــتمانەکـــەی چاو ، چـــاوە ڕێتـــە
غـــەریبی بەســـــــــە، وەرەوە جێتـــە

های ســـاقی وادەی جـــلوەی دڵدارە
ســـەودای کڕینی دانـــەی دیـــــدارە

یـــەکێ بـــە مایـــەی گـــەنجی کـــەیـــەوە
منیش بـــە لوولـــەی کـــۆنی نـــەیـــەوە

هەرچەند هەرکەسێ خۆی دەکوتێتە ناو
بـــە قیمەت نی‌یـــە إخـــلاص بێنـــە نـــاو

بـــەم لاو بـــەولادا بچـــەرخە،وەك نـــەی
دەستێکت دەف بێ‌و،ئەویان پیاڵەی مەی

با ، بێنـــە وەهۆش،تاکەی ؟ وا غـــافـــڵ
دەف بە دەنگی رۆح،مەی بەنەشئەی دڵ

بووم بە کلاًفە، وادەی نەمانم
ئێستا خاکپای پیری مُغانم

وەك دەف بَرگ و پۆست إرادَت پۆشم
غَلامی ژێر دەست، حەڵقە لە گۆشم

کووپەی شەرابم، وەطَن مەیخانەم
وەك بادە، واقی شووشەی پەیمانەم

●

ئەمشەو هەر خەمە وا لەکەمین‌دا
هەر دەردە، ئەی دەم بەڕووی زەمین‌دا

دڵ لە گەردەلوول بێ پەرداخی‌یە
دەماخ لە بورجی بێ دەماخی‌یە

دەروێش بە عەشقی مەولای دەروێشان
بە یاهووی بەسۆز ریاضەت کێشان

هەر هێندە دەبێ زەلیلی، دەخیل
مەیەڵە لەمە زیاتر بم زەلیل

بۆ دیزەی دەروون جۆشی کوڵ و کەف
تەسکینی شۆری کزەی کەف و دەف

با خۆش ، خۆش ببیەم سۆزەی صەداکەت
لە رەی نەوای طەرز، شیرین ئەداکەت

بەو سۆزو سازەو جۆشی سەر مەستیم
ئاگر بەردەرە بنیادی هەستیم

ئەم شەو کەڵەکمان با نەشێوێنێ
فەلەك سبەینێ چی دێنێ، بێنێ

●

قەدم چەماوە، کەیفم خەم بارە
زَردی لە رووی دڵ، زەوقم دیارە

بڵێ شەوق بە تەوق، خەفەت نەویوە
پێی شادیم چقڵی تێ هەڵ چەقیوە

ساقی سا ، دەخیل پیاڵەی مەی بەکەف
دەروێش ئامانە، کەفێ لەڕووی دەف

خۆ فرسەت نەبوو، جارێ لە جاران
هەر پۆست بەمەست بم بۆ دینی یاران

چەپ گەرد لە دڵی خۆیا لانە برد
کەی بوو پیاڵەمان پڕ لەگەرد نەکرد

.ئێمەیش با ســـاتێ بــەزمنان جـــەم بێ
هەرچی بێ چاکــە،هەرچــەند کــە کــەم بێ

من ناڵــە،تۆ دەف ، ئــەو خڵتەو،ئەو ، صاف
ملی فــەردی دەرد بـدەین لـــە تــەنــاف

●

شــەفای ژانو ژار برینـــانی ســەخت
روو ناکی دیدەی مەعدوومی بەدبەخت

دەسکی وەنەوشـــەی کەبۆت ناردبووم
بۆی وەفای لــەیلێ لــەدەماخ هەڵسووم

گــەردی دەردەکـــەی دڵی بــردەوە
عەشــقەکەی کۆنی تــازە کـــردەوە

سەودای وەنەوشــەی پەل دیزی باخـــان
هــەوای گوڵاڵــەی زاخـیری شــاخان

بۆ کــەسێ چــاکــە ئــەوەڵ دەردی بێ
تــازە ســەرەتای ئــاهی سەردی بێ

دەوری مەشقي عەشــق وەك بێ مەلالان
گــا ســەیری کاوان ، گا بۆی گــەڵاڵان

نەك وەك من قیـــدار، ئاوارەی هــەردە
لافــاوی دەردان خــانــەی دڵ بــردە

کوورەی عەشقی دڵ، سوور بوەتەوە
وا تەیشم وەك خــۆم لەبـیر چوەتــەوە

●

وا ، ژیــامــەوە مــەرگی لــەدوایـــە
کاغــەزێ هاتوەو گــلەیی تیـــایــە

قاصید ! بچۆرە لای ئــەو نەمامـــە
وەك هاتی بیش بە،ئــەم جــەواب نامــە

ئەســکەنجە بینی دەســتی رەنگینت
یەعنی : نامــەکەی ترش‌و شــیرینت

نەخۆشەکەی دڵ، لای تۆ جێ‌هێشتوو
تاڵی‌ی سەفرای‌دەردە،دووری‌ی تۆچێشتوو

فەرموو بووت بەو لەفظ شەکەر رازەوە
گــا بــە تــوورەیی ، گــا بــە نــازەوە

نــەت فامی ویــداع،بــۆ وەختی دووری
یــا بــە شــەمالــدا کاغــەز بنێری

سا هەڵسەوەرە خەمبارەکەی خۆم
شاد بە،بەدینی دیدارەکەی خۆم

تۆو تیرەکەی تۆو،برینداری خۆم
تۆو بێباکی تۆو،بوردەباری خۆم

ئەو کاتەی کاوی هەردەی دڵ تەم بوو
بە رۆیشتنتان دەروون پڕ خەم بوو

چۆن نابڕێ هەودای رشتەی سەبووری
گوێ لە گوێ ئەبیە گفتوگۆی دووری

زوبان چۆن یارای هیمەت خوازی بێ
چۆن چاو توانای چەشم ئەندازی بێ

لەگەڵ ئەو پێچەو،ئەو ئێشەی زامان
تو خوا هەی سەرخێل،تولە نەمامان

چۆنم ئەتوانی ؟ بێم گروگاڵ کەم
یا سۆزی دڵم تەسلیم شەماڵ کەم

ئەترسام ئەگەر تەقریر کەم ئەحواڵ
بسووتێ خەزنەی خەیاڵی شەماڵ

خۆمن شەوو رۆژ ئارەزووی تۆمە
بۆ دیدەنی تۆ،نەزرو فتۆمە

بــەڵام هێند بەیــاد بــاڵاکــەی تۆوە
دەور ئەدەم لــەدەور ڕێی کــەژو کۆوە

دەشــتو دەر هەمووی بۆی تۆی پێوەیە
نــازانم ڕێی لای تۆ،لـــە کوێوەیـــە

گلەییت وەهــا ، هەڵکردیش ئــەمــە
دووریش بــەم ڕەنگە،هێشتا هەر کەمە

●

دڵ ، کردی بەتەم،کــەم کەم دایە شــاخ
بۆنی نامــەی تۆی گــەیوەتـــە دەماخ

مەئــاڵ هەوای مەرگ بریــن جێ تیرت
پــەنهــانی قــاتــل دەواو تــەدبیرت

لاڵ بم بۆ جەخار،جەستەکەی خەســتەت
بمرم بۆ زامی جێی مــاران گەســتەت

منو تــۆ،بــەڵاو زاممــان بـــردەوە
لــە چاوگەی ژیــان ئاومــان خواردەوە

خــەیاڵی خــاوە،ئێمەو لیــك بوردن
جــوێ نابینــە وە،تــا ڕۆژی مــردن

کەوتویتـە گێژی دەریاکـەی بێپەی
بمرێو بسووتێ گیان تەسلیم ناکەی

تازە لەدەرگای عەشق هەڵوەسـاوی
لـە هاژەی بـاڵی دەرد حـەپەسـاوی

نەخوازە لابـەو جەسـتەی رەنجووری
کـەوتویتـە پێچی رێگاکـەی دووری

هۆشـت لـە مێشکی کەللەت فـیرارە
ئـەگینـە قاتـل لـەناوا دیـارە

کێ بێ ؟ کە تیری نـازی کـەوتـەڕێ
ئەمەندەت زانی لـەوپـەڕ تێپـەڕێ

کێ بـەو روومەتەی نازکەی وەك گوڵ ،
خێوەت هەڵ ئـەدا لەپێـدەشـتی دڵ ؟

کێ بێ ؟ وا بـەزام دڵ بئـە نگێـوێ
ئـەم بکوژێو،ئـەو،لـەو لا بـکەوێ

ئـەگـەر پـەرۆشی،تـو ئـەو دەردتـە
چارەی رسـگاری و تەدبیر ئەمەتە

وەختی پەشـۆکیو شعور لێ شێوان
کەوتیو پەلە پەل،روت کردە کێوان

بۆچی تا ئێستا نەت زانی چی‌یە ؟
راوکەر لەکوشتار درێغی نی‌یە

بەلاّم ئەم حاڵە سەرەتای مەشقە
خیلافی شێوەی قاڵ بوونی عەشقە

دەخیل بێ عاری‌و سەر سەختی ئەوێ
نەهێڵی لەتیر پەکی بکەوێ

لە دڵەی پڕ زەوق کۆنە نێچیردا
چەند بە لەزەتە،تیر بە شوێن تیردا

●

بنچینەی شادیت لە بێخ دەرهێنام
لەرێی مۆڵەت دوور،چیت بەسەر هێنام

ئێستا ئەم توندی‌و رق گرتنەت لەچی ؟
کولاندنەوەی برینەت لەچی ؟

ئەم ئازار دانەت هێشتا بەس نەبوو ؟
بێ ئینساف ئەمەت شێوەی کەس نەبوو

بە جەفاو زەحمەت من ئەترسێنی
جەوری دولبەریم پێ دەنوێنی

وا دیـاره تـۆ هیچ گیرت نـەخواردوە
بۆی شـەمامەی ئێش عەشقت نەکردوە

گـازی نـاز لـەلام : خـەڵاتی ژیـرە
دەوای بـریـنم ! بـرینی تـیرە

بێ شەرتی : دۆستی ، قەهری : وەفامە
قین : مەزەی لەزەت ، جەفـای : صەفامە

هەرساتێ دەردبێ‌و، دەردی لێ زیاد کـا
ئاخ بۆ دەردێکی تـر بەشـم نـاکـا

ئەمانـەت کەدی، بـاڵا عـەرعـەر تەرز
عەرزکە نەك جارێ بەسەد سۆزی بەرز

بەڵکـو دڵخۆش کا ، مەینەت گازەکەی
زۆر بدا بـە قۆڵ غـەمزەو نـازەکـەی

پەی دەرپەی،جێ جێ،لە دڵەی تـەنـگدا
با هەر خەدەنگ بێ بەشوێن خەدەنگدا

●

هەوای زستانە خەفەت بە تاڵە
بەفری هەردی دەرد دەروون خاڵ خاڵە

هاژەی طافی ساف جۆ گاکەی شادی
بەیان دێتە گوێی هۆشی ئازادی

بۆی شنوی لەنجەی تای چنووری شەوق
ئەدا لە دەماخ پڕ پەرداخ و زەوق

کەیفم خۆش خۆش دای دەستەی خۆشی گوڵ
لەگۆشەی کەلاو،لە پێ دەشتی دڵ

نیشانەی نەورۆز، وادەی بەهارە
یا نەشئەی هاتنی نامەی نیگارە

یەعنی ئازیزم نامەکەی تۆ بوو
رەشحەی حەیاتی خامەکەی تۆ بوو

فرمێسکی گەرمی تاو تاوە راستە
ئەو دڵە بۆ من خوێناوە راستە

بوە، ئەم وەفاو بێ کەمتەر خەمیت
ئەم ئاشنایی و موصیبەت گەرمیت

هەی یاران راستە،یا خەو ئەبینم؟
لەبەد بەختی خۆم وا نا ئەمینم

ئەو كولمە ناسكەی لە توێی سەر پۆشا
بەبای پارێزی خەیاڵ ئەڕووشا

فرمێسكی دڵ رەق بەردی لێ بارێ
چۆن دڵی هێنای ؟ پیا بێتە خوارێ

دڵێك وەك پەڕەی گوڵی ئەنواند
ئەی خەم ! هەی نامەرد، تۆ چۆنت رەنجاند ؟

ئەوسا لە كەسێ رووی وەرگێڕایە
ئەبوو ئەو كەسە ئیتر نەژیایە

سا ، وەرە ئێستا فرمێسك وەك لافاو
لە رووی وەفاو مەیل، هەڵڕژێ بەتاو

ئەو دڵە ناسكە بۆ تۆ هەڵقرچێ
تۆ ئەمە ببیەو گیانت دەرنەچێ

ئازیز سەراپای لەش داهێزاوە
مەینەت پێی هاتنی لەزنجیر ناوە

قاسید ! بۆ ئەمە نەبێ بۆ كەیە ؟
خۆمن فرمێسكو هەناسەم هەیە

بەلام هەردوكیان هێزیان نەماوە
ئەو چاوەیو شك، ئەم رێی گیراوە

لــه رقی بــەختی نــابــەکــارەکــەم
ســــــاتۆ وەرە نــاو دیــدەی تــارەکەم

بــا ســــــاتێ رەقیب دووریت بکێشــێ
شــەویکیش وەك من جــەرگی بئێشــێ

ئــەگینــــە چــونــکو رێی قــاپیت دوورە
بــۆ نەشــــــــارەزا، بــەڵــــەد زەروورە

دڵ لــە خزمــەتتــا کــــەوا لــــەوێ یــە
ئامــەشــۆی زۆرە، شــــارەزای رێــیــە

لـــــــــە تـــامی زامی دووریدا تــێرە
خــانــە بێــــزارە نــایــەتــە ئــێرە

بــا بــەزۆریش بێو بـــە نـــارەزایی
بــۆم بنــێرەوە بــۆ شـــــــارەزایی،

●

شـــــەماڵی داخـــان ........

شـــەماڵ خانـــە گەرد،خانـــە پڕداخـــان.

شـــانەگەری تـــای تـــوڕەی بەرزاخان
ڕەونـــەقی بـــاڵای نـــەو تووڵێ باخـــان

هانـــا ، تـــووخـــووا هـــانـــام هێنـــاوە
هـــا ناوی خـــووام بـــــە دەم هێنـــــاوە

ئەبێ بەرگی گشت فـــەرمـــان فڕێ دەی
لای زامـــار،زامت دەرمـــــــــــانی لێ دەی

بڕوانـــە گوڵی فرمێســـــــــکی چاوان
فێـــدای باڵت بـــم بفڕە بـــە چـــاوان

بەر لەنیوە شـــەو،وەگەر نیـــوە شـــەو
نیوە خەو، پرخەو،نەوەك نیـــوە خـــەو

شل شل خۆت بدە لەتوێی سرکـــــەیی
ئەو تـــوڕەی وێنەی ئـــاوی زینـــــدەگی

ئەوسا ئەوساتەی لـــەخەو هەڵئەسێ
ســـاتێ قیامـــەت ئەوســـا هەڵدەسێ

ئەڵێ چی،بڵێ هـــەی شـــەماڵ بـــۆ تـــۆ
چی یە های شەماڵ،چی قەومـــا لـــە نۆ ؟

بلێ بە سزای ئەو زەحمەتەی ڕێت
چی بڵێم ئیتر ؟ شەماڵ چی ئەڵێت ؟

ئەگەر هەر وتی، ئەوچی وتووە ؟
بلێ : ئەڵێ خۆم فیدا کردووە

ڕێکەوت ڕێم کەوتە لای کەوتە کارێ
بە خاری جەخار دەروون خار خارێ

وەرە ، تێپەڕە ، حۆری لەو دەشتە
فەرقێکی نابێ چوونی بەهەشتە

هیوای دوایی، بە دەست پێی تۆیە
کە پێت ڕێ کەوێ، پێدرێ، هی تۆیە

●

لێی ڕاکشابووم وەك خۆم پەشۆکاو
دیم هات دڵخۆشی، لە دەردا بە تاو

وتم ئەم هاتنەت بە زۆری کێیە
کە ڕوانیم زانیم نامەی تۆی پێیە

لە تاریکیی خەت، مەعنای شوعلەی هات
تێرم خواردەوە، وەك ئاوی حەیات

برشتی زەوی دەروونم کەم بوو
خۆلی سووتاوم لە سەررێی خەم بوو

ئەگینا ئاسمان شەونمی ئەرشت
ئەشیا ببوایە بە باخچەی بەهەشت

جەمین جامی جەم،شای شیرین شێوە
فەرموو بووت چاوت هیچی نەدیوە

لەوساوە نرخی کالای بالایە
سەد گیان بە پوولێ هێند بێ بەهایە

بلێ تابێ ئەو،من رۆژم شەوە
سفیدەی سوبحی جەبینی ئەوە

تا بە مشاری غەم دڵ شانەیە
تورەی ئەو چاکتر،دانە دانەیە

تا سووتووی لەشی من وەك وەسمەیە
برۆو زولفی ئەو،پەرِیو سۆنەیە

تا بە تەم جەستەی من زەبوون ترە
دیارە ئاوێنەی رووی ئەو روون ترە

ئای کێ ؟ فەرمویە بەرەحمەت شادبێ
گوایە زوو کەم بوو،ئێستا زیاد بێ

لــه كــونی زامی دڵــم بڕووانــه
ئـەوســا ئەزانی وەسـفی چەن جوانه

ئەو راز ، ئەو ناز ، ئەو قەوس ، ئەوخەدەنگ
بووەو هـەیەو، قەت ناگۆڕێ لـەرەنـگ

حاڵی‌و ئیسـتیقبال یەکـەو یەکحاڵـه
إســتقبال لـەگـەڵ ماضی هاو حـاڵـه

خشـــتی ویـرانی دڵی ئـاوا کـــرد
حـەقت بـە دەسـتە تۆ وات بەسـەر بـرد

دڵ منـداڵیـکەو،یـار شـۆخ‌و شـەنگێ
هەرسـاتە تەرزێ ، هـەرکـاتـە دەنـگێ

گـا ، وەك ئـەسـتێرەی بـەری بـەیانی
گا ، مانـگەو ، گا ، رۆژ،کـەتێی دەڕوانی

گا ، بـەبێسـتوون هەسـتی بینـاوە
شـێوەی شـیرینی بـە إسـتغناوە

دەسـتی شـیرینی ئـەخاتـەوە یاد
تـاقی تـەوقـە سـەرء فەرهـادی فەرهـاد

گا ، چەرخی دیـدەی سـەد لەیلێ فرۆش
کـوورەی نـاری ناز،ئـەهێنێتـە جۆش

تـا گێژی دەریـای سـەودای بێ سـامان
مەجنوون بخـاتـە کـەژی هـەورامـان

ئەگـەر بۆ جـەلال کـار سـازی‌یەتی
هەوای پـەڕ بـازی تـیر ئـەندازی‌یـەتی

بسـم الله ئـەو تـیر، بنێتـە کـەوان
دڵ هـەر ئـەو دڵەو، نیشان ئـەو نیشـان

بـە خـوێنی زامی تـازەی رەنگیـنم
ئـاو ئـەنێرێتـە دەم کـۆنـە بـرینم

کون کون بێ لەشـم، بـەم برینـانـە
رێی ئامـە شـۆی دڵ بۆ لای ئاسـانە

●

دیدەم ! نەو نەمام ، نەوهیلال ئـەبروو
داوای مانـگانـەی تـازەت کـرد بـوو

دیـارە تۆ مانگیو، مـانگانـەت فـەرزە
فەرموودەت رەواو مـەقـامت بـەرزە

بـەڵام لـە دووریت هۆشـــم نەمـاوە
نـەم زانیـوە مانگ ماوە ؟ تـەواوە

بـاوەڕ بفـەرموو مانـگی نەوشـێوە
هێشـتا من مانـگی خـۆمم نـەدیـوە

بـەندەگیت فەرزە، وەك حەجی مەككە
بـەڵام بێ وادە جـەریمـەم مـەكـــە

مـانگی رووتم دی ئـەینێرم بێ دەنـگ
زیوی فرمێسكو، لـیرەی زەردی رەنگ

●

# شیوەنو تەئریخی شێخ ئەوڕەحمانی
# تاڵەبانی قدّس سرّهُ

دنیـــا نابینـــای تاریکە شـــەو بوو
ڕووناکیو جـــەلای، لەلا وەك خـــەوبوو

نـــاگـــا تیشـــکی ڕۆژ، بـــۆ تاڵـــەبانی
بوو بە نوورێکی لیقـــای ســـوبحانی

دنیـــا وەرگـــەڕا بوو بەدەورەی دین
ســـاحیب دین چاوی کەوتە ساحیب دین

ئـــەو نووره دیســـان مەیلی کردەوه
شـــەوقی بۆ ئەو دیـــو پـــەرده بـــردەوه

دڵ تـــەئـــریخی وت بـــەدەم دەردەوه
وای وای دنیـــاشی تـــاریـــك کردەوه

١١ ١٧ ١٦ ٣٦٥ ٦٣١ ٢٣٥ = ١٢٧٥

●

# لەسەر مەرقەدی باوە یادگار

سەر ڕێژی بادەی بەزمی موناجات
پەنای ئیلتجای ئەربابی حاجات

جێی پاڕانەوەی پادشاو دەروێش
بارەگات پەنا بۆ بێگانەو خوێش

ئاسکی خوتەنی فەیزی ئیلاهی
بۆنی میسک ئەدا لەمانگ تاماهی

تەلی بۆن خۆشی ڕێحانەی ڕەسوول
نۆ بەرەی نەمام پاکیزەی بەتوول

نووری مەرقەدتان بدرەوشێتەوە
چاوی یارانی پێ ڕوون بێتەوە

هەوای سایەتان هەر پایەداربێ
تا سەبون بردەی گوناە ڕسگار بێ

نا پوختەکاریو گوناهباریی من
شەرمەندەی غەفلەت گرانباریی من

سەریەك کەوتوە، بەدکاریم وەك کۆ
رووی هیوام کردە بارەگاکەی تۆ

چونکە تۆ نەوەی شیفاعە تکاری
بۆ رجای بەجا دەستەڵات داری

زارو زەبوونم، بەگریە وزاری
هاتمە دەربارت، بە هیوا داری

سەرم ناوەتە سەر خاکی بەرپێت
غەریب، مووسپی، رووسیا، سەرشێت

بەدەن گونا هبار، دەروون پڕ لە دەرد
چاو تەڕو لێو وشك، دڵ گەرمو ئا سەرد

ئای زۆر پلەی سەخت ریگای لێ بەستم
تۆ فریام کەوە، دەست بدە دەستم

بەڵکم بە هێزی دەستگیری ئێوە
باری گرانم بۆ بچێ بەڕێوە

دەستی شای مەردان مەدەد کارم بێ
لەم پلە پلە، ئەو دەست بارم بێ

وەك گوناه نی‌یە هیچ موسیبەتێ
پیرو داماوم ، یا پیر ! هیمەتێ

هیممەتت مایەی رستگاری بێ
یار بێ ، دیار بێ ، یادگاری بێ

●

نامەی نەوتینت بـا پێی گـەیانـدم
بڵێسـەی کوورەی لـە نوێ جۆشاندم

یـادی ئـەو شـەوەی وەك رۆژی شـایی
گرمـەی گـەرمی نـەزم، بـەزمی ئـازایی

دەنـگی لاو هـەی لاو، زڕەی زنجـیرە
سیلسیلەی پشتە سەر، گوارەو لاگـیرە

شـەوقی زەرقی بـەرق، فـەرقی زەڕکـڵاو
پرشـەی ئـارەقی کوڵمی بـۆن گـوڵاو

زیـلەو زایـەڵـەو زرنگەی پۆیلەی هەی
کەوانەی دانەی زەنگوڵـەو، لـەرەی بـەی

لارەی قـەتـارەی لاو شـەدە لاران
ئیشـارەی کـەم کەم پەنجـە وشاران

سـەمای دەسمالان لەنجـەی نـەو خالان
نەمـای مەلالان ، نمـای خۆشـحالان

شەققەو تەقەی گـەرم چەپڵەو چرپەی نەرم
چریکەی بـەناز ، نرکـەی روولـە شـەرم

تـۆری بێ وادەی نـــازەنـــین نـــازان
بیخـــورمو ئـاوەنـگ بـازان یـا نازان

خشەو خشپەی خاس،ترپەی پەنجەی کەوش
عیشـــوەو نەزاکـــەت،گریشمەی بێ خەوش

تێك ئالآی کالآی،ئـالآی بـالآی شـــــەنگ
قرچەی چرقەی جەرگ،دڵ بەخەمان تـەنگ

دەنـگی دیلانێی دڵ بـــەدڵ هـــاو دەنگ
هاو دەمی دەم دەم،پـەرِوای نـامو نـەنگ

خشەو خشپەی خۆش ترپەی نووکی کەوش
عیشـــوە نـــەزاکەت، گریشمەی بێخەوش

شـــاباشی شـــایی شەیدای شـــاباشـــان
خاشخاشی کزەی دەروون خاشـخاشـــان

یاران ! ساوەرن سەنگە سارم کەن
لە دەست خەفەتو خەم رسگارم کەن

سەیر کەن لەم بەختەو بەد أقبالیە
هەرجێیە خۆش بێ من جێم خالیە

هەموو بەدبەختیو بەد أقبالیە
وادەی حاصلات جێگام خالیە

●

MAWLAWI.KRD

به یاریدەی خوای بێ هـاوتـا جـلدی یەکـەمو دووەمی مەولەویمان چاپ کرد ٠ من دیوانی مەولەویم دانا بوو بە دوو جلد ، کەچی بەم دوو جلدە تـەواو نەبوو هێشتا بەشی جلدێکی تری ماوە،ئـەم تـوانی هەندێ فەردی ئەو،کە لێی دوو دڵم : ئایا هی ئـەو نەبێ وەکوو ( هاو دەردان ئێشێ ) یاخو شیوەنێکی دورو درێژی کوڕی مەحمودی یاروەیس کە ئـەوەی هەڵ نەدەگرت ، ویستم ئەمانەی لێ کورت بکەمەوە، بەڵام لێـکم دایەوە بوونی چاکتر بوو لـە نەبوونیو نۆریش فەردی تاکو چوارخشـــتەکیو وردەکـاری هەیە ٠ ئەمانە بابە جلدێکی جیاوازبێ ٠

وردەکاری مەولەوی تا لێی ورد نەبیتەوە نایەتە بەرچاو ٠ لە لاپەڕەی ١٩٨ دا فەردیکی هەیە ئەڵێ :

کون کون بێ لەشـــم بەم برینانە
ڕێی ئامەشـۆی دڵ بۆ لای ئاسانە

ئەمە هەر لەمەولەوی دێ ٠

پیرەمێرد

ـ هەردوو بەرگەکەی کۆتایی هات ـ

# Mowlavi's essence

Rendered by

Piramerd

and published again

under his supervision

The foreword written by

**MOHAMAD H.BAKY**

انتشارات محمدی سقز